# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٣٣ | شەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ _ ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا




## زەبوونیی مووشەک لە بەرانبەر شکۆ و خەباتی ڕەوای میللەتێکدا

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تیگرتنی دەیان مووشەکی بالستیک و درۆنی خۆتەقێن لە بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لای وابوو بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەچۆک دادێنی و تووشی نسکۆی دەکات. هاوکات بانگەشەیە ئەوە دەکات کە ئەوە چەند هەزار تێرۆریست لەودیوی سنوورەکانن کە سیلەیان لە ئەمنییەتی وڵات گرتووە!

ڕووداوەکانی تەنیا یەک مانگی ڕابردوو پێشانی دا کە چەقی ڕووداوەکان و پرسە سەرەکییەکان لە نێوخۆی وڵاتن، نەک ئەودیوی سنوورەکان. هەروەها ئەوانەش کە بە تێرۆریستیان دەناسێ، یەکەم؛ دڵ و هێزی جووڵانەوەیەکی سیاسیی نەتەوەیەکی خەباتکاری نەسرەوتوون. دووهەم؛ ژمارەیان چەند هەزار کەس نییە، بەڵکوو چەند میلیون کەسە ئەویش نەک لە چیاکان، بەڵکوو لە نێوشار و سەرشەقامەکان. ئەوەش کە ئێستا لە نێوخۆی وڵات ڕوو دەدا، ڕاپەڕینێکی سەرانسەرییە کە تەواوەتیی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیی بەئامانج گرتووە.

## باوەڕ بە سەرکەوتن

# چەکی گەرمی شۆڕشگێڕانی سەرشەقام




## کوژرانی لانیکەم ٣٥ کەس لە ڕاپەڕینەکەی کوردستاندا

لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکان کە لەلایەن ڕێژیمەوە بەتوندی سەرکوت کراون، دەیان کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم کوژراون کە تا ئێستا بە ناو و شوناسی ٣٥ کەس لەوان زاندراوە. لەو ٣٥ کەسە لانیکەم شەش کەسیان تەمەنیان خوار ١٨ ساڵە. هەر لە ئاکامی دەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیمدا سەدان کەس بریندار بوون کە تەنیا ناوی ٤٢ کەس لەوان ئاشکرا بووە کە بەهۆی سەختیی برینەکانیان ناچار بە سەردانکردنی نەخۆشخانەکان بوون.

بەپێی ئامارەکان لەو چەند هەزار کەسەش لە کوردستان کە بە هۆی ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون، ناوی ٤٥٨ کەس لەوان ئاشکرا کراوە کە نیزیک بە ٦٠ کەسیان ژنن.

ڕاپەڕینی سەرانسەریی کوردستان کە دوابەدوای کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، کچە کوردی خەڵکی سەقز لە تاران و پاش ناشتنی ژینا لە ڕۆژی شەممە، ٢٦ی خەرمانان لە شاری سەقزەوە دەستی پێ کرد؛ زۆر شار و ناوچەی کوردستان و ئێرانی گرتەوە و هەتا ئێستاش بەردەوامە.

نارەزایەتییە بەربڵاوەکان لە کوردستان کە لەسەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەستی پێ کرد، بوونە ڕاپەڕین و هەتا ئێستا شارەکانی سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، پیرانشار، مەهاباد، دێولان، بۆکان، بانە، کامیاران، بیجاڕ، ئیلام، کرماشان، قوروە، نەغەدە، ورمێ، پاوە، ڕەبەت، سەردەشت، جوانڕۆ، سەلاسی باوەجانی، شنۆ، شائاباد، ئابدانانی گرتۆتەوە.




### سۆران عەلیپوور



بێئەوەی پێشبینی درێژەدانی ئەو ڕاپەرینە بکەین، دەتوانین بڵێین ئەوەی کە تا ئێستا سەرکەوتوو بووە بەرەی خەڵکە، کۆماری ئیسلامی نە ستراتیژییەکی یەکدەست و کاریگەری هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپێشاندانەکان و نە لە ڕێگەی بەڵێن و وادەکانیشیەوە توانیویەتی ڕەوتی ڕووداوەکان بەلاڕێدا ببا

**خالید عەزیزی:**

## ڕۆژئاوا دەتوانێ بە دانانی ناوچەی دژەفڕین پێشی دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی ئێران بگرێت

خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی ئەنیستیتۆی گۆڵد بۆ کاروباری ستراتیژیی نێودەوڵەتی لەگەڵ بەشێک لە لێکۆڵەرانی واشنگتن و ئەندامانی پارڵمانی یەکیەتیی ئورووپا کۆبۆوە. لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە ڕێکارەکانی سەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەستێوەردان و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا.

خالید عەزیزی لە باسەکەیدا باسی لەو ڕێکارانە کرد کە دەکرێ پێش بە سنووربەزاندن و هێرشە مووشەکییەکانی ڕێژیم بگرێ و یەک لەوان ئەوە کە ئورووپا ناوچەی دژەفرین بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دابنێت.


چەواشەکارییەکانی ئێران بەڵگە بۆ ڕەوایی خەباتی میللەتێکن
عومەر باڵەکی ٧

بیاڤی گشتیی ئێران و هەڵسەنگاندنی دەوری ڕۆژاوا
کەیوان دروودی ٦

نەوەی Z و شۆڕش
ئەلبورز ڕوویین‌تەن ١٠


### مستەفا هیجری



ووڵاتانی دێموکراتیک با یارمەتیی حیزبە کوردییەکان بکەن ...ل٢

**مستەفا هیجری:**

# وڵاتانی دێموکراتیک با لەگەڵ کورد بکەونە دیالۆگ و یارمەتیی حیزبە کوردییەکان بکەن

**(وتووێژی ڕۆژنامەی "لا ریپۆبلیکا"ی ئیتالی لەگەڵ مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات)**

**مەهسا ئەمینی کچە کوردێک بوو کە بەدەستی پۆلیسی گەشتی ئێرشاد، لەبەر ئەو شتەی کە پێی دەڵێن حیجابی ناتەواو، کوژرا. بە نیشانەی ناڕەزایەتی بەو ڕووداوە خەڵک دەنگیان هەڵبڕی و ناڕەزایەتییەکان سەرتاسەری ئێرانیان گرتەوە. دەتوانن پێمان بڵێن کە چی ڕووی داوە؟**

لە تەواوی ئەو ساڵانەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دەسەڵات گەیشتووە، ڕۆژ بە ڕۆژ زەخت و زۆری لەسەر خەڵک زیاتر کردووە و ئازادییەکانی بەرتەسک کردووەتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئاستی بێکاری و بێداهاتی لە سەرانسەری ئێران بەتایبەت لە کوردستان و ئەو ناوچانەی کە دانیشتووانەکەی غەیری فارسن وەک ناوچە عەرەبنشینەکان، تورکمەننشینەکان، بەلووچنشینەکان و ... خزمەتگوزاریی وەک خوێندن و تەندرووستی بەتایبەت لەو ناوچانە زۆر سنووردارە. سیاسەتی هەڵەی ئەو حکوومەتە ژینگەی وێران کردووە، کەمئاوی بووەتە هۆی ئەوەی بەشێک لە خەڵکی گوندەکان کە جووتیار و ئاژەڵدارن بەرەو شارەکان بار دەکەن و بەم شێوە ڕۆژ بە ڕۆژ بە ژمارەی بێکاران زیاد دەبێ. لە بەرانبەردا ئەو تاقمەی کە لە ئاستی سەرووی حکوومەتن، هێزە سەرکوتکەرەکان وەک هێزەکانی ئیتلاعات، هێزە ئینتزامییەکان و سپای پاسداران ساڵ بە ساڵ بوودجە و مووچەیان زیاد دەکرێ. ناوەندە ئایینییەکان کە هەموویان بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەستنیشانکراوی حکوومەتن و کاریان پەسندوێژی ئەو ڕێژیمەیە، بەشی زۆری داهاتی ئێرانیان بۆ دابین کراوە. بێجگە لەوانە هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیم وەک حیزبوڵڵای لوبنان، حەشدی شەعبی لە عێراق و زۆر گرووپ و دەستەی تێرۆریستی، چەک، خواردن، پەروەردەکردنیان بەگشتی و هەموو شتێکیان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دابین دەبێت. گەندەڵیی بێسنوور لەنێو بەرپرسانی حکوومەت لە حیساب نایەت.

خەڵکی ئێران زیاتر لە ٤ دەیەیە ڕۆژانە ئەو جیاوازیدانانە گەورەیە دەبینن بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ناڕەزایەتییانە کۆ بوونەتەوە سەر یەک و لە هەر مەجالێکدا کە بۆیان بڕەخسێ ئەو ناڕەزایەتییانە دەردەبڕن. ئەم جاری دوایییەش کچە کوردێک بە ناوی ژینا (مەهسا) ئەمینی کە بە سەفەر لە تاران بوو، بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد تەنیا بە تاوانی! ئەوەی لە پۆشینی سەرپۆشەکەی ڕەخنەیان هەبوو، لە گرتنگەدا لێیان دا و کوشتیان. خەڵک چیی دیکە بۆی قبووڵ نەکرا و لەپێشدا لە کوردستان و دوایی لە هەموو ئێران بەدژی ڕێژیم ڕاپەڕین کە تا ئێستا بۆ ماوەی ٢٣ ڕۆژە بەردەوامە. هەرچەند کۆماری ئیسلامی ژمارەیەکی لێ کوشتوون، دەسبەسەری کردوون و بە سەدان کەس بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکان بریندار بوون بەڵام بەو حاڵەش هەر بەردەوامە.

**خۆپیشاندانی ئەمجارە بە بەراورد لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٩٨، زۆرتر ڕەنگی سیاسیی پێوە دیارە. لە ساڵی ١٣٩٨دا زۆرتر داواکاری و هۆکارەکە ئابووری بوو، بەڵام ئێستا خەڵک لەسەر شەقام داوای ئازادی و دێموکراسی و گۆڕینی ڕێژیم دەکەن. ڕای ئێوە چییە؟**

کاتێک خەڵک لەوە حاڵیبوون کە ئەو ڕێژیمە هیچ گرینگییەکیان پێ نادا و هیچ کرانەوەیەک لەگەڵ ئیدئۆلۆژییەکەی ئەوان ناگونجێ، ئەوجار دروشمەکان لە ڕاستای ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەیە. ئەوان داوای وەلانانی دیکتاتور (خامنەیی) و جێگیربوونی دێموکراسی دەکەن.

جیاوازیی ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵک لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ڕابردوو ئەوەیە کە گشتگیر و یەکپارچەیە، دینامیزمی ڕاپەڕینەکە قوتابیی مەدرەسەکان، خوێندکارانی زانکۆکان و مامۆستایانن، خەڵکی دیکەش هەموو پشتیوانییانن. بێجگە لەوە پشتیوانییەکی بێوێنەش لەلایەن دەوڵەتەکان، پارلەمانەکان، ناوەندەکانی مافی مرۆڤەوە درێژەی هەیە. من لەو باوەڕەدام کە ئەمجارە ڕاپەڕین بەردەوامتر دەبێ. ئەگەریش ڕێژیم بە سەرکوتی توندوتیژتر بتوانێ کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە بێنێ، لە ماوەیەکی نزیکدا دووبارە سەر هەڵدەداتەوە، چونکە خەڵک ئێستا ترسی لە ڕێژیم شکاوە.

**ژنان و لاوان ڕێبەریی ڕاپەڕینەکە بەشێوەیەکی بوێرانە و بە قبووڵکردنی هەموو نرخەکانی دەکەن. تا ئێستا بەپێی زانیارییەکانی ئێوە، چەند کەس بەدەستی هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم کوژراون و بریندار بوون؟**

تا ئەم ڕێکەوتە، بەپێی زانیارییەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زۆرتر لە ٨٥ کەس کوژراون* و هەزاران کەسیش بریندار بوون. بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی پاوانخوازانە و دڕندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەوڵەکانی بۆ پەردەپۆشکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، دەسکەوتنی ئاماری باوەڕپێکراو زەحمەتە. بە ئەگەرێکی زۆرەوە ژمارەی ئەو هاووڵاتییە ئێرانییانەی کە کوژراون، برینداربوون و دەستبەسەر کراون زۆر لەوە زیاترە.

**وا دەردەکەوێ کە ڕاپەڕینی نوێی ئێران هەموو شارەکان، گوندەکان و چین و توێژەکان لە خوێندکارەوە تاکوو کرێکار و هەموو ئێتنیکەکانی ئێرانی گرتووەتەوە. ئێوە دەتوانن لەو بارەوە هەندێ بۆمان بدوێن؟**

بەڕاستی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە و باوەڕ و تەمەن و ڕەگەز لە ڕاپەڕینەکەدا بەشێوەی چالاکانە بەشدارن. ژنان لە پێشەنگی ڕاپەڕینەکەدان. جگە لەوەش ئەوەی کە بێوێنەیە ئەوەیە کە سەرباری ئەوەی ڕێژیمی ئیسلامی سیاسەتێکی بەئەنقەست بۆ هاندانی دوژمنایەتیی لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە بۆ پێشگرتن لە پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووی وڵات پەیڕەو کردووە، بەڵام هاودەنگییەک لەنێوان فارس، کورد و تورکی ئازەری سەر هەڵدەدات. بۆ وێنە لە تاران و تەوریز، فارس و تورکە ئازەرییەکان دروشمیان بۆ پشتیوانی لە بەرخودانی گەلی کورد لەدژی ڕێژیم بەرز کردووەتەوە. کاتێک "بزووتنەوەی سەوز" لە ساڵی ٢٠٠٩دا سەری هەڵدا، تەنیا لە چەند شارێکی گەورەدا قەتیس مایەوە. سەرانی "بزووتنەوەی سەوز" تەنیا لە بەرانبەر بە دووبارە هەڵبژاردنەوەی مەحموود ئەحمەدینژاد وەک سەرۆککۆمار ناڕەزایەتییان دەربڕی. ئەمجارەیان خەڵکی ئێران یەکگرتووانە داوای کۆتاییهێنان بە پێشێلکردنی مافی ژنان و کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران دەکەن. هەروەها لە خەبات بۆ ئازادی و سێکۆلاریزم و دیموکراسیدا یەکگرتوون، هەر بۆیە ئێمە شاهیدی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینێکی بەربڵاو لە سەرانسەری ئێراندایین.

**لە ڕۆژاوای وڵات لەو شوێنانەی کە نەتەوەی کوردیان تێدایە چی ڕوو دەدا؟ بیستوومانە کە هێزەکانی ڕێژیم لە هەندێ شار بەتەواوی کشاونەتەوە، ئێوە دەتوانن لەوبارەوە هەندێ زانیاریمان پێ بدەن؟**

بەڵێ شوێنی ژیانی کوردەکان لە چوار پارێزگای باکووری ڕۆژاوا هەڵکەوتووە. حیزبەکانی کوردستان بەهۆی ئەوەی لە هەموو ئەو ماوەدا بە نهێنی لەنێو خەڵکدا بوون، بە هەموو شێوەیەک تەنانەت لە شێوازی خەباتی پێشمەرگانەدا لە خەبات دژی ڕێژیم بەردەوام بوون و توانیویانە خەڵکەکەی خۆیان زۆر باش ڕێک بخەن و جێگای متمانەی خەڵکەکەیانن. دەستپێکی ئەو ڕاپەڕینە لەسەر داوای ئەو حیزبانە لە کوردستان دەستی پێ کرد و هەموو ئێرانی گرتەوە. هەربۆیەش کوردەکان بەشێوەی ڕێژەیی زیاترین کوژراو، بریندار و زیندانییان هەیە. لەنێو ئەو حیزبانەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە ٧٧ ساڵە بۆ ئازادیی خەڵکەکەی لە خەبات دژی ڕێژیمەکانی تاراندایە و دەوری سەرەکیی لەو ڕاپەڕینەی کوردستان هەبووە. بەڵام تا ئێستا هێزەکانی ڕێژیم لە هیچکام لە شارەکان پاشەکشەیان نەکردووە، بەڵکوو هێزی زیاتریان هێناوە بۆ کوردستان.

**پێتان وایە کە ڕێژیمی مەزهەبی و دیکتاتۆریی ئایەتوڵڵاکان لە کۆتاییدا بڕووخێ؟**

من پێم وایە ئەو ڕێژیمە بۆ درێژمەودا ناتوانێ لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە، چونکە ڕێژیم بێجگە لە ڕاپەڕینی خەڵک، لە باری ئابووریشەوە لە دۆخێکی زۆر دژوار دایە، لەنێو هێزەکانیشیدا ڕۆژ بە ڕۆژ ناڕەزایەتی دێتە پێش و لەسەر کوشتن و برینداربوونی خەڵک گومانیان لێ پەیدا بووە، گەمارۆکانی سەر حکوومەتیش لەو بارەوە شوێندانەر بوون. لەنێو خەڵکی دنیا و کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتیشدا بێزراوە، بەتایبەت کە ئیدئولوژیی یەکەی ڕێگای هیچ چەشنە کرانەوە و گوێگرتن بە داخوازیی خەڵک نادا، بۆیە بێجگە لە هەڵوەشانەوە و لەنێوچوون ڕێگایەکی دیکەی نییە. بەڵام ڕەنگە ئەو ڕەوتە تا ڕووخانی ماوەیەک بکێشێ.

**دوورەدیمەن و ڕوانگەت بۆ داهاتووی ئێران چییە؟**

دوورەدیمەنی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران، سیستمێکی سێکۆلاری، دێموکراتیک و فیدێراڵییە، کە تێیدا سەروەریی یاسا پارێزراو بێت و پێکهاتە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە چوارچێوەی ناوچەکانی خۆیاندا مافی خۆبەڕێوەبەرییان هەبێت. لە ڕووی سیاسەتی دەرەوەوە پێمانوایە ئێران دەبێت لەگەڵ دراوسێکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاشتیی هەبێت و پێوەندیی بونیاتنەری لەگەڵ دێموکراسییەکانی جیهان و بەتایبەتی دێموکراسیی ڕۆژئاوادا هەبێت. بۆ بەدیهێنانی ئەمە، ئێران پێویستیی بە ئاشتی لە نێوخۆیدا هەیە. بەبێ ئازادی، سێکۆلاریزم، دێموکراسی و سیستەمێکی فیدراڵی کە ڕەنگدانەوەی فرەچەشنیی ئێران بێت، ناتوانرێت ئاشتی لە نێوخۆ یان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدەست بهێنرێت، چ بگات بە پێوەندیی بونیاتنەر لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا – کە کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە دوژمنایەتیان دەکات.

**پێت وایە کە وڵاتە دێموکراتیکەکان، بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندەران و ڕاپەڕینەکان لە ئێران دەتوانن چی بکەن؟**

وڵاتانی دێموکراتیک لە ئێستادا دەتوانن بە کردەیی ئەو ڕاپەڕینە بەهێز بکەن، هەوڵ بدەن حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە یەکتر نزیک بکەنەوە، بەتایبەت لەگەڵ کوردەکان بکەونە دیالۆگ و یارمەتیی حیزبەکانیان بدەن. لە ئێستادا دابەزاندنی بەرنامەیەک کە بتوانێ ئینترنێت بۆ خەڵک دابین بکات زۆر پێویستە و دەبێ پەلەی لێ بکرێ.

**پێت وایە کە دانوستانەکان سەبارەت بە پرسی ناوکی دەبێ ڕابگیردرێ؟**

ڕێککەوتنی ناوکی و دانوستانی دووبارە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تەنیا بە قازانجی ڕێژیم دەبێت، هەر بەو شێوە کە لە ڕێکەوتنەکەی ساڵی ٢٠١٥ بینیمان. قازانجە ئابوورییەکانی ڕێکەوتننامەی پێشوو بۆ بەربڵاوترکردنی پرۆگرامە نیزامییەکانی ڕێژیم، وەکوو پرۆگرامی مووشەکیی ڕێژیم بە کار هات. هەروەها بووە هۆی پاڵپشتیی زیاتر بۆ سپای پاسداران و ئەو قەوارانەی دیکە کە گەلی ئێران سەرکوت دەکەن؛ بەڵام بۆ دابینکردنی بوودجەی میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کۆماری ئیسلامی وەک سپۆنسەری سەرەکیی دەوڵەتی بۆ تێرۆر لە هەموو جیهانە. لە سەرچاوە ماڵییەکان کە لە ڕێککەوتننامەکە بە دەستی دێنێت، بۆ پەرەسەندنی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پشتیوانی لە تێرۆر لە ئاستی جیهانیدا کەڵک وەردەگرێت و دەبێتە مەترسییەکی زۆرتر بۆ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکوو عەرەبستان، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و ئیسرائیل.



Mondo

*Intervista a Mustafa Hijri, del Partito Democratico del Kurdistan Iraniano*

"Il regime di Teheran è sempre più oppressivo La sua fine è vicina"

rivolta. C'è una grande unità fra le varie componenti del paese e una grande voglia di cambiamento. Sì, credo che un cambio di regime sia possibile».

**Può darci qualche elemento in più a sostegno di questa sua previsione?**

«Il regime islamista non può rimanere a lungo al potere e cadrà. Oltre alla rivolta popolare ci sono molti segnali di un crescente malumore all'interno delle forze di sicurezza per la brutale repressione delle proteste. Le sanzioni internazionali hanno

Mustafa Hijri
Leader curdo in esilio

contribuito a far crescere il malcontento in modo diffuso e oggi il regime islamista è isolato nella comunità internazionale. In altre parole: l'ideologia e la struttura di potere della Repubblica Islamica sono antitetiche alla domanda popolare di libertà, secolarismo e democrazia. Un cambio di regime è dunque inevitabile».

**Cosa pensa della possibile ripresa dei negoziati sul nucleare?**

«Un nuovo accordo sul nucleare non potrà che recare vantaggi al regime islamista, come peraltro è accaduto nel 2015 quando i

---

# مستەفا هیجری: زیندانییانی سیاسی زیاتر لە جاران مەترسیی سڕینەوە و ڕەشەکوژی و تۆڵەکردنەوەی ڕێژیمیان لەسەرە

**(پەیامی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات لەبارەی ئاگرکەوتنەوەی گوماناویی زیندانی ئێڤین)**

**خەڵکی مافخوازی ئێران و کوردستان!**
**بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی!**

چەند شەو بەسەر ئاگرکەوتنەوەی گوماناویی "زیندانی ئێڤین"دا تێپەڕ دەبێت. ڕووداوێک کە لە گەرمەی تووڕەیی جەماوەری سەرشەقام و شەپۆلی بێئامانی ڕقی پەنگخواردووی خەڵک دژ بە ڕێژیمی تاوان و تێرۆر، سەرنجی ڕای گشتیی ئێران و ڕێکخراوە و کۆمەڵە بەشەردۆستەکانی جیهانی بۆلای خۆی ڕاکێشا.

زیندانی ئێڤین لە لایەک هێمای خۆڕاگری و ئیرادەی لەشکاننەهاتووی هەزاران شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕی سەر بە نەتەوەکانی ئێرانە، لە لایەکی دیکەشەوە، هێمای بەردەوامبوونی سیاسەتی کوشتار، ئەشکەنجە و ڕەشەکوژیی کۆماری پەت و سێدارەیە. ئەگەرچی تاکوو ئێستا لایەنەکانی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە ڕوون نەبووەتەوە، بەڵام تاوان و پیلانگێڕییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جێی گومان نین.

ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە، ئەگەر و مەترسیی دووبارەبوونەوەی کارەساتێکی دیکەی لە چەشنی کوشتاری بەکۆمەڵی دەیەی ٦٠ی هەتاوی و تاوانە هاوشێوەکانی ئەم ڕێژیمەی بەدواوەیە. هەربۆیە دەبێ بە نیگەرانییەوە لێی بڕوانین، بەتایبەت کە لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا و، لە ئەنجامی سەرکوتی بێبەزەییانەی جەماوەری ڕاپەڕیو و دەستبەسەرکردن و بێسەروشوێنکردنی هەزاران کەس لە ڕۆڵە ئازادیخوازەکان، مەترسیی سڕینەوە و ڕەشەکوژی و تۆڵەکردنەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە جاران زیاتر هەستی پێ دەکرێت.

خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کە ئامانجیان ڕووخان و تێکەوەپێچانی تۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و، شەقام و سەنگەری خۆڕاگرییان چۆڵ نەکردووە؛ پێویستە ئازادیی زیندانییانی سیاسی بکەنە دروشم و، هێماکانی خۆڕاگری و کۆڵنەدان زیاتر بەرجەستە بکەنەوە. پێویستە لە چارەنووسی ڕۆڵەکانیان لە زیندانەکاندا خافڵ نەبن و، پێش بە دووبارەبوونەوەی کارەساتێکی گەورەتر بگرن.

هەروەها، داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆست و ڕێکخراوەکانی ماڤی مرۆڤ دەکەین، بەدوای کەیسی ئەم دواییانەی زیندانی ئێڤین و زیندانییانی سیاسیی نێو چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمدا بچن، تا کارە قێزەون و نائینسانییەکانی ئەم ڕێژیمە فاشیست و مرۆڤکوژە زیاتر لەقاو بدرێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی**
**مستەفا هیجری**

# چەکی گەرمی شۆڕشگێڕانی سەرشەقام



قادر وریا

هاتنە سەرشەقامی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە ستەم و دڕندەیی ڕێژیمی ئێران، لە مانگێک تێپەڕیوە. زیاتر لە مانگێکە سەرانسەری ئێران بووە بە گۆڕەپانی هاتنە سەرشەقامی خەڵکی تووڕە و بێزار لە ڕێژیمی جەهل و تاوان. بێزاری دەربڕین و داواکردنی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و مەرگی ڕێبەرە دیکتاتۆرەکەی، لە فۆڕم و شێوەی جۆراوجۆردا خۆی نواندووە. هاتنی کچان و کوڕانی لاو بۆ سەرشەقام و چوارڕێیانەکان بە دانی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و "مردن بۆ دیکتاتۆر، مردن بۆ خامەنەیی"، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیدەربڕین و مانگرتنی ڕوو لە زیادبوونی خوێندکارانی دەیان زانستگە و قوتابیانی سەدان خوێندنگەی وڵات، چەند جار داخستنی گشتیی بازاڕ لە لایەن بازاڕییەکانەوە بە تایبەتی لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەلهاویشتنی مانگرتن بۆ نێو کرێکارانی عەسەلوییە و پێترۆشیمی و نەوت، وەدەنگهاتنی مامۆستایانی بە هەڵوێست بە داکۆکی لەو قوتابییانەیان کە بەرەوڕووی هێرش و هەڕەشەی دەزگا سەرکوتکەرەکان بوونەوە، دابڕان و پشتکردنی سیما دیارەکانی دنیای وەرزش، سینەما، ڕاگەیاندن و هونەر لە دامودەزگا و دامەزراوەکانی ڕێژیم بە پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵک، ئەمانە دیمەنە باو و ڕوو لە زیادبوونی ئەو هەلومەرجە شۆڕشگێڕانەیەن کە سەرانسەری ئێرانی داگرتووە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا بەدی دەکرێ زۆر گەورەترە لەوەی پێی بگوترێ ناڕەزایەتیدەربڕین. ئەمە ڕاپەڕینێکی سەرانسەرییە کە لە دواقۆناغیدا دەبێت بە شۆڕشێکی گشتی. لەم ڕاپەڕینە سەرانسەرییەدا، کچان و ژنان دیارترین ڕۆڵیان هەیە. هەر لە جێدا هەوێنی هەڵگیرسانەکەی، تاوانی سەدان جار دووپاتبۆوە بەرامبەر بە ژنان- ئەمجارە تاوان بەرامبەر بە ژینا ئەمینی -بوو. ژنان و کچان لە پێشدا لە کوردستان و دواتر لە شارەکانی دیکە هاتنە ڕیزی پێشەوەی خۆپێشاندانەکان و وەک نیشانەیەکی ئاشکرا لە ڕەتکردنەوەی کۆیلەتیی داسەپاو لەلایەن کۆماری ئیسلامی، لەچکەکانیان سووتاند و بەو هۆیەوە دڕیان بە شەوەزەنگی دژ بە خۆیاندا و، وەک دەبینین قوربانیدانی یەک بە دوای یەکیان بۆ سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە لە خۆیان گرتووە.

لە ڕاپەڕینی ئەمجارەدا، نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی نەتەوە بندەستەکان چالاکانە و لە ڕیزی پێشەوەدان. ئەوان بە جۆرێک نەترسانە بەرەوڕووی هێزی سەرکوتکەر و ئاگری چەکەکانیان بوونەوە کە خۆڕاگری و کۆڵنەدان و قوربانیدان و ناوی شارەکانیان بووە ئیلهامی هاتنەمەیدانی خەڵک لە بەشەکانی دیکەی ئێران و ئەوانی بۆ هاتنە سەر شەقام بانگەواز کردوە و وەڵامی خۆشی وەرگرتووەتەوە. دیارە لەم ڕاپەڕینەدا چەندین شاری کوردستان بە خوێنی لاوەکانیان نەخشین بوون، بەڵام حەماسەی چەندین شەو و ڕۆژەی شارەکانی شنۆ، سەقز،کرماشان و لە سەرووی هەموویان شاری سنەی قارەمان چووە نێو مێژووی شۆڕشی نوێ. زاهیدان، ئەهواز، ئەردەبیل وەک نوێنگەی هاتنە مەیدانی نەتەوە بندەستەکانی بەلووچ، عەرەب و تورک هاواری خوێناویی خۆیان دژ بە بێدادی و دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی تێکەڵ بە خرۆشی حەماسیی کوردستان کردووە. تاران کە ناوەندی دەسەڵاتی ڕەشی ئەو ڕێژیمەیە، هەروەها مەشهەد و قوم وەک دوو شار و ناوەندی ئایینی کە بە ڕواڵەت بە پێگەی نەریتیی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان دەژمێردرێن و سەدان شاری گەورە و بچووکی دیکەی ئێران، بوون بە گۆڕەپانی دەنگهەڵبڕینی کچان و کوڕانی لاو لە دژی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی پڕ لە نەکبەتیی کۆماری ئیسلامی. هەر ڕۆژێک و هەر شەوێک دەیان دیمەنی پڕ واتا و بەشکۆ لە بەزاندنی تەلیسمی ترس و لە هاوپێوەندی و یەکدڵیی هاونیشتمانانی ئێرانی کە لێبڕاون کۆتایی بە تەمەنی دیکتاتۆریی ئاخوندی بێنن، تێکەڵ بە خولقان و لەدایکبوونی سروود و گۆرانی و دروشم و بەرهەمی شۆڕشگێڕانەی نوێ دەبن.

جۆغرافیای ئێران لە ڕۆژاوا تا ڕۆژهەڵاتەکەی، لە باکوورەوە تا باشوورەکەی، لە پەراوێزەوە تا ناوەندەکەی، زیاتر لە مانگێکە گۆڕەپانی تەقینەوەی تووڕەیی لاوەکانی بە ڕووی هێزە دڕندە سەرکوتکەرەکانی پارێزەری دیکتاتۆریی دەسەڵاتدارایە. شەقام و زانستگە و قوتابخانە و بازاڕ و کۆڵان، ڕۆژانە و شەوانە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و داوای ڕووخانی ڕێژیمی ژنکوژ و منداڵکوژ و، کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی هۆردوویەک ئاخوندی مشەخۆری کۆنەپەرست و، فەرماندەران و کاربەدەستانی خوێنڕێژ و تیرۆریست و دز و تاڵانچیی سامانی خەڵک و وڵاتیان لێ بەرز دەبێتەوە. هیچ توندوتیژی و پیلان و چاوبەست و بێڕەحمییەک نەماوە ماشێنی سەرکوتی ڕێژیم بۆ بە چۆکداهێنانی خەڵکی ناڕازی، دەستی بۆ نەبردبێ. دەسەڵاتداران بە هۆی بەکرێگیراوانی دەستنیشانکراوی خۆیان قورئان دەسووتێنن و چارشێو لە سەر ژنی چارشێوبەسەر لادەدەن، ئەو بنکە و کەلوپەلانەی بە سامانی گشتی دەژمێردرێن،گڕ تێبەردەدەن و دەیانشکێنن بەو مەبەستەی دیکتاتۆر بۆخۆی وەقسە بێت و هاواری لێ بەرز بێتەوە و بە خەڵک و دنیا بڵێ ئەوانە (خۆپێشاندەران )دژی پیرۆزییەکانن و ئاژاوەگێڕن، هەر بۆیە ئاوا دڕندانە سەرکوتیان دەکەین.

مۆتەکەی ڕووخان وەهای ترساندوون کە سەرەڕای لە گیانی خەڵک بەردانی ڕەوە ڕەوە پۆلیس و هێزی چەکدار و بەسیجی و "لباس شخصی" و تەقەکردنیان بە چەکی گەرم و بەکارهێنانی مودێڕنترین کەرەستەکانی لێدان و سەرکوتکردن، وەفاداران بە ڕێژیمەکەشیان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ڕاپەڕینی خەڵک، دەنگ داوە. ئەنترنێتیان بەتایبەتی لەو شار و ناوچانەی خەڵکی ڕاپەڕیوە و تەنگی پێهەڵچنیون، بڕیوە بۆ ئەوەی فیلم و وێنەی تاوانەکانیان و بەربەرەکانی و خۆڕاگریی جانانەی خەڵکی دەستبەتاڵ بەرامبەر هێزە پڕچەک و دڕندەکانیان، بە ئاگاداریی بیروڕای گشتیی جیهان نەگا.

دیکتاتۆر و سەرانی هێز و دەزگا و دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی، هەوڵ دەدەن ترس و داماویی خۆیان لە وەڕێکەوتنی لافاوی ڕووخان، بشارنەوە و بە پێداهەڵگوتنی "ئیقتیدار"ی ڕواڵەتی و "پێشکەوتن"ی نەبوویان وڕەی دابەزیوی بەکرێگیراوەکانیان هەستێننەوە. هاوکاتیش بە نیشاندان و بەکارهێنانی چنگ و ددانی خوێناوییان، ئەمجاریش مۆتەکەی ڕووخان لە خۆیان دوور بکەنەوە. بە ڕێکخستنی سیناریۆی بێبنەما و بانگەشەی دەستهەبوونی وڵاتانی بێگانە لە وەڕێکەوتنی ئەم لافاوەدا، هەوڵ دەدەن سەرنجەکان بەرەو ئەو دیوی سنوورەکان لارێ بکەن. هەڕەشەی دووپاتکردنەوەی هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان و هەڕەشەی دەستدرێژیی نیزامی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان دەکەن. وڵاتانی ناوچە بە دەستێوەردان لە نێوخۆی ئێران و، وڵاتانی ڕۆژاوا کە ئەمجار باشتر لە پێشوو دژی سەرکوتی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بە هۆی ئەو ڕێژیمە هەڵوێستیان گرتووە، بە دنەدانی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمەکەیان تاوانبار دەکەن. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا، ئەو بەلووچستان و کوردستانەی خامنەیی بە پێچەوانەی قسەی دڵی خۆی، خەڵکەکەیانی بە هۆگر و ئەوینداری ڕێژیمەکەی ناو برد و، ئەو هێزە سیاسییە خەباتکارانەی خودی خامنەیی و سوپای پاسداران و وەزارەتە ئیتلاعاتەکەی بە "تەجزیەتەڵەب" ناویان دێنن، ئێستا بوون بە چەقی هاودەنگی و یەکگرتوویی خەڵکی



**ئەوان کە ئامادە نین دان بە بێزراوبوونی ڕێژیمەکەیان لەنێو خەڵک و، دان بەداماوییەکەی لە جێبەجێکردنی تەنانەت لانیکەم و سەرەتاییترین چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا بنێن و تەسلیمی ئیرادە و ویستی خەڵکی ئێران بن، سروشتییە کە ڕاپەڕینی خەڵک بە دەسکیسی بێگانە و دوژمن لە قەڵەم بدەن. سروشتییە کە هۆ و هۆکاری ساختە و بە دوور لە ڕاستی بۆ بەردەوامیی ڕاپەڕینەکە و، شکانی ترسی خەڵک و نەسڵەمینەوەیان لە باتووم و ساچمە و گوڵلە و، بڕواهێنانیان بە نەسرەوتن تا سەرکەوتن قوت بکەنەوە**

بەشە جۆراوجۆرەکانی ئێران بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشی کۆتاییهێنان بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە.

لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا، سەرانی ئەو ڕێژیمە و دامودەزگا سەرکوتکەر و تەبلیغاتییەکانیان، چەندین جار باسیان لە ناردنی چەک لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ نێوخۆی ئێران بە تایبەتی بە هۆی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات بە مەبەستی وەڕێخستنی ڕاپەڕین و ڕاگرتنی خەڵک بەرامبەر بەو ڕێژیمە کردووە. ئەم جۆرە بانگەشە و تاوانبارکردنە بێبنەمایانەش شتێکی چاوەڕوانکراون. ئەوان کە ئامادە نین دان بە بێزراوبوونی ڕێژیمەکەیان لەنێو خەڵک و، دان بەداماوییەکەی لە جێبەجێکردنی تەنانەت لانیکەم و سەرەتاییترین چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا بنێن و تەسلیمی ئیرادە و ویستی خەڵکی ئێران بن، سروشتییە کە ڕاپەڕینی خەڵک بە دەسکیسی بێگانە و دوژمن لە قەڵەم بدەن.

سروشتییە کە هۆ و هۆکاری ساختە و بە دوور لە ڕاستی بۆ بەردەوامیی ڕاپەڕینەکە و، شکانی ترسی خەڵک و نەسڵەمینەوەیان لە باتووم و ساچمە و گوڵلە و، بڕواهێنانیان بە نەسرەوتن تا سەرکەوتن قوت بکەنەوە. یەک لەم درۆ شاخدارانەیان، تاوانبارکردنی خۆپێشاندەران بە چەکداربوون و بەکارهێنانی چەکی گەرم دژی هێزە سەرکوتکەرەکانە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە چەکی گەرمی شۆڕشگێڕانی سەرشەقام، تەنیا ئەو خوێنانەیە کە لە شەڕی ستاندنەوەی ئێران لە ڕێژیمی جەهل و جینایەتدا، بە سەخاوەتەوە پێشکەشی دەکەن. چەکی گەرمی ئەوان دڵگەرمبوونیان بەو پشتیوانییەیە کە لەلایەن خەڵکی نێوخۆ و ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات دەکرێ. چەکی گەرمی ئەوان ئەو هاوپێوەندییە جیهانییەیە کە ڕۆژ بەڕۆژ لە هەڵکشان دایە. چەکی گەرمی ئەوان بیستنی دەنگی قرچە و تێکڕمانی کۆڵەکەکانی ئەو ڕێژیمەیە.

# بە هەموو تواناوە لە بەرانبەر هێرشی کۆماری ئیسلامیدا بەرگری لە خۆمان دەکەین




**کۆمەڵانی خەڵکی خەباتکار!**
**حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران!**

لە ماوەی ڕابردوودا و پاش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کە لە کوردستانی پێشەنگی خەبات و خۆڕاگرییەوە سەری هەڵدا و سەرجەم شار و ناوچەکانی ئێرانی گرتەوە و بڕیاری ڕووخاندنی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی داوە، دامودەزگاکانی ڕێژیم لە تریبوونەکانی خۆیانەوە بانگەوازی شەڕێکی نابەرابەری سەربازی و ڕەوانییان دژی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وەڕێ خستووە.

سەرەڕای سەرکوت و کوشتاری ڕۆژانەی خەڵکی ناڕازی لەسەر شەقامەکان، کۆماری ئیسلامی بە مووشەک و دڕۆن هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکان و ئێستا بە هێنانی هێزێکی زۆری سەربازی بۆ سەر سنورەکانی کوردستان، هەڕەشەی بەزاندنی سەروەریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لەشکرکێشی بۆ سەر حیزبەکان دەکات.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەرەڕای مەحکوومکردنی هەر چەشنە دەستدرێژییەکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنین کە ئەمە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق و هەرێمی کوردستانە و بەپێی بنەما نێودەوڵەتییەکان مەحکوومە و دەبێت ڕیسوا و لەقاو بدرێت.

ئێمە لەگەڵ ئەوەی جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ڕێزمان لە سەروەری حکوومەتی هەرێم گرتووە و دەیگرین و بەو هۆکارە هیچ چەشنە جووڵەیەکی نیزامی و پێشمەرگانەمان نەبووە، ڕایدەگەیەنین کە:

لە حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانمان لە قووڵایی خاکی هەرێمدا بە هەموو توانای خۆمانەوە و وەک مافێکی ڕەوا لە بەرانبەر هێرشی دوژمن بەرگری لە خۆمان دەکەین. هاوکات داوا لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، حکوومەتی عێراق، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرجەم نوێنەران و کۆنسوڵگەرییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامریکا لە هەرێمی کوردستان دەکەین بەرامبەر بەم ملهۆڕییانەی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ نەبن و هەڵویستی جیدییان هەبێت.

داوا لە ڕوناکبیران، کەسایەتییەکان و سەرجەم چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان و سەرجەم کوردانی تاراوگە دەکەین لە بەرانبەر ستەمکاریی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ نەبن و بە هەموو شێوازێکی گونجاو ناڕەزایی خۆیان دەرببڕن و پاڵپشتیمان لێ بکەن.

کۆماری ئیسلامی نزیکە لەوەی کە سڵاو لە کۆتایی دەسەڵاتی 43 ساڵەی خۆی بکات، هەر بۆیە نەک ئەم هەڕەشانە و نەک سازکردنی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکە ناتوانێت پێش بە شەپۆلی ناڕەزایی خەڵکی کوردستان و ئێران بگرێت.

بژی هاوپشتی و یەکگرتووی خەڵکی کوردستان لەگەڵ سەرانسەری ئێران،
بڕووخێ کۆماری ئیسلامی ئێران،
ژن ، ژیان، ئازادی

**ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٠ی ڕەزبەری ١٤٠١**



## خالید عەزیزی:

# خەباتی نەتەوایەتیمان بۆ ڕزگاری قەت بەچۆک دانایە

ڕاپەڕینی ئێستا کە بەدوای کوشتنی حکوومەتیی ژیلا ئەمینی، کچە کوردی خەڵکی سەقز بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و دواتر مانگرتنی خەڵکی کوردستان لەسەر داوای ناوەندی هاوکاری و پاشان پەلاماری مووشەکی و درۆنبارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە کوردییەکان لە باشوور دەستی پێکرد، هەتا ئێستاش بەردەوامە.

ئەم ڕاپەڕینە هەتا ئێستا ئەگەرچی قوربانیدان و تێچووی زۆری بۆ جووڵانەوەی کورد بووە، بەڵام هەڵسەنگاندێکی ئەو کارە گەورەیە کە هەموو ئێرانی هێنایە سەر خەت، بوو بە مێژوو. دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ زۆر ڕووداو لە ئێران هاتنەگۆڕێ، بەڵام ئەو نارەزایەتییانەی ئەمجارەیان کە بە کوژرانی کچە کوردێک لە تاران دەستی پێ کرد و کوردستان یەکگر و یەکپارچە پشتی گرت و بوو بە پرسێکی گشتیی ئێران و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشدا بوو بە پرس و خەڵکی هێنایە سەر شەقام و، کوردستان و تەورێز و تاران و ئیسفەهان بە هەموو زمان، نەتەوە، ئایین و جۆراوجۆرییەکان وردەوردە لە دەوری دروشمێک کۆ بوونەوە؛ ئەو بڕیار و کردە مێژووییە دیسانەکە لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد.

بەخۆشییەوە ئەمجارەیان دەنگی کورد و داوای کورد لە ئێران بەردەنگی هەبوو، زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران بە هەموو جۆراوجۆری و بۆچوونە جیاوازە سیاسییەکانەوە باشتر لە پرسی کورد تێگەیشتن و کورد لە ڕۆژهەڵات بەڵگەیەکی دیکەی لە خەباتی مافخوازانەیدا تۆمار کرد. ئەمەش بێهۆکار نەبوو:

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کاریگەرییەکی باشی لەسەر خووڵقانی ئەو دۆخە بوو، ئەگەرچی ئێمە چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبوو کە کۆماری ئیسلامی لە کاردانەوە بە یەکگرتنەوەمان بیەوێ زەبرێکمان لێ بوەشێنێت. هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەداخەوە یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەمیشە نەبوونی یەکڕیزی و پەرشوبڵاویی هێزە دژبەرەکانی بووە کە بووەتە هۆی ئەوەی ئاڵترناتیڤێک لەدژی ڕێژیم دروست نەبێت. بۆیە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لەو دۆخەدا شوێنی گرینگی لەسەر ئەو هاوکێشەیە دانا و گەلێک پەیامی تێدابوو کە خەڵکی نێوخۆ لە ڕۆژهەڵات، لایەنە سیاسییە کورد و ئێرانییەکان و لە دەرەوەی وڵاتیش بەباشی وەرگیرا و ئەوە ئەو بابەتە بوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران خستە تەنگانەوە. ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەدژی کۆماری ئیسلامی زۆر شتمان پێ دەڵێ، یەک لەوان ئەوەیە ئەو ڕێژیمە هەرکات لەبەرانبەر یەکڕیزی و یەکگرتوویی و جموجۆڵی جەماوەریی خەڵکدا تووشی شکست و بێدەرەتانی بووە، پەنای بردۆتە بەر مێتۆدێک کە خۆی بەرهەمی ئەو مێتۆدە واتە توندوتیژییە. بۆیەشە بە توندوتیژی بەرهەڵستی هەرچەشنە مافخوازییەکی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە، لە مافی مرۆیی، سیاسی، مەدەنی، زمانی، مافی ژنان و ئەمنییەتی فەردییەوە بۆتەوە.

کاتێک خۆپێشاندانەکان پەرەیان سەند، ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کەسانی سەر بە خۆی بخزێنێتە نێو خۆپێشاندەران و خۆپێشاندانەکە بە ئاقاری توندوتیژی بەرێ بۆوەی هەم بتوانێ بواری زیاتر و باشتری بۆ سەرکوت هەبێ و؛ هەم بیەوێ نارەزایەتییەکان بە پیلان و دەستی دەرەکیی ببەستێتەوە. بەوەش بواریان بۆ هێرشی مووشەکی بۆ سەر حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە خۆش کرد. ئێمە وەک کورد و حیزبی دێموکرات ئەزموونی زۆرمان لە سیاسەتی دژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی هەیە، لە تیرۆری ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانمان هەتا مووشەکبارانی خەرمانانی چوار ساڵ لەوە پێش. بەڵام حیزبی ئێمە پاش هەموو ئەو کارەساتانە نەکەوتووە و لەسەر پێ ماوەتەوە. هونەرەکە لێرەدایە: تێرۆرمان دەکەن، بە مووشەک لێمان دەدەن، هەڕەشەمان لێ دەکەن؛ بەڵام ئێمە بەچۆک دانەهاتووین، بە چۆک دانایەین و دەیان پیلانی دیکەشمان لەژێ بگێڕن هەر بەچۆکدا نایەن. نەیاندەهێشت و هەڕەشەیان لێ دەکردین کە نەتوانین ڕێوڕەسمی یەکگرتنەوە بەڕێوە ببەن، بەڵام بە چۆکدا نەهاتین و قەتیش بەچۆکدا نایەن. بەڵام بۆ؟ وەڵامەکە ڕوونە: خەباتی حیزبی دێموکرات خەباتی نەتەوەیەکە لە ڕۆژهەڵات، نەتەوەیەک کە ٧٧ ساڵ لەوەپێش ئەو حیزبەی دروست کرد و، ڕێبەرانی ئەم حیزبە لە هەموو بارودۆخێکدا لە زیندان و دوورخراوەییدا حیزبەکەیان ڕاگرت و ئێستاش ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە ئەو ئەرکەیان لەئەستۆیە.

### وانەکانی ڕووداوەکانی ئەم دوایيانە بۆ ئێمە بەبایەخ بوون:

یەکەم، دەسەڵاتی سیاسی بە پێناسە شۆڕشگێڕییەکەی خۆی، بە ئیدئۆلۆژییە ئایینییەکەی، بە زەرادخانە مووشەکییەکەی، بە هەموو هەوڵدانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی دەسەڵاتێکی بێداهاتوویە.

دووهەم، لە بەرانبەر ئەو دەسەڵاتەدا خەڵکی کوردستان و ئێران بەگشتی لێبڕاون چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە یەکلا بکەنەوە. فاکتەری خەڵک بابەتێکی دیکەی لەو هاوکێشەیە زیاد کرد، ئەویش ئەوە بوو کە دەیان ساڵ بوو ئۆپۆزسیونی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە بە حیزب، ڕێکخراو، مێدیا و ڕایەڵەی جۆراوجۆر بەڵام نایەکگرتوو لە گۆڕەپانەکەدا بوون، بەڵام بەسەرهاتی "ژینای کوردان" دەریخست کە ئەوە خەڵکن وەک خاوەنی سەرەکیی پرسەکە دەتوانن لە نێوخۆی وڵات و لەسەر شەقامەکانەوە بەبێ ئەوەی لە ئێستادا خۆیان بە کێشە تیۆرییەکانەوە سەرقاڵ بکەن، بەرەنگاری ئەو ڕێژیمە ببنەوە. لایەنێکی دیکەی ئەو بابەتە ئەوەیە کە حیزبە سیاسییەکانیش دەبێ بەبایەخەوە ئەو فاکتەرە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا بەشدار بکەن، چونکی ئەو پارامێترانەی لە ڕاپەڕینی ئەمجارەدا دەور دەبینن لە ناخی کۆمەڵگە و لە هەناوی داخوازە سەرەکییەکانی خەڵکدا، ئەویش بەبێ ململانێی حیزبی و ڕێکخراوەیی و پێناسە تیۆرییەکاندا دەبێ بخوێندرێنەوە. شتێک کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا لێی خافڵ بوون ئەوەیە کە ئەوە تەواوەتیی خەڵکە کە دەتوانێ شەقام بکاتە سەنگەری خەڵک و ڕاپەڕینێکی سەرانسەری وەڕێ بخات. ئەوە پەیامێک بوو بۆ ئۆپۆزیسیۆن کە سیاسەتەکەیان دەبێ پێی لەسەر عەرزی واقیع بێت.

حیزبی ئێمە بۆیە بەرگەی ئەو هەمووە برین و ڕووداوە تاڵانەی گرتوە، بەخۆشییەوە قەت لە خەڵکی خۆی دانەبڕاوە و سیاسەتەکەی ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و داخوازەکانی خەڵکەکەی بووە. مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی چوار ساڵ لەوەپێش دوای مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات کە لایەنەکانی دیکەش دەستیان لەگەڵ داینێ، دەریخست کە لە کوردستان سیاسەت لەسەر عەرزی واقع دەکرێت، مانگرتنەکانی ئەم دوایيانەش ئەوەی پشتڕاست کردەوە. بەڵام چۆن دەکرێ ئەوە بەردەوام بێت؟ وەڵامەکەی ڕوونە: ویست و داخوازی، بۆچوون و سەرنج و دروشم و ئامانجەکانی خەڵک مێعیار و پێوەر بن و بەهەند وەربگیرێن. بەڵام هیچ شتێک لەوە مەترسیدار نییە کە حیزب و ئۆپۆزیسیۆن لە خەڵکی خۆیان دابڕێن و دوور کەونەوە. ئەوە گەورەتین پەیام بوو کە لەو ڕاپەڕینەدا هەموو لایەک دەبێ وەری بگرین. حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا هەمیشە بەرپرسانە جووڵاوەتەوە. هەر لە ساڵانی ڕابردوودا خەڵکی ئێمە پەیامیان بۆ دەناردین کە ئێمە دوو دێموکراتیمان ناوێ، داوایەکی زۆر ژیرانە و بەرپرسانە و هەر ئەو دڵسۆزی و دەروەستییەش وایکرد کە ئێمە پڕۆژەی یەکگرتنەوە بخەینە نێو ڕۆژەڤی پێویستییەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سێهەم فاکتەر کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕاپەڕینەکەی ئێستا داناوە، بەشداریی هەراوی ژنانە. سروشتی کۆمەڵگەی ئێران و سیاسەتە سەپێندراوەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ یەکتر ناتەبان. ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر ژنان هەڵسوکەوت و ڕوانگەی تالیبانی داعشییە، بۆیە ژنانی ئێران زۆر بەگوڕ و بەربڵاو لە گۆڕەپانەکەدان و ئەوەش دەخوازێ حیزب و هێزە سیاسییەکان پارامێتری ژنان ببینن و لەو هاوکێشە و بەرنامەکاندا بیانخوێننەوە و جێگای شیاوی ئەو بەشداری و هاوبەشییەیان بدەنێ.

فاکتەرێکی دیکەی شوێندانەر لەسەر ڕووداوەکان سۆسیالمێدیایە کە لە ڕاپەڕینی ئێستادا چ لە فۆڕمی کلاسیکی تەلەڤیزیۆندا و چ لە فۆڕمی نوێی پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکاندا دەوری یەکجار بەرچاو دەبینێ. هەروەک دەبینین بەشێکی زۆری مانگرتن و خۆپێشاندانەکان لە کوردستان و ئێران لە ڕێگەی سۆسیالمێدیاوە مودیرییەت دەکرێن. ئەگەر سەردەمانێک لە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلدا بەردتێگرتن و قەپانچەلە هاویشتنی فەلەستییەکان لەدژی هێزە نیزامییەکانی ئیسرائیل بە ئینتفازە ناوی دەرکرد، کارکردی سۆسیالمێدیا لەو ڕاپەڕینەدا خۆی ئینتفازەیەکی دیکە بوو. ئەو سۆسیالمێدیایە دەبێ هەم وەک دەرفەت ببیندرێ. هەم دەبێ بۆ نەتەوەسازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەمانا سیاسییەکەی کەلکی لێ وەربگرین، هەم لە بەرینکردنەوەی ڕاپەڕینە سەرانسەرییەکەی ئێستادا.

فاکتەرێکی دیکەی ئەو هاوکێشەیەی ئێستا، دنیای دەرەوە و بەدەنگەوەهاتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە دوای دادگای مێکونووس نموونەی نەبیندرابۆوە. قەیرانی دیپلۆماتیکی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە ئەوکاتیش لەسەر پرسی کورد بوو، ئەمجارەشیان کە هەر لەسەر کوشتنی حکوومەتیی ژینا هاتنە دەنگ، لەبەر ئەوەی حیزبێک و لایەنێکی سیاسی نەیتوانی پاوانی بکا و دەستی بەسەردا بگرێت و بوو بە پرسێکی گشتی؛ سیاسەتمەدارەکان، هونەرمەند و ئاکادیمیسیەنەکان، سێلبریتی و مێدیا و بەگشتی هەموو شەقامی دنیای دەرەوە بوون بە پاڵپشت بۆ دەنگی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران. ئەوە پاڵپشتییە دەبێ کەلکی لێ وەربگیردرێ، چونکی هاوکێشەکانی لە بەرژەوەندیی خەڵک و هێزە سیاسییەکان گۆڕیوە.

### دەسەڵات و ڕاپەڕینی جەماوەری

نموونەی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا نەبووە، بۆیە کۆماری ئیسلامی کە لەهەمبەر ئیرادەی خەڵکدا دەستەوەستانە، لەلایەک دەیەوێ ڕاپەڕینەکە بە ئاقاری توندوتیژییدا بەرێ؛ لەلایەکی دیکەش وا بنوێنێ کە ئەوە پرسە ئێتنیکییەکەیە و دەست دەرەکیی لەپشتە و دەیانەوێ ئێران بەرەو لێکترازان ببەن. بەوە دەیانەوێ هەستی خەڵک ناوچەکانی ناوەندی ئێران بە سیاسەتی فۆبیای هەڵوەشان (تجزیه هراسی) هەڵخرێنن. بەڵام ئەمجارەیان هاوپێوەندی و لێکتێگەیشتنی خەڵک لە ئاستی سەرانسەری ئەو بوارەی پێ نەدان. بۆیە کۆماری ئیسلامی بە دوای ئەوەدا چوو کە کورد بە هاندەری ئەو دابەشکارییە وەهمییە پێناسە بکا. ڕێژیم بە سەرکوتی خوێناویی خەڵک لە نێوخۆی کوردستان و بە مووشەکبارانی بنکە و بارەگا و قوتابخانە و شوێنی ژیانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە ویستی هەم تۆڵەی ئەو پێشەنگایەتییە لە کوردستان بکاتەوە، هەم وا بنوێنێ کە بەمجۆرە وڵاتیان لە هەڕەشەی هەڵوەشانە وەهمییەکە پاراستوە.

ڕێژیم لەوەدا ناکام بوو، چونکی هەم ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەم هێز و لایەنە سیاسییە بەرپرسیارەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە پرسی کورد زۆر لەوە زیاترە کە بتوانێ ئەو ئاکامەی لێ وەرگرێت. بۆیە ئێمە دەبێ لە پڕۆسەی پێوەندی و هاوپێوەندییەکانمان لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان ئەوە بکەین بە دەرفەت و بە بنەمای پڕۆژە و کاری هاوبەشی گرینگ لە داهاتوودا.

باسێکی گرینگی دیکە لەو هاوکێشەیەدا نیازی کۆماری ئیسلامی بۆ تێوەگلاندنی هەرێمی کوردستانە. با لە پێشدا ئەوە بڵێین کە حیزبی دێموکرات وەک سەرمایەی خەباتکاری و مافویستیی کۆمەڵانی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان بەرهەمی شەڕ و دۆخی شەڕ نییە. ٧٧ ساڵ لەوە پێش کە دامەزرا، نە بۆخۆی و نە وەزیرەکانی کەسایەتیی سەربازی نەبوون و دوای دامەزرانی حیزب و ڕاگەیاندنی حکوومەت و لە ئیدارەی وڵاتدا هێزی نیشتمانپارێز پێکهاتووە و ناوی "پێشمەرگە"ی لەسەر داندراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە عەقڵییەتێکی مەدەنی و بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و بەشداری لە پڕۆسەی سیاسیی وڵاتدا دروست بووە. ئەوە سیاسەتی حیزب بەدرێژایی مێژووی خۆی بووە و دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و ڕووداوەکانی کوردستانیش، سەرەڕای هەوڵی زۆری دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و هەوڵی هەموو لایەک کە دەمانەویست بە شێوەی ئاشتییانە پرسی کورد چارەسەر ببا؛ کە هێرشمان کرایە سەر دەبوا بەرگرییمان لە خۆمان کردبا. پێشمەرگە بەرهەمی ئەو قۆناغەیە لە خەبات و دواتریش هەموو کاتێک هێزی بەرگری لە خەبات و تێکۆشانی گەل بووە.

لە ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی بیانووی هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بۆ جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە دەگەڕێنێتەوە، ئێمە بەتەواوی ئەوە ڕەت دەکەینەوە. ئێمە هەم بە ڕێبەرانی هەرێمی کوردستان و هەم بە ڕێبەرانی عێراقمان ڕاگەیاندووە کە ڕاستە بەشێک لە بنکە و بارەگاکانمان لێرەن، بەڵام لە سنوورەکانی عێراق و هەرێمەوە هیچ هێرشێکمان نەکردۆتە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و هیچ دەستێوەردانێکیش لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتە ناکەین و نەمانکردووە. لەو بارەیەوە هەمیشە بەرپرسانە جووڵاوینەتەوە و گوتوومانە کە نابین بە بیانووی ناپێویستی کۆماری ئیسلامی لەدژی هەرێمی کوردستان و ئێستاش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینە پێمان باشە پرسەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی لە ڕێگەی وتووێژ و "ڕێککەوتن"ەوە چارەسەر بن و هەر ئەو عەقڵییەتی دانوستان و تەوافوقە بگوازینەوە و لە نێوخۆی ئێرانیش ببێتە ڕێکار و چارەسەری پرسەکان، نەک دێموکراسیی بەتەنیا.

لە کۆتایی ئەو باسەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرمەوە کە ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا لە نیوخۆی وڵات هەیە، گەورەترین شکستە بۆ کۆماری ئیسلامی، چونکی کێشە کەوتۆتە نێو ماڵی خۆیان و سیستمە ئیدئۆلۆژیکەکان دەبێ ئەو کێشانەیان لە نێوخۆیاندا بۆ دروست بکرێ. پێویستە ئەوەش بڵێین کە لەو بارودۆخەدا چەندی دەکرێ دەبێ ستراتیژییەکمان ئەوە بێت کە هێز و قەوارەی ڕێژیم پتر تووشی هەڵوەرین ببێت. دەبێ هەوڵ بدەین کە ئەو خەباتە بە لانیکەمی تێچووی گیانی هەتا بەچۆکداهێنانی ڕێژیم بەردەوامیی هەبێت، دەبێ ئۆپۆزیسیۆن ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی ئێستای باش بناسێت و هەوڵەکان بۆ دروستبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیی ئێران دروست بێت.

> **ڕێژیم بە سەرکوتی خوێناویی خەڵک لە نێوخۆی کوردستان و بە مووشەکبارانی بنکە و بارەگا و قوتابخانە و شوێنی ژیانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات ویستی هەم تۆڵەی ئەو پێشەنگایەتییە لە کوردستان بکاتەوە، هەم وا بنوێنێ کە بەمجۆرە وڵاتیان لە هەڕەشەی هەڵوەشانە وەهمییەکە پاراستیوە، بەڵام لەوەشدا ناکام بوو، چونکی هەم ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەم هێز و لایەنە سیاسییە بەرپرسیارەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە پرسی کورد زۆر لەوە زیاترە کە بتوانێ ئەو ئاکامەی لێ وەرگرێت**




# ڕاپەڕینی پەروایزخراوەکان

کەریم پەرویزی

لە ئەفسانە کۆنەکاندا وای دەگێڕنەوە کە لە سەردەمی فێرعۆنەکاندا، ڕووباری نیل لە میسر سەرچاوەی کشتوکاڵ و ئاوەدانی بۆ ناوچەکە بوو. فێرعۆنیش وەک نوێنەری خودا و هەندێجاریش هەر وەک خودای خەڵکەکە دەستی بە سەر ژیان و ماڵ و نامووسیان داگرتبوو. هەندێ ساڵ ڕووباری نیل هەڵنەدەستا و وشکەساڵی وڵاتی دادەگرت. بۆ ئەوەی ڕووباری نیل کە بە نیعمەتی نێردراوی فێرعۆنیان دەزانی وەک هەموو ساڵێک ئاوەکەی زۆر بێ، دەیانگوت قوربانی پێشکەش ڕووباری نیل بکەن و لەو ڕێگەوە دڵی فێرعۆن بەدەست بێنن! قوربانییەک کە پێشکەش دەکرا بریتی بوو لە جوانترین کچی پاکیزە کە هێشتا مێردی نەکردووە. دەیانڕازاندەوە و دەیانخستە نێو ڕووبارەکە تاکوو دڵی فێرعۆن بەدەست بێنن. بەپێی ئەم ئەفسانەیە خوێنی جوانترین کچی پاکیزەی شار دەبوو پێشکەشی ڕۆحی تینووی خوێنی فێرعۆن بکرێ تاکوو ژیانی کۆیلەتیی خەڵک بەردەوام بێ!

***

ڕۆژێک لە کۆتاییەکانی مانگی خەرمانان، بنەماڵەیەک لە سەقزەوە ڕۆیشتن بۆ تارانی پێتەختی فێرعۆنی زەمان تاکوو سەردانی خزمەکانیان بکەن و وێڕای سەردانکردن، هەندێ شتومەکی پێویست بۆ کچە نازدارەکەیان ژینا، ڕەمزی ژیان و جوانی بکڕن؛ چوونکە بەرەبەری پاییز و کرانەوەی زانکۆ بوو، و جگەرگۆشەکەیان وەرزێکی نوێی خوێندنی دەست پێ دەکرد. سەفەری تارانیان بۆ سەردان و خۆشی بوو، بەڵام بوو بە مێژوویترین سەفەری پەراوێزخراوەکان بۆ پێتەخت!

ژینا لە سەردانی شەقام نەگەڕایەوە بۆ ماڵی پووری و مەئموورەکانی فێرعۆن بردیان و لە کوشتارگای خامنەییدا خوێنیان ڕشت؛ چوونکە فێرعۆن نەخۆشە و خوێنی پاکیزەکانی وڵات، جوانترینەکانیان و بێگوناحترینەکانیانی بۆ بەردەوامی بە ژیانی پڕ لە تاوانی پێویستە. فێرعۆن تینووی خوێنە!

سەرهەڵدانی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی دەسپێکەکەی ڕێک لە ڕۆژی ٢٦ی خەرماناندا هاتە ئاراوە کە یادەوەریی تاوانێکی گەورەی دیکەی فێرعۆنە، کە لە بێرلینی ئاڵمان ڕێبەری کورد دوکتور سەعید و هاوڕێیانی تێرۆر کرد. لە ڕاپەڕینی خەرماناندا کە بەخێرایی زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی ئێرانی گرتەوە و تا پێتەختی فێرعۆنیش بڵێسەی ئەستاند و کڵپەی ئاگرەکەی هەموو دەرباری وڕ و کاس کردووە، مەئموورەکانی فێرعۆن هێشتا هەر خەریکی کوشتنی پاکیزەکانی وڵاتن، خوێنی کچانی جوان و تازە پێگەیشتوو دەڕژێنن چوونکە نەک تەنیا فێرعۆن، بەڵکوو هەموو دەستوپێوەندیەکانی تینوون بە خوێنی لاوان و کچانی وڵات و پێیان وایە بە ڕشتنی خوێنی کچانی گەنج و لاو و پاکیزە، دەتوانن تەمەنی پڕ لە نەکبەتیی ڕێژیمەکەیان درێژە پێ بدەن.

ژینا، نیکا، سارینا ، ئەسرا، ... تەنیا چەند ناوێک نین، بەڵکوو چەپکەگوڵێک لەو هەزاران گوڵەن کە لەم ڕۆژانەدا تێرۆریستان و خوێنمژانی دەرباری فێرعۆن خەریکی کوشتن و فڕکردنی خوێنی پاک و سووریانن.

ئەوەی لەم ساتوسووری پڕ لە خوێندا دیارە دوو دیوی دیمەنەکەیە:

خامنەیی و مەئموورەکانی بێبەزەییانە، تاوان بە تاوان دەشۆنەوە و بۆ لەبیربردنەوەی تاوانێک تاوانی دیکە دەخولقێنن. کوشتنی ژینای کوردان بە سەرکوت و کوشتار لە دیواندەرە دادەشارن و کوشتاری دیواندەرە بە خوێنڕێژیی کەرەج و دەسدرێژی بۆ سەر نیکا دەشارنەوە و کوشتار لە شارەکانی ئێران بە هێرشی مووشەکی بۆ سەر وانیاری ساوای یەک ڕۆژە وەبیر دەبەنەوە و مەرگی وانیار بە ژینۆساید و هێرشی موغولی بۆ سەر سنەی سەربەرز دادەپۆشن و مەرگبارانیان لە سنە، بە هێرش بۆ سەر قوتابخانەی شاهد لە ئەردەبیل و کوشتنی ئەسرا و شەلاق لێدان لە منداڵانی قوتابخانە وەبیر خەڵک دەبەنەوە و بۆ هەڵهاتن لەو شەرمە لە زیندانی ئێوین دەکەونە گیانی بەندییەکانی دەستی ستەمکار. مەرگ بە مەرگ و خوێن بە خوێن دادەپۆشن تاکوو خەڵک چاوترسێن بکرێ و جیهان تاوانەکانیان فەرامۆش بکا! لەو نێوەشدا لەبیریان ناچێ کە لە هەموو کارەساتەکاندا دەستدرێژی بۆ سەر گیان و کەرامەتی مرۆڤەکان و بەتایبەت کچانی گەنج و تازەپێگەیشتوو بکەن چوونکە گرێی دەروونییەکی مێژووییان بەرامبەر بە ژن و کچانی لاو هەیە. لایەکی دیکەی دیمەنەکە خەڵکن. ئەوانەی  بە دەستی بەتاڵ بەڵام بە دڵی پڕ خوێن و بە ئیرادەیەکی بەرز و بە ورەیەکی بێوێنەوە لە گۆڕەپانەکدا ئامادەن. ورەی بەرزی شۆڕشگێڕان و لاوانی ڕاپەڕیو تەنیا وشەیەکی ئاسایی سەر زمانی من و تۆ نییە، بەڵکوو بۆتە تیتری بەناوبانگترین میدیاکانی جیهان. لە پاریسی پێتخەتی شۆڕشی کەرامەتی مرۆڤەکان، ڕۆژنامەی لیبراسیۆن بەواتەی ئازادیخوازی، وێنەی سنەی سەربەرز دادەنێ و دەڵێ ئێمە ناترسین! ئەمە وێنەی گەورەی سەر ڕوومەتی مێژووە: سنەی سەربەرز ناترسێ! خەڵک بە هەموو چین و توێژەوە و لە هەموو ناوچەکاندا هاتوونە سەر شەقام جگە لە گرووپێکی تایبەت نەبێ کە دوایە باسی دەکەین. ئەم خەڵکەی سەر شەقام بە دەسەڵاتداران دەڵێن کە میدیاتان کۆنترۆڵ کردوە و بەردەوام ئیدئۆلۆژیی چەقبەستووتانی تێدا بڵاو دەکەنەوە. گۆڕەپانە کۆمەڵایەتی و وەرزشی و ئایینی و سیاسی و هەموو شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکیتان قۆرخ کردوە و بە دەیان هەزار دووربینی ئەمنیەتی و هەزاران بەکرێگیراو و جاش و بەسیجی، چاو لە خەڵک زەق دەکەنەوە و هەموو قوژبنێکی هەناسەدان و بیرکردنەوەو ژیان کۆنترۆڵ دەکەن و قۆرخی دەکەن. بەڵام شەقام هی ئێمەیە، شەقام لە کۆنترۆڵ و فیلتر و سانسۆری ئێوەدا نامێنێ و هی ئێمەیە، دەبێ ئێوە بە ترسەوە پێ بخەنە نێو شەقام نەک ئێمەی خەڵک کە خاوەنی ڕاستەقینەی خاک و نیشتمانین.

هەموو هێزەکانی ڕێژیم خەریکی سەرکوت کردنن، بە هێزی ئینتزامی و گاردی ویژە و بەسیج و جاش و سوپای پاسداران و گوردانەکانی ئیمامی عەلییەوە، بەڵام ڕۆژبەڕۆژ هێزی خەڵک پتەوتر دەبێ و سوورتر لەسەر ڕاپەڕینەکەیان، بە تاکتیکی جیاوازەوە بە شەو و بە ڕۆژ، کۆڵان بە کۆڵان و گەڕەک بە گەڕەک و شار بە شار دەخەنە ژێر ئیرادەی شۆڕشگێڕییان.

ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵک کە خەریکە دەبێتە شۆڕشێکی نزیک لە سەرکەوتن، بۆ ڕووخانی ڕێژیمە. با ئەوەش بڵێین کە ڕاپەڕینێکە گەر بگاتە سەرکەوتن کە زۆر وەدرەنگ ناکەوێ، شۆڕشێکی بەتەواو مانایە کە ئامانجەکەی تەنیا تێکوەپێچانی دەسەڵاتی سیاسیی داسەپاو نییە. ئەم ڕاپەڕینە تەنیا بۆ ئەوە نییە کە دەسەڵاتدارانی ئێستا نەمێنن و کەسانی دیکە جێگەیان بگرنەوە، بەڵکوو شۆڕشێکی قووڵی کۆمەڵایەتی–سیاسی فیکرییە کە بە دڵنیاییەوە هەر لە چوارچێوەی ئێرانیشدا بەرتەسک نامێنێ و هەموو ناوچەکە دەهەژێنێ و مێژوو دەکا بە دوو بەشەوە، پێش و دوای شۆڕشی ژینای ژینەوە.

**بۆ تێگەیشتن لەم شۆڕشە، هەندێ ڕاوەستە بکەین و پارامێترەکانی وەبەرچاو بخەینەوە:**

بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، بەرەنگاربوونەوە و بەرهەڵست بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ڕێژیم هەبووە، چ لە شێوازی نێوخۆیی ڕێژیم کە هەندێجار دروشمی ئیسڵاحخوازییان دەدا و هەم لە شێوازی دژی ڕێژیم و ئۆپۆزیسیۆنیشدا کە ویستی سیاسیی هەبووە کە ڕێژیمی دیکتاتۆری بگۆڕێ بۆ سیستمی دێموکراتیک. لەم ساڵانەی دواییشدا هەم نارەزایی‌دەربڕینی کورتمەودا و بۆ توێژێکی تایبەت هەبووە و بە داواکاریی کورت و دیارەوە و هەم خۆپیشاندانی بەرفراوانیش هەبووە. لە ئاستی ئێراندا لە دەیەی حەفتادا لە ئیسلامشەهری تاران، سەردەمی ڕەفسەنجانی بە دەستریژی دۆشکا و لە هێلیکۆتەرەوە خەڵکیان وەبەر دا و لە سەردەمی خاتەمیدا زانکۆیان خەڵتانی خوێن کرد و لە سەردەمی ئەحمەدینژاددا، خۆپیشاندانی میلیۆنی کرا و بە سەدان کەسیان کوشت و لە کەهریزەک دەستدرێژییان کردە سەر کەرامەتی مرۆڤایەتی. ساڵی ١٣٩٦ و ١٣٩٨یش خۆپیشاندنی گەورە و لە ئاستی بەرفراوانی دەیان شاری ئێران هاتە ئاراوە و کوشتاری خەزەڵوەری ١٣٩٨ هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕێ. گەر چاو لە کوردستانیش بکەین، هەر لە یەکەم نەورۆزی هاتنەسەرکاری خومەینیدا، کورد لەگەڵ کوشتاری ڕێژیمی تازە بەرەوروو بووەوە، نەورۆزی ئازادی لە سنە کرا بە نەورۆزی مەرگ و خوێن. دوایەش فەرمانی جەهادی خومەینی بە دژی کورد و دەیان و سەدان کارەسات لە کوردستان، هاوکات بووە لەگەڵ خۆڕاگری و سەرهەڵدانی کوردستان و کورد و تا ئێستاش کوردستان ملی بۆ ڕێژیمی فێرعۆنەکانی جەماران کەچ نەکردووە.

ئەوەیکە لە درێژایی ئەم چەندین دەیەدا خەبات و خۆڕاگری و بەرهەڵستکاری هەبووە، پێویست بە هیچ بەڵگەیەک نییە و خوێنی هەزاران شەهیدی دەستی کۆماری ئیسلامی بە شان و ملی مێژوودا دەچۆڕێ. بەڵام لە هەموو ئەم ڕووداوانەدا لە ئێرانی فرەنەتەوەییدا، یەک خاڵی گرنگ هەبووە کە بریتیە لە خەباتی جیاجیا و سەرهەڵدانی جیاجیا و هەرجارەوە بەشێک لە کۆمەڵگە بووە. کاتێک لە زانکۆ، بزووتنەوەی خوێندکاری خوێنی دەدا، بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە بێدەنگ و تەنیا چاولێکەر بوون. کاتێک مانگرتنی کرێکاری و سەرکوتی یەکیەتییە کرێکارییەکان بەرێوە دەچوو، چین و توێژەکانی دیکە پشتیوانی کرێکار نەبوون. کاتێک لە بزووتنەوەی سەوز لە تاران و چەند شارێک خۆپیشاندان دەکرا، نەتەوەکانی دیکەی ئێران خۆیان لەو دروشمانەدا کە داوای گەڕانەوە بۆ سەردەمی ئێڕنی خومەینی! دەکرد، نەدەدیتەوە و بەشدار نەبوون. کاتێ کوردستان و ئەهواز و بەلووچستان سەرکوت دەکران و کارەساتیان بە دژ دەخولقا، یا خەڵکی دیکە بێدەنگ بوون، یان هاوکاری سەرکوت بوون و دەهاتنە کوردستان تاکوو لە شەڕ لەگەڵ تەجزیەتەڵباندا شەهید ببن!

هەموو خۆپیشاندان و نارەزاییەکان لە ئێران و لەنێو نەتەوە جیاوازەکاندا بە جیا دەکرا. تاکوو ساڵی ١٣٩٨ کە زۆربەی ئێرانی گرتەوە، بەڵام ئەو خۆپیشاندانەش بنەمایەکی ئابووریی هەبوو، هەرچەند لە باری پانتایی جوغرافیاییەوە بەرفراوان بوو، بەڵام لەباری قووڵایی کۆمەڵگەوە، هەموو چین و توێژەکانی نەگرتبۆوە و؛ چینی مامناوەند و بەرەو سەرەوە خۆیان پەراوێز گرتبوو. بەڵام لە ڕاپەڕینی ئەمجارەدا، کە بە شەهیدبوونی ژیناوە دەست پێ دەکا، ئیدی ڕەوتی ڕووداوەکان و ڕەوتی مێژووە وەر دەسووڕێ. لێرەدا چی ڕووی داوە؟ بۆ وردبوونەوە لە قووڵایی بابەتەکە تەنیا پێویستە لە کاراکتێری ژینا بڕوانین تاکوو کۆدەکان بخوێنینەوە:

ژینا کچێکی کوردە کە بە سەردان چووەتە تاران و کاتێک دەزانن کوردە و ئایینزای سوننیە، توندتر لەگەڵی دەجووڵێنەوە. ناوی کچەکە بە ڕەسمی مەهسایە، بەڵام بە ژینای ناو دەبەن! ئەمە ڕاستییەکی نێو وڵاتی بەڵالێدراوی ئێرانە کە خەڵک ناتوانن بە ویست و حەزی خۆیان ناویش بۆ منداڵەکەیان هەڵبژێرن و حکوومەت ناسنامەیان پێ نادا و دەبێ ناوێکی دڵخوازی حکوومەت دابنێن! کچێکە لەبەر شێوازی جلوبەرگەکەی هێزی فێرعۆن دەسبەسەری دەکا! ژنبوون پرسیاری گەورەی لەسەرە! کاتێک دەزانن کوردە، خوێن بەرچاویان دەگرێ و توندتر دەبن لەسەری، کوردبوون قەدەغەیە! کە دەزانن مەزهەبەکەشی بەدڵی ویلایەتی فەقیه نیە، زۆرتری لێ دەدەن، چوونکە وەلیی فەقیه کەسی جگە لە تواوەکانی لە ویلایەتدا قبووڵ نییە.

لێرەدایە کە ژینا دەڵێ لێم گەڕێن من لێرە غەریبم! ڕەمزی سەرەکیی شۆڕشی ئەمجارە، غەریببوونی خەڵکە. بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەموو ئیمتیازە مادی و سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەشێک لە کۆمەڵگە هەبووە و بۆ بەشەکانیتر نەبووە. بازنەی بەشداران ساڵ بە ساڵ تەنگتر و بازنەی بێبەشان ساڵ بە ساڵ بەرفراوانتر کراوە.

ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی کاتێک کە ڕێفراندۆمی ڕێژیم کرا، تەنیا کوردستان دەنگی پێ نەدا! سەربەرزییەکی گەورەیە بۆ کورد کە لە دووهەم مانگی هاتنی خومەینیدا ناسیی کە ئەم دڕندەیە چی پێیە بۆ وڵاتی ئێران و نەتەوەکانی بەڵام زۆربەی هەرە زۆری بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی لەگەڵ بوو! تەنانەت چەپەکان لە خودی خومەینی توندتر بوون بۆ دۆزینەوەی وێنەی خومەینی لەسەر مانگ! دوای هێرشی خومەینی بۆ سەر کوردستان و تاوانەکانیان لە تورکمەن سەحرا، خومەینی گوشاری بۆ دەوڵەتی بازرگان هێنا و میللییەکانی وەدەرنا! ساڵی دواتر لە دەستپێکی شەڕی عێراقدا بەنیسەدر و موجاهیدی وەدەر نا. ساڵی دواتر توودە و فیداییەکانی ئەکسەرییەتی وەدەرنا! لە قۆناخی دیکەدا تاڵەقانی و لایەنگرانی ئەو و لە بڕگەی دیکەدا مونتەزیری و لایەنگرانی و دواتر بەشدارانی خودی دەسەڵاتەکەی خومەینیشی وەلا نا! تەنانەت مووسەویی پێڕەوی خومەینییش بەر وەدەرنران کەوت و تا جێگایەک ڕەفسەنجانیش لە حەوزدا خنکێندرا!

دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و مەزهەبیی جەماران، ژنی پێ تاوانبارە و هەردەم شەیتان لە ڕێگەی ژنەوە نفووز دەکا! کوردی پێ داردەستی ئیسراییل و ئامریکایە، بەلووچی پێ بکوژانی ئیمامەکانیانە و ئەهوازییەکانی پێ داردەستی عەرەبستانە و چەوساوەکانی تەنیا بۆ سەردەمی شەڕ دەویست و دواتر سووتەمەنیی گەندەڵی و تاڵانەکانیانە. خوێندکار و زانکۆی پێ قوتابی و مەکتەبی فێربوونی زانستی شەیتانی و کەلتووری ڕۆژاوایە و... لەم دەسەڵاتەدا هەموو چین و توێژ و بەشەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەت هەموو نەتەوە غەیرە فارسەکان پەراوێزخراون.

چوار دەیە ستەمی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و ئایینی و کولتووری بەدژی هەموو پەراوێزخراوەکان، قەیرانی لەسەر قەیران لە ئێراندا کۆ کردووەتەوە و بازنەی ناوەند، واتە بەشدارانی دەسەڵات و گەندەڵی و ڕانتخۆری، تەسک و تەسکتر کراوەتەوە و تەنیا بەشدارانی خوانی خوێنن کە ئێستا لەگەڵ ڕاپەرین نین.

ئەم ڕاپەرینە بە ڕەمزی غەریبی، ڕاپەرینی پەراوێزخراوەکانە بە دژی دەسەڵات و فیکرێک کە خەڵک وەپەراوێز دەخا و بە خوێن، خوێن دادەپۆشێ. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، بە کۆدی "مەمکوژە غەریبم" دەکرێتەوە و دەبێتە شۆڕشێک کە چیدی سووکایەتی بە کەرامەتی هیچ مرۆڤێک قبووڵ ناکات. پێتخەتی وڵات نابێ ببێتە شوێنێک کە تێیدا هەست بە غەریبی بکرێ، دەبێ کوردێک لە تاران بە ڕادەی فارسێک و تورکێکی ئازەری و بەلووچێک و تورکمەنێک بەشدار بن لە بڕیار و دەسەڵات و دارشتنی دواڕۆژدا. سەردەمی غەریبی لەسەر خاکی خۆت کۆتایی پێ بێ.

دەبێ ژیان بۆ خەڵک دابین بکرێ و لەبەر هەناسەیەکی پڕ لە چێژی مرۆڤانە لە دارستان و پارک و باخێکی وڵاتدا نەدرێنە بەر باتووم. دەبێ بە هەناسە ساردییەوە لە پاییزاندا ڕۆڵەکانیان ڕەوانەی قوتابخانە نەکەن. دەبێ ئازادی بریتی نەبێ لە ئازادیی هەڵبژاردن لە نێوان دوو دڕندەدا! بەڵکوو ئازادی سیمای ڕوانین و تێفکرین و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان و ئیرادەی ئازد بڕیاردانی گەلان و نەتەوەکان بێ.

بۆیە ئەم شۆڕشە تەنیا ناوی دەسەڵاتداران ناگۆڕێ، بەڵکوو شۆڕشێکە لە دڵی کۆمەڵگەوە و دەبێتە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کە بناخەکانی کۆمەڵگە دەگۆڕێ، ئیدی فارسێک ئەو ئیجازە بە خۆی نادا کە تۆمەتی جیاییخوازی لە کورد بدا، بەڵکوو بە شانازییەوە دروشمە کوردییەکە دەڵێتەوە و دەبێ خۆی دوور بگرێ لە فیکری شۆڤێنیستی. ئیدی کوردستان بۆتە سەرباشقەی ژیان و شۆڕش.

کوردستان
● ژمارە ٨٣٣
٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ _ ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢

## خالید عەزیزی:

# ڕۆژئاوا دەتوانێ بە دانانی ناوچەی دژەفڕین پێشی دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی ئێران بگرێت



خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی ئەنیستیتۆی گۆلد بۆ کاروباری ستراتیژیی نێودەوڵەتی لەگەڵ بەشێک لە لێکۆڵەرانی واشنگتن و ئەندامانی پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا کۆبۆوە. لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە ڕێکارەکانی سەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەستێوەردان و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠ی ڕەزبەر بەڕێوە چوو، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەتا لەسەر دوایین گۆڕانکارییەکانی ئێران و کوردستان، پەرەسەندنی نارەزایەتییە گشتییەکان و ڕاپەڕینی سەرانسەریی خەڵکی ئێران بۆ بەشدارانی کۆبوونەوە دوا.

پرسی چۆنیەتیی هاریکاریی ئورووپا بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە تێکدانی ڕەوشی ئەمنییەتی و سەقامگیریی ناوچەکە دوو تەوەری دیکەی باسەکەی خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون.

خالید عەزیزی لە باسەکەیدا باسی لەو ڕێکارانە کرد کە دەکرێ پێش بە سنووربەزاندن و هێرشە مووشەکییەکانی ڕێژیم بگرێ و یەک لەوان ئەوە کە ئورووپا ناوچەی دژەفڕین بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دابنێت.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری دانیشتنەکەدا بەشدارانی ڕاستەوخۆ و ئانلاینی کۆبوونەوە کە بە بایەخەوە سەرنج و بۆچوونەکانی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان وەرگرت. هەروەها کۆمەڵە پرسیارێکیان لەسەر هاوکێشەکانی ئێستای ئێران و ناوچە هێنایە بەرباس کە لەلایەن خالید عەزیزییەوە وەڵام درانەوە.

خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠ی ڕەزبەرەوە بۆ چەند دیدارێکی ڕەسمی سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردوە، چەند کۆبوونەوە و دانیشتنێکی لەگەڵ بەرپرسان و ئاکادیمیسیەنەکانی ئەو وڵاتە دەبێت.

# بیاڤی گشتیی ئێران و هەڵسەنگاندنی دەوری ڕۆژاوا



کەیوان دروودی

کاردانەوەی ڕەش‌وسپیی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبارەی ژێست و لێدوانەکانی وڵاتانی ڕۆژاوایی، لەبارەی ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران، پاڵنەری ئەم وتارەیە کە تێیدا ڕۆشنایی دەخرێتە سەر بۆچوونە جیاوازەکان.

ئەوەی ڕاستی بێ جۆرێک لە دژایەتیی ڕۆژاوا لەنێو کەشی ڕووناکبیریی ئێرانیدا هەیە کە زاڵە بەسەر بۆچوونی بیاڤی گشتیدا و درێژکراوەی ئەم جۆرە لە دژبەری، کاریگەریی لەسەر بۆچوونی کۆمەڵە خەڵکێک لەم ڕۆژانەدا بووە. ئەم جۆرە لە دژبەری، خاوەنی هیچ جۆرە پاشخانێکی فیکری نییە و جگە لە پەلەقاژەیەک بۆ دەربازبوون لە دەستەمۆیی دامەزراوەیی و ئابووری و ئایدیۆلۆژییەک چیی تر نییە. چەقی ئەم جۆرە لە دژبەری، نۆستالژییەکە لە گەڕانەوەیەکی کتوپڕ بۆ هەیمەنەیەکی ساختە، کە لای وایە چەقی شارستانییەتی کۆن لە ئێراندا بووە و بۆ ژیاندنەوەی ئەم تەرمە، پێویستە لە پێشدا ئەویتری بۆ خۆسازی بەرز بکرێتەوە. ئەم ئەویترەش جگە لە عەرەبەکان و پێکهاتەکانی تری ناوچە، ڕۆژاواش دەگرێتەوە.

لایەنگرانی ئەم دژبەرییە لەوپەڕی هەژاری لە گوتار و کرداردا، دەست بۆ گێڕانەوەیەک دەبەن کە سەروبنی لە بوونی شارستانییەتێکی بێ‌وێنەوە سەرچاوە دەگرێ و کۆی ئەم شارستانییەتەش بریتییە لە کۆمەڵێ ئیدیعا. بەلای ئەوانەی تۆزقاڵێ تێگەیشتنیان لە ئیستبدادی ئێرانی هەیە، ڕوونە کە پاشاکان لەم جوغرافیایەدا بە درێژایی سەدان ساڵ خاوەنی ماڵ و گیانی خەڵکی ڕەشۆکی (رعیت) بوونە و هیچ گرێبەست و پەیمانێکی کۆمەڵایەتی لەو شارستانییەتە لەئارادا نەبووە. بۆ نموونە، هەرکات باس لە بشێوی و ئاژاوە لە گێڕانەوەی مێژوویی ئێران دەکرێ، بێگومان ڕاپەڕینی دژی دەسەڵاتداران کراوە کە بە جیاوازییەکی کەمەوە هاوشێوەی ڕاپەڕینی ئەم ڕۆژانەی سەرتاسەری لە ئێران بووە.

وەکی تر لە بەرانبەر ڕەشنوێنی و تۆمەتبارکردنی ڕەشۆکییەکاندا، بە بەردەوامی پێ لەسەر شیاویەتی و ڕەوایی دەسەڵاتی خانەدانی (دودمانی) دەگیرێ. ئەم ڕەواییەش خۆی لە ئوستوورە و ئەفسانە و گێڕانەوەی ساختەدا دەبینێتەوە. دیسان بۆ نموونە؛ هەڵگیرساندنی شەڕی زنجیرەیی لەتەک دراوسێکان بۆ پەرەپێدانی ناوچەی ئۆتۆریتەی دەسەڵاتی خانەدانی، بە پێوەری سەرەکیی ڕەوایەتی و شیاویەتی دادەنرێ کە ئەگەر ئەمە بنەما بێ، دەبێ ئاڵمانییەکان شانازی بە تاوانەکانی کیش‌شەخسییەتیی هیتلێر و ئایدیۆلۆژیی نازیسم بکەن!

ئەم تێگەیشتنە وا دەکات کە ڕۆژاوا لە وڵاتانی جیاواز و فرەیی فەرهەنگی و سیاسیدا، دابەزێنرێن بۆ هەیکەلێکی ڕەش و دژبەر کە نابێ هیچ گومانی تێدا بکرێ و دەرفەتی هیچ‌جۆرە کرانەوەیەک ناهێڵێتەوە، تەنانەت ئەگەر ڕۆژاواییەکان ڕووگەیەکی کردەیی و گوتاری بۆ لابردنی کۆماری ئیسلامی بگرنە بەر. هۆیەکەشی ئەوەیە کە وەک باس کرا، شارستانییەتی ئێرانی سەربەخۆ و پیرۆز و بێ‌کەم‌وکورتییە و ژیاندنەوەی بەندە بەوەی نکۆڵی لە هەرجۆرە تەعامولێک لەگەڵ مودێرنیتەی ڕۆژاوایی بکرێ.

ڕوانگەیەکی لەم چەشنە لە جیهانێکدا کە مرۆڤ سووژەی ئاوەزمەندە و لە کاتەگۆریی ڕەشۆکی دەرچووە و دەسەڵاتەکان لە پێگەی پیرۆزی داماڵێنراون، جگە لە تراویلکەیەک و وەنەوزێکی فیکری هیچی تر نییە. سڕینەوەی کاریگەریی ڕۆژاوا، کە ئایدیای سەرەکیی ئەم کەسانەیە، بابەتێک نییە کە بە ورووژاندن و دنەدان جێبەجێ بکرێ؛ بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی تەکنۆلۆژی-مودێرنیتە و دامەزراوەی دەوڵەت و سیستەمی ئابووریی جیهانی و دارایی و .. کە ئەمانەش بە نکۆڵی، حاشا و چاوپۆشی ناسڕدرێنەوە.

بۆچوونی دووەم کە سپییە و دەکەوێتە بەرامبەری ئەم ئایدیایەوە، بە گەشبینییەکی تایبەتەوە دەڕوانێتە نەزمی هەنووکەیی و لای وایە ڕۆژاوا بەدوای پەرەسەندوویی و گەشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتانی دواکەوتوویە. بەشێ لە لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە ڕۆژاواییەکان سەقامگیرییەکی هەمەلایەنەیان دەوێ لەم ناوچەیە تا نەزمی هەنووکەیی پتەوتر بکرێ و بەشێکی تریان لایان وایە نەمانی سەرەڕۆیی و جێگیربوونی دەسەڵاتی ڕەوای خەڵکی، لە خۆیدا بە قازانجی ڕۆژاوایە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە نەزمی هەنووکەییدا، ئازادی و دادپەروەری بنەما نییە، بەڵکوو بەرژەوەندیی وڵاتان کۆڵەکەی سیاسەت دیاری دەکات. ڕوونیشە لە فەزایەکدا کە بەرژەوەندی یەکلاکەرەوەیە، پەرەسەندن و دێموکراتیزاسیۆنی وڵاتان هەر بەو ڕادەیە کە دەتوانێ قازانجی ڕۆژاوا دابین بکات، هەڕەشەیەکی جیدییە لەسەر هێژمۆنیی ئەوان. بەدیوێکی تردا لە ناوچەیەک کە پیشەسازی گەشە دەکات و لە هەمان کاتدا باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەرەو ئاشتەوایی دەچێ، بەستێنی بەستنەوەی بەرژەوەندیی دەرەکی بە مانەوەی دەسەڵاتی نارەوای نێوخۆی ئەو وڵاتانە لەبار ئەچێ. واتە، ئەگەر وڵاتێکی وەکوو ئێران، بەهۆی پێشکەوتنەوە، بەپێچەوانەی ئێستا و ڕابردوو بەرژەوەندیی خەڵک و وڵات لەبەر چاو بگرێ و سیاسەتی دەرەکیی بۆ دەسەڵاتی کەمینە تەرخان نەکات، دەتوانێ دەورێکی جیاواز لە پێشوو بگێڕێ.

جێگیربوونی بەرژەوەندیی گشتی لە ڕووگەی سیاسی، ئابووری و .. وڵاتێک، ئیمکانی پێملکردنی بۆ زلهێزەکان سەختتر دەکات. لێرەدا پێویستە ئەو جیاکارییە لەبەرچاو بگرین کە پرسگەلێکی وەکوو مافی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەی بەهایەکی گەردوونییە، بەڵام جێگیرکردنی لە هەر یەکەیەکی سیاسی، جوغرافیایی و کۆمەڵایەتی پێویستی بە گەشەسەندوویی هەمەلایەنەی نێوخۆیی هەیە، نەک پەیوەندی و سازانی دەرەکی! لە ئێستەدا وڵاتێکی وەکوو تورکیە و سعوودیە لەگەڵ ئەوەی هاوبەشی ڕۆژاوان، بەڵام لەڕووی نێوخۆییەوە قۆناغی گەشەسەندوویی هەمەلایەنەیان تێپەڕ نەکردووە و ئەوەش لە داخراویی سیستەمی سیاسیدا ڕەنگ ئەداتەوە. وەکی‌تر وڵاتێکی وەکوو ژاپۆن هاوکات کە هاوپەیمانێکی ئیستراتێژیکی ڕۆژاوایە، بەڵام خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەندی نێوخۆییە لە کۆی گەشەکردندا.

هەربۆیە، بۆچوونی گەشبینی، ئەوەندەی کە دەتوانێ ڕێگە بۆ پەیوەندی بکاتەوە و باز بەسەر داخراوەیی و تەریککەوتەیی بدات، دەشێت بنپێی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ پتەوتر بکات و بیاڤی گشتی لە شانۆی سیاسی وەدەر بنێ. لەبەر ئەوەش، سەرەتا دەبێ جۆرێک لە کرانەوەی نێوخۆیی و بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گشتگیر بێتە کایەوە، تاکوو لە جێگیرکردنی بەرژەوەندیی گشتی لە کاروبار و سیاسەتی دەرەکیدا ڕەنگ بداتەوە. هەربۆیە بەستنەوی چارەنووسی داهاتوو بە فاکتەری دەرەکی و چاوپۆشی لە مەترسییەکانی، وا دەکات کە دینامیزمی نێوخۆیی لەبەرچاو نەگیردرێ.

کەواتە، یەکەم ئەوەی کە خوێندنەوەی ڕەش و سپی، واتە ڕەشبینیی پەتی و لە هەمان کاتدا گەشبینیی پەتی بەرامبەر ڕۆژاوا لە کۆی خۆیدا، جۆرێکە لە دابەزاندن و هێنانەخوارێی ئاستی پرسێکی فرەلایەن و ئەمەش هەڵەتێگەیشتنێک لە گێڕانەوەی دۆخەکە دروست دەکات. لەڕاستیدا گەشەسەندوویی پێش لەوەی پەیوەندیی دەرەکی و خۆگونجاندن لەتەک جیهانی دەرەوە و بەتایبەتی ڕۆژاوا بێ، بابەتێکی نێوخۆیی کە لەلایەکەوە خاوەندارێتیی بیاڤی گشتی بە مافی خەڵک بزانێ و لەلایەکی ترەوە ئەم ئیرادە گشتییە بە شانۆی سیاسی ببەستێتەوە تاکوو ڕێگری لە سازانێ بکرێ کە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو لە ئێران پەیڕەو کراوە. وەکی‌تر هەر جۆرە بەستنەوەیەکی باری نێوخۆیی بە وڵاتانی تر بەتایبەت زلهێزەکان، جگە لەوەی دەسەڵات - بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەوایەتی و شیاویەتی- بە وڵاتانی تر دەبەستێتەوە و زەمینە بۆ درێژەپێدانی دێسپۆتیزم خۆش دەکات، هیچی تر نییە. هەر وەک چۆن ڕەشنوێنی و دژبەریی بێ‌ئەملاولا دەتوانێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ ئەوەی هاوشێوەیەکی تری سیستەمی کۆماری ئیسلامی (بەبیانووی دژایەتیی ئەمپریالیزم) لە هەناوی ئەم فامکردنەوە لەدایک بێ.

هەربۆیە ئەسڵی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و ڕووگەی وڵاتان، ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک ڕێز لە بیاڤی گشتی و بەرژەوەندیی هەمەلایەنەی خەڵکی وڵاتێکی وەکوو ئێران، بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە دەگرن و ئامادەیی خۆیان بۆ پاڵپشتیی خەڵک لە قۆناغی تێپەڕاندنی خەڵکی ڕەشۆکییەوە بۆ هاووڵاتی ڕادەگەیەنن. بێگومان ئێرانی داهاتوو دەمڕاست و خاوەنی پێشوەختەی نییە و بەشداریی چالاکانەی سیاسی و دابەشکردنی ئەستوونی و ئاسۆیی دەسەڵات بەسەر پێکهاتەکاندا، تاقە ڕێگەی چەسپاندنی ئیرادەی هەمەلایەنەیە؛ ئیرادەیەک کە دەبێ ببێتە بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەکی کە تەعبیر لە هەمان بەرژەوەندیی گشتی بکات.

بێگومان دانانی فورمووڵی پێکانی ئەم ئامانجە، جێی باس و مشتومڕە و دەکرێ لەسەری قسە بکرێ؛ وەکی‌تر هەر جۆرە هەڵوێست و ڕێکارێ کە وڵاتانی تر دەیگرنە پێش بەبێ ڕێزدانان بۆ ئەم واقیعە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە، کەڵکی ئەوەی نییە حسێبی تایبەتی لەسەر بکرێ و دەبێ لە ئێستەوە بەو پێوەرە هەڵسەنگاندن بۆ هاوبەشی و هاوپەیمانی بکرێ.

## دیار زاگرۆس

### نەوەی هۆشمەند

**پژمان شەریعەتی**

لە سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی سەراسەری لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان، کە لە دوای قەتڵی حکوومەتی ژینا ئەمینی دەستی پێ کرد، زۆری نەخایاند کە کۆمەڵگەی بوێر و ئازادیخوازی کوردستان کە لە کولتووریدا ژن ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و مێژوو و ئایین و فەرهەنگی کوردستان خاونی خواژنەکان بووە و ژن بەشی سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردییە، سەلماندی کە لەو کۆمەڵگەیەدا و لە دابەشکارییە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و ڕەگەزیدا، پلەی بۆ دیاری نەکراوە، بەڵکوو بە واتای ڕاستەقینە یەکسان بووە و بگرە لە زۆر بڕگەی مێژوویی، بەڕێوەبەر و پێشەنگ بووە؛ هەروەک ئێستا.

سەرهەلدانی ئەمجارە بەڵگەیەکی ڕوون و بەرچاوە بە نیسبەت فەرهەنگی یەکسانیخوازی و یەکگرتوویی کۆمەڵگە و ئەندیشەی کوردی. لێرەدا ناچینە سەر ئەو بابەتە کە پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە و لە فۆرمی بابەتێکی ڕۆژنامەدا ناتوانرێت بە وردی باسی لێ بکەین، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ بە بەردەوامی بۆ خۆمان و کۆمەڵگە ڕۆڵی ژن لەبەرچاو بگرین و لە شۆڕشی ژیناشدا کە هەر باس و بابەتێک بە ژن دەست پێ دەکات. بەڵام خاڵی سەرەکی لێرەدا نەوەی نوێ کۆمەڵگەی ئێرانە، لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ەوە هەتا ئێستا.

لەم سەرهەڵدانەدا بە شێوەی سەرسوڕهێنەر و پێشبینی‌نەکراو نەوەکانی ٧٠ و ٨٠ ی زایینی زۆر بە ئیرادە و عەقڵانی هاتوونەتە مەیدان و پڕن لە داخوازی و بڕیاری گۆڕین و دیاریکردنی چارەنووسیان داوە، لە حاڵێکدا کاتێک لە نەسڵەکانی پێشتر لەوان پرسیارت دەکرد کە ئەم نەسڵە چۆنن، بە شێوەیەکی زۆر هەرەمەکی باسیان لەوە دەکرد کە: نەسڵێکن سەریان تەنیا لەنێو موبایلەکانیان داوە و دەوروبەری خۆیان نابینن و داهاتوویان ناڕوونە و هیچ هەڵویستێکیان نییە.

لە ڕاستیدا لە تێپەڕاندی سووننەت بەرەوە مودێرنیتە لە ئێرانی کولونی‌کراودا بە دەیان کەلێن لە کۆمەڵگەدا دروست بووە کە دەسەڵاتی دیکتاتوریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆی خۆڵقێنەریان بووە و هیچ ئاوڕێکی لە کەلێنەکانی کۆمەڵگە نەداوە و لەو خەیاڵە خاوەدا بوون کە دەتوانن نەسڵێک تەنیا بە سروودێکی فوکاهی و بێ‌واتا بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن. بێ‌خەبەر لەوە کە "فەرماندە!" سڵاوی کرد وەڵامی خواحافیز و مەرگ و برۆخێی وەرگرت.

ئەم هەڵویست و کەلێنە دەبێ لە دوو بواری جیهانی و نێوخۆییدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

لە بواری جیهانیدا ئەمە تێپەڕاندنی ئاسایی و مافێکی دیاریکراوی نەسڵی نوێ جیهانە کە بە تێکنۆلۆژی و ئەندیشەی سەردەمیانە ئاشنا کراوە و تێیدا ژیان دەکات و ڕۆژانە ئاستی خۆشبژیوی و داخوازییەکانیان و تەنانەت بگرە بە دەقە داخوازیی نوێیان دەبێت و لە کەشێکی جیهانی پارێزراوتر بە نیسبەت نەسەڵەکانی پێشتردا دەژین.

ئەو ڕەوتە جیهانییەش گرێ دراوە بە نێوخۆی کۆمەڵگەکان و لە ئاستی نێوخۆیی هەر کۆمەڵگەیەک بەتایبەت لە کوردستان کە زەمینەی حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەیی و خەبات تێیدا هەمیشە ڕەنگدانەوەی بووە، فورمێکی دیکەی هەیە.

بە واتایەکی دیکە ئەم نەسڵە لەگەڵ ئەندیشەی کوردی پەروەردە کراوە و وەکوو نەوەکانی پێشتر کەمتر شەڕی بینیوە، کەمتر لەلایەن بنەماڵە سزا دراوە، کەرەستەکانی بەردەستی یەکجار زۆرتر بوون و سەردەمی پەیوەندییەکان وای کردووە کە زووتر لە هەر نەسڵێکی دیکە کەسایەتییان دیاری و فورم بگرێت.

بە شێوازێک کە دەبینین ئەم نەسڵە لە چوارچێوەی بنەماڵەدا ناپارێتەوە بۆ وەرگرتنی پێداویستییەکانی، بەڵکوو داخوازی و جەبری بەسەر بنەماڵەدا هەیە. کەشی پەروەردەییان بە شێوازێک بووە کە لە بەرابەر نیازەکانیان دەنگیان هەڵبڕیوە و تا بە دەستیان نەهێناوە هەدایان نەداوە.

کاتێک ئەم بابەتە لە بنەماڵەوە بە سەر کۆمەڵگەدا دەیگشتێنین، دەبینین کە نەسڵێکن کە لە بەرانبەر داخوازییەکانیان شەرم ناکەن، توانای پەیوەندی‌گرتنیان یەکجار زۆرە، هەستی هاوپێوەندییان فراوانە و گرووپ‌سازی لە نێوانیاندا ڕەوانترە، بەم هۆیەش ئەلگوریتمهایەکی زۆری ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی لە زەینیاندا بوونی هەیە و توانای چارەسەری زۆریان هەیە.

لە لایەکی دیکەشەوە جێبەجێ‌کردنی فەرمان و بڕیارەکان لە نێو نەسڵی نوێ کۆمەڵگەی کوردستان، واتایەکی دیکەی هەیە و جێبەجێ‌کاری بێ‌ئەملاوئەولای هیچ تێز و ئیدە و حوکمێک نین و تاکوو خویان نەگەن بەو قەناعەتە کە دەبێ جێبەجی بکرێت هەنگاو هەڵناگرن. بە واتایەکی دی ئێستا لە کوردستان لەگەڵ نەسڵێک بەرەوەڕووین کە وانەکانی شۆڕش لە جیلی ڕابردووی خۆی بیستووە و خۆی تاکێکی بڕیاردەرە و سەرتاپا هۆشمەندە و قۆڵی لە ئاڵوگۆڕ و دابینکردنی ژیانێکی سەردەمیانە بۆ خۆی هەڵماڵیوە.

ئەم نەسڵە هۆشمەندە تەواوی توانای خۆیان وەگەڕ خستووە و هیچ هێزێک ناتوانێت پێشیان پێ بگرێت و هیچکات پابەند نابن بە هێڵەکانی ئیدئۆلۆژیکی کۆنی هەزاران ساڵی پێش کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ پێیان دیکتە بکات و ئەو سنوورانە بە تەواوەتی دەشکێنن.

ئەمجارە ئەمانن کە سنوورە نوێیەکان دیاری دەکەن.

کوردستان
• ژمارە: ٨٣٣
٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ _ ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢




# چەواشەکارییەکانی ئێران بەڵگە بۆ ڕەوایی خەباتی میللەتێکن


عومەر باڵەکی

سایتی فەرمیی سپای پاسداران "تەسنیم" لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر ناوی "هۆکار و ئامانجەکانی کـــردەوەی نیـزامیـی ئـێـران بـــەدژی تاقمە تێرۆریستییەکانی باکووری عیراق" باس لە نامەی نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا کە بۆ سەرۆکی دەورەیی شوڕای ئەمنییەتی ئەو ڕێکخراوەی ناردووە و هۆکاری هێرشە مووشەکی و پەهبادییەکان بۆ سەر شوێنی نیشتەجێبوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا ڕوون کردووەتەوە.

ئـەوەنـدەی سایتی تـەسنیم لـە نـێوەرۆکی نامەی نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی بڵاوی کردۆتەوە بە دەردی کورد گوتەنی تفی بـەرەوژوورە و هـەر ڕووی خۆیان دەگرێتەوە و تـەواوی ئەو تۆمەتانـەی جەنابی نوێنەر بۆ تۆمەتبارکردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو نامەیەدا باسیان دەکا، لە ڕاستیدا ڕێک پڕ بە پێستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامین. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە نموونەیەک لە نێوەرۆکی نامەکەی جەنابی نوێنەر لێرەدا دێنینە بەر باس و بەپێی ئایدۆلۆژیا و کردار و ڕەفتاری ئەو چل ساڵەی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵسنگاندنی بۆ دەکەین.

نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لەو نامەیەدا باس لەوە دەکا کە "کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا خۆی یەکێک لە قوربانییەکانی ئەسڵیی تێرۆریزم بووە"، ئەگەر هەر سووکەئاوڕێک لە مێژووی پێش هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە دەبینین کە تێڕوانینی دەوڵەتەکان لە ئێران و ناوچەکە بۆ تێرۆر و تێرۆریزم بە چەشنێک بوو کە هەوڵیان دەدا لە کار و کردەوەیاندا لە کۆمەڵگەی جیهانی بە لایەنگری تێرۆریزم نەناسرێن بەڵام زۆر بەڕوونی و ئاشکرا بەپێی هەموو بەڵگەکانی بەردەست بۆمان دەردەکەوێ لەو کاتەوە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە جوغرافیای ئێران دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە، نەک تەنیا لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڵکوو بە بوونی سیاسەتی تێرۆریستپەروەریی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری جیهاندا تێرۆریزم پێناسەی دەوڵەتیی بە خۆیەوە گرتووە و لە هەر جێگایەک لەو جیهانەدا کردەوەیەکی تێرۆریستی ڕوو بدا، لە یەکەم چرکەدا هەموو ڕوانینەکان بەرەو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەبێ، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو دەوڵەتانەیە کە ڕێبەرانی تەنانەت پێش دامەزرانی ڕێژیمەکەیان تێرۆریان بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان بەکار هێناوە و دوای گەیشتن بە دەسەڵاتیش لەپێناو ڕاگرتنی ڕێژیمەکەیاندا بە بەربڵاوی کردەوەی تێرۆریستیان وەک ئامرازی لەنێوبردنی دژبەرانیان گرتۆتە دەست کە ئەوەش بۆ بنەما فیکرییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم دەگەڕێتەوە و لە پێکهاتەی دەسەڵاتیشدا نەهادینە کراوە و جێ خراوە.

نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبوایە پێش ئەوەی ئەو نامەیە بنووسێ و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تێرۆریست ناو بەرێ و حکوومەتەکەی خۆی بێبەری بکا لە کردەوەی تێرۆریستی، باش بوو وەک کەسێکی دیپلۆماتکار چاوێکی بە کارنامەی مەحکوومییەتی دەوڵەتەکەی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتی لەمەڕ کردەوە تێرۆریستیەکانی، خشاندبایە و ئەوکات دەستە چەورەکەی خۆیانی بە لایەنەکانی دژبەری سڕیبا. لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا، دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە لە ڕێگای دامودەزگای جۆراوجۆرەوە بە سەدان کردەوەی تێرۆریستییان ئەنجام داوە کە زۆربەی ئەو تێرۆرانە، تێرۆری جیابیران و دژبەرانی ئەو نیزامە بوون، لە گەڵ ئەوەشدا زۆربەی تێرۆریستەکان دوای کردەوە تێرۆریستیەکە توانیویانە لە دەستی پۆلیس و دامودەزگای قەزایی هەڵێن، بەڵام بەو حاڵەش هەتا ئێستا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە دادگاکانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهاندا پەروەندەی کردەوەی تێرۆریستییان بۆ کراوەتەوە؛ بۆ نموونە: لە دەزگای دادی فەڕانسە، ئاڵمان، سویس، ئارژانتین، ئۆتریش و بێلژیکدا کار لەسەر کردەوە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی کراوە و هەتا ئێستا لانیکەم سێ حوکمی نێودەوڵەتی لە لایەن ئەو دادگایانەوە سەبارەت بە کردەوە تێرۆریستییەکانی ئەو نیزامە بۆ دەسبەسەرکردنی بڕیاردەرانی ڕەدە باڵای تاران و بکەرانی ئەو تێرۆرانە دەرچووە.

بە پێچەوانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، حیزبەکانی بەرهەڵستکاری ئەو نیزامە لە مێژووی ئەو ٤٣ ساڵەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و لێدانی دژبەرانیان، تێرۆر و تێرۆریزمیان لە ستراتێژیی خەباتی مافخوازانەی خۆیاندا نەگونجاندووە و کاریان لەسەر نەکردووە. بۆ وەبیرهێنانەوە باشە لێرەدا ئاماژە بە نامەی شەهیدی دەستی تێرۆر د. قاسملوو بکەین کە لە کاتی ئاگربەستی شەڕی ئێران-عیراق لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٨/٣زایینی، ڕوو بە سکرتێری گشتیی ئەوکاتی نەتەوە یەکگرتووەکان "پرز دوکۆیلار" نووسیویەتی. د. قاسملوو لە بەشێک لە نامەکەدا ئاوا باسی ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە تێرۆر و تێرۆریزم دەکا: "... ئاغای سکرتێر، حیزبی ئێمە کە ٤٣ ساڵە ڕابردووی تێکۆشانی سیاسیی دژی تێرۆر، بارمتەگرتن، فڕۆکە ڕفاندن و بەگشتی هەموو ئەو کارانە بووە کە گیانی کەسانی غەیرەنیزامی و بێدیفاع بخاتە مەترسییەوە، حیزبی ئێمە هەمیشە لایەنگری ئاشتی و دژی شەڕ بووە، ئێستا کە دەتانەوێ ئاشتی و هێمنایەتی باڵ بەسەر سنوورەکانی ئێران-عیراقدا بکێشێ ئەوە ئامانجی ئێمەشە...".

هەر لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆر و تێرۆریزمدا، د. قاسملوو لە وتارێکدا لە ئەنستیتۆی هاودەردی لەگەڵ ئەمریکای لاتین و ئەفریقا کە لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/١٠/٦ لە مادریدی پێتەختی ئیسپانیا پێکهاتبوو، دەڵێ: "... حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێکخراوێکی دێموکرات بەپێی ئوسووڵ و ڕێبازی خۆی، هەموو کات تێرۆریزمی لە فڕۆکە ڕفاندنەوە بگرە تا دەگاتە بۆمب دانانەوە و بارمتەگرتن، ڕەت کردووەتەوە و بەگشتی حیزبی ئێمە هەر کردەوەیەکی کە ژیان و هێمنایەتیی ئەفرادی غەیرەنیزامی و بێدیفاع بخاتە مەترسییەوە ڕەت دەکاتەوە...".

بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٩٦ی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمانی بریتانیا، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ تا ١٩٩٦ واتا نزیک بە ١٧ ساڵ، دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا لەسەر یەک، ٢٢٠ کەس لە ئۆپۆزیسیونی ئێرانیی دانیشتووی وڵاتانی دەرەوەی ئێران لەلایەن تێرۆریستە نێردراوەکانیەوە تێرۆر کردوون. ئەوە بێجگە لەو کردەوە تێرۆریستییانەیە کە لەسەر کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لەنێو خاکی باشووری کوردستان لەلایەن دەستوپێوەندییەکانی دەزگاکانی ئیتلاعات و ئەمنییەتی ئێرانەوە بەڕێوە چوون، کە بەداخەوە ڕادەیان خۆ لە ٤٠٠ کەس نزیک دەکاتەوە. کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا پڕە لە کردەوەی تێرۆریستی کە لە نووسینێکی وادا ناتوانرێ هەموو ئامار و ڕەقەمەکان بهێنرێنە بەر باس. هەر ئەو چەند نموونەیە بەباشی ڕوونی دەکاتەوە کە ئەوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن کە تێرۆر و تێرۆریزم وەک کەرەستەی مانەوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیان بەدژی دژبەرانیان بەکار دێنن و بەخۆشییەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی لە هیچ جێگایەکی ئەو جیهانە و لە هیچ دادگایەکدا بە، بەکارهێنانی تێرۆر و پەرەپێدانی تێرۆریزم تۆمەتبار نەکراون.

لێرەدا باشە وەبیر نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێتەوە کە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمەڵێک یاساوڕێسای نێودەوڵەتیی پەسند کردووە کە هەموو ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لەسەریانە پابەندی جێبەجێکردنیان بن و هیچکام لە ئەندامەکان ناتوانن بەپێچەوانەی ئەو یاساوڕێسایە بجووڵێنەوە، بۆ نموونە پاراستنی سەروەریی سیاسی و جوغرافیایی وڵاتان، واتا دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی و نەبەزاندنی سنووری ئەو وڵاتانە. بەڵام لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەک سەروەریی دەسەڵاتی سیاسی و جوغرافیایی وڵاتانی هاوسنووری خۆیان نەپاراستووە بەڵکوو بێ سڵەمینەوە لە یاسا نێودەوڵەتییەکان هەر کردەوەیەکیان ئامانج بووبێ، بەڕێوەیان بردووە کە نزیک بە تەواوی ئەو کردەوانەی کۆماری ئیسلامی، ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتانەیان خستووەتە مەترسییەوە و ئاخرین نموونە بۆمبارانی مووشکی و پەهبادیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و کەمپی نیشتەجێبوونی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بەداخەوە بوو بە هۆی شەهیدبوونی ١٧ کەس کە لە نێو شەهیدەکاندا منداڵی تەمەن یەک ڕۆژەش هەبوو.

لە کۆتاییدا ئێستا کە گەلانی ئێران بێ جیاوازیی نەتەوایەتی و ئایینی و سیاسی، زیاتر لە مانگێکە بەدژی زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕاپەڕیون و دروشمی نەمانی کۆماری ئیسلامی دەدەن کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەی پێوەندییە سیاسیی و دیپلۆماتیکەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوازێک بێننە خوارێ کە کۆماری ئیسلامی نەتوانی بە ئێعتباری سیاسی لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا بەشدار بێ و ئەوە دەتوانێ باشترین پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ خەڵکی ڕاپەڕیو و وەزاڵەهاتووی ئێران بێت.

بە دڵنیاییەوە بە نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تێرۆریزم گەورەترین پشتیوانی خۆی لەدەست دەدا و ئەوە دەتوانێ ئارامی و ئاسایش بۆ دەوڵەتانی ناوچەکەش بگێڕێتەوە. نەمانی کۆماری ئیسلامی یانی نەمانی تێرۆریزمی دەوڵەتی، نەمانی بەبارمتەگرتنی دەوڵەتی، نەمانی سەرکوت و زەبروزەنگ بە ناوی دینەوە، نەمانی تەفرەقە و دووبەرەکێی نێوان گەلانی ناوچەکە و... .

بە هیوای یەکگریی زیاتر لەپێناو سەرکەتنی گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران و ڕاماڵینی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

## وێـــستگە

# ژنان، لە قوربانیبوونەوە بۆ پێشەنگایەتی

**ئاسۆ مینبەری**

بەدرێژایی تەمەنی ئەو دەسەڵاتانەی کە حوکمیان بەسەر کوردستاندا کردووە و بەتایبەتیش تەمەنی کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە وەکوو دەسەڵاتێکی دژەژن پێناسەی بۆ کراوە، ژنان لە ڕیزی یەکەمین قوربانییەکاندا بوون.

ژنان وەکوو توێژێکی خاوەن بەهرە و توانای تایبەتی کۆمەڵگە بە بەردەوامی کەوتوونەتە بەر هێرشی ناڕەوای دەسەڵات و یاسا داڕێژراوەکانی ئەو دەسەڵاتەی کە داڕێژەران و بونیاتنەرانی پیاوانێک لە ڕەگەزی ئاخوندەکان بوون، کە هیچکات توانای بینین و هەستکردن بە توانایی و لێهاتوویی ژنانیان نەبووە و چاویان بەرایی دیتنی سەرکەوتن و بەشداریی ژنان لە کایە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی نەداوە. خودی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر لە هاتنەسەرکاریەوە تاکوو ئەمڕۆ، بە هەموو جومگە و ناوەند و بەرپرسانیشیەوە بوونەتە قەڵغانێک بۆ بەرگری لە هێرشی ژنان، ئەویش هێرشی هزر و ئەندێشەیان!

وەستانەوەی ژنان لە بەرانبەر بیری دواکەوتووانەی دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ەوە خۆی نیشان دا، ژنان لە یەکەمین ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا، بەگژ بیری دواکەوتووی بەناو بەرپرسانی تازەبەدەسەڵاتگەیشتوودا چوونەوە و بە ڕێپێوان و ناڕەزایەتیدەربڕین لە سەر شەقام و لە زانکۆکاندا هەر ئەوکات دژی سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ هەڵوێستی توندیان گرت، بەڵام بەداخەوە جێگیربوونی دەسەڵاتی دژەن و بەدوور لە بیری مرۆڤتەوەرانە وای کرد کە ژنان هەر لەو کاتەوە وەکوو شارۆمەندی پلە چەندی کۆمەڵگە سەیر بکرێن و بکەونە پەراوێزەوە و بە بەردەوامی قوربانیی دەستی یاسا و خواست و ویستەکانی ئاخوندەکانی جەماران بن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ژنان هیچکات نەیانویستووە لە پێگەی لاوازی توێژی قوربانیی کۆمەڵگەدا جێگایان بێتەوە، یان پێناسەیان بۆ بکرێ، بۆیە لە ماوەی هەموو ساڵانی ڕابردوودا، هەرکات کە بۆیان لوابێ و هەرکات کە دەرفەتێ ڕەخسابێ، هاتوونەتە مەیدان و دژی هەموو یاسا داڕێژراوە بێبنەماکان و بیری دواکەوتووانەی دەسەڵات وەستاونەتەوە کە بێگومان کوردستان و ژنانی کورد لەم بوارەدا هەمیشە پێشەنگایەتییان لە ئەستۆ بووە.

قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی لەم زەمەنەی ئێستادا خاڵێکی وەرچەخان بوو بۆ دووبارە هەستانەوە و دووبارە هاتنە مەیدانی ژنان، وزەیەک بوو کە توانیی نەک تەنیا ژنانی دیکەش کە هەموو کۆمەڵگە بە هەموو چین و توێژەکانەوە بێنێتە سەر شەقام و بۆ جارێکی دیکە شەقام بهەژێنێ.

ڕەنگە ئەم بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی لە دەرەوەی بازنەی جوغرافیای دەسکردی ئێراندا دەژین، سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانی دوای مەرگی ژینا سەرسووڕهێنەر بووبێت، چونکە ڕۆژانە بە دەیان ژن لە کۆمەڵگەی ئێراندا دەبنە قوربانی، دەکوژرێن، خۆیان دەکوژن، تووشی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و دوورەپەرێزی دەبن؛ بەڵام بۆچی وەکوو مەرگی ژینا هیچ کردەوەیەکی تۆکمەی وەک ئەوەی ئێستایان بەدوادا نایەت؟

مەگەر کچی شین (دختر آبی) قوربانیی سیاسەتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی نەبوو کە بەهۆی ئەوەیکە نەیتوانی یاریی تیمە دڵخوازەکەی ببینێ خۆی سووتاند و گیانی لەدەست دا؟ ئەی بۆچی هیچ کاردانەوەیەکی لە چەشنی ئەوەی ئەمڕۆی سەر شەقامەکانی کورستان و ئێرانی بەدوادا نەهات؟ ئەویش وەک هەزاران ژینای دیکە قوربانیی دەستی دەسەڵاتێک بوو کە باوباپیرانیشی ڕەنگە بەدڵیان نەبووبێ، بەڵام ملکەچ بوون و دەنگیان لێوە نەهات و گوتیان با قوربانی بین!

ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە دەبێ لە سەری ڕاوەستین. کورد بە درێژایی مێژووی خوێناویی خۆی هیچکات نەیویستووە کە قوربانی بێت. هەمیشە هەموو سەرکردەیەکی کورد لە هەر بڕگەیەکی مێژوودا و لە هەر بەشێکی ئەم جوغرافیا لەتکراوەدا، هەوڵی ئەوە بووە کە بوون و شوناسی خۆی بسەلمێنێ، هەوڵی داوە بە پێناسەی دروست لە خواست و ویستی نەتەوەیی، ڕێگا بۆ نەوەکانی داهاتوو ڕوون بکاتەوە، بەڵام لەم پێناوەدا هەمیشە تووشی لەمپەر بووە، بۆیە لە هیچ جێگایەکی مێژووی ئێمەی کورددا نابینرێ کە جیا لە مافی خۆمان، دەستدرێژیمان بۆ سەر ماف و خاک و نیشتمانی کەسی دیکە کردبێ هەمیشە هەوڵمان داوە لە بەرانبەر هێرشەکاندا بەرگری لە خۆمان بکەین و مافی خۆمان وەدەست بێنین.

مەرگی ژینا بۆ ئێمەی کورد دەستدرێژی بۆ سەر بوون و شوناسمان بوو، هەر بۆیە بە هەموو هێز و تواناوە هەوڵمان دا لە بەرانبەر دوژمنی سەرەکیماندا کە کۆماری ئیسلامییە ڕاوەستین، ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد خاوەندارەتیمان لە خۆمان کرد و بێدەنگیمان هەڵنەبژارد، هاتینە مەیدان و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، بۆ جارێکی دیکە "نا"مان بە کۆماری ئیسلامی گوت و بەڕاشکاوی پێمان ڕاگەیاند کە ئێمە هەر وەک ٤٣ ساڵی ڕابردوو کە بۆ نەهاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمە هاتینە مەیدان و بە کردەوە دژکایەتیمان لەگەڵ بوونی کرد، ئەوە ئێستاش پاش ٤٣ و پاش وەخەبەرهاتنەوەی باقی توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران، دیسان هەر لەو مەیدانی کردەوەیەداین و بە کردەوە سەلماندوومانە نامانەوێ قوربانی بین.

بەڵام خاڵی گرینگی ئەمجارە بوون و ڕۆڵی ژنان بو، ژنان لە کوردستان بە بەردەوامبوون لە ڕاپەڕینی ئەمجارە، سەلماندیانەوە کە وەک هەمیشە نەک ڕۆڵی قوربانییان بۆ خۆیان پێناسە و قەبووڵ نەکردووە، بەڵکوو بەپەڕی هەست بە بەرپرسایەتی و باوەڕبەخۆبوونەوە، پێشەنگایەتی ئەم ڕاپەڕینە دەکەن و ئامادەن لە پێناو دەستەبەرکردنی و ماف و ئازادییەکانیادا هەموو جۆرە نرخێک بدەن.

# پڕۆژەی ناوچەی دژە فڕین بردرایە کۆنگرێسی ئەمریکا

ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەزبەر (١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢) خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، لە درێژەی کۆبوونەوە ئاشکرا و داخراوەکانیدا، بە سەرۆکایەتی شاندێک گەیشتە کۆنگرێسی ئەمریکا و لە لایەن کۆنگرێسمەن مایکەڵ والتز بەگەرمی پێشوازیی لێ کرا.

لەو دیدارەدا، عەزیزی تیشکی خستەسەر دوایین ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان و ئێران و لەم پێوەندییەدا بە وردی بارودۆخەکەی شی کردەوە. هەروەها داوای لەو ئەندامە خاوەنڕایەی کۆنگرێس کرد کە هەوڵ بدات گوشار بخاتە سەر بەڕێوەبەرایەتیی بایدەن تاکوو ئەمریکا لە پاڵ گەلانی ئێران و خەڵکی ڕاپەڕیووی ئەو وڵاتەدا ڕاوەستێت.

لەم چوارچێوەیەدا وتەبێژی حیزب خوازیاز بوو کە ئەمریکا بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیل وەکوو کردەوەیەکی مرۆیی بیر لە ناوچەی دژە فڕین بکاتەوە تاکوو بەم جۆرە گیانی بە دەیان هەزار کەس بپارێزن کە بە هۆی هەڕەشە و مووشەکباران و کردەوەی تیرۆریستیی ئێران و سیاسەتی سەرکوتەوە گیان و ماڵیان کەوتۆتە بەر مەترسی.

عەزیزی لەو دیدارەدا پێی لەسەر ئەوەش داگرتەوە واشنگتن و هاوپەیمانەکانی دەتوانن بە دابینکردنی ئێنترنێتی خۆرایی یارمەتیی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بدەن و هەروەها دەست لەو قسەوباسە هەڵگرن کە ئەوان بە دوای گۆڕانی ڕێژیم لە ئێرانەوە نین، بۆیە ئەوان دەبێ ئەو ئەرک و هەنگاوە بۆ خەڵکی ئێران جێ بهێڵن کە خۆیان چییان دەوێ و خوازیاری چ جۆر حکوومەتێکن!



کۆنگرێسمەن والتز لەو دیدارەدا ڕایگەیاند لە سۆنگەی گرینگیدان بە پرسی ئێران و کوردستانەوە بۆ دۆخەکە دەڕوانێ و هاوکات شێلگیرانە باسی لەوە کرد کۆی دید و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شیاوی بیر لێکردنەوە و پشتیوانین. ئەو وێڕای پێداگری لەسەر بەردەوامیی پێوەندییەکانیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند لەگەڵ هاوبیرەکانی کار بۆ جێبەجێکردنی لەسەر ئەو پڕۆژە و بەرنامانە دەکەن.

# دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە پاوانی کەسدا نییە



د. کامران ئەمینئاوە

یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاکێشانی جەماوەری خەڵک بۆ نێو نارەزایەتییەکانی دژ بە دیکتاتۆریی، هەڵبژاردنی دروشمی دروستە لە ساتەوەختی گونجاودا. لە مانگی خەرمانانی ئەمساڵدا، دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دوای ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی نەمر ژینا [مەهسا] ئەمینی لە سەقز، دەستبەجێ هەموو شارەکانی ئێرانی تەنییەوە و گەیشتە ئەودیوی سنوورەکانیش.

ژنانی ئێران وێڕای تاقەتهێنانی ئازار و مەینەتی هاوبەش بۆ هەموو گەلانی ئێران، هاوکات ڕووبەڕووی دوو هێندە ئازار و ستەمێکن کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕەگەزەکەیانەوە هەیە، واتە ژنبوونیان. کۆماری ئیسلامیی وێڕای دەستێوەردان لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵک بەگشتی و، ژیانی ژنان بە تایبەتی، ئەوانی لە سەرەتاییترین ماف و ئازادی تاکەکەسی وەکوو هەبوونی مافی جەستە و لەبەرکردنی جلوبەرگ بێبەش کردووە، سووکایەتیی پێ کردوون و، هەرێمی خۆیی[خوسوسی] ئەوانی پێشێل کردوە. هەر لەبەر ئەوەش لەم ماوەیەدا، دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بەپێی هەستیاری بە ستەمی ڕەگەزیی نیوەی کۆمەڵگە، بوو بە دروشمێکی گشتگیر و کۆکەرەوە لە بزووتنەوەی بەرهەڵستیی کچان و کوڕان و، ژنان و پیاوانی ئێران لەسەر شەقامەکان.

نێوەڕۆکی هەموو دروشمێک بێ لەبەرچاوگرتنی شێوەی شکڵگرتن و بەسەر زمان کەوتنی، دەکرێ لە لایەن بیسەر و خوێنەری بە شێوەی جۆراوجۆر لێک بدرێتەوە یا تێگەیشتنی جیاوازی لێ بکەوێتەوە. ئەم پرسە، تێگەیشتن لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یش لەخۆدەگرێت.

سەبارەت بە مێژووی ئەم دروشمە بۆچوونێکی هاوبەش نییە، هەندێک پێوەندیی دەدەن بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوانەی ژنانی کوردی تورکیە لە ساڵی ١٩٨٧ و دواتر و بە مانگرتنی "دایکانی شەممە" لە ئەستەمبوڵ لە کاتی نارەزاییەتی دەربڕین لە بزربوونی منداڵەکانیان [دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە کوێوە هاتووە، سۆما نگهداری‌نیا]. کەسانێکیش پێیان وایە دroووشمەکە لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە سەری هەڵداوە؛ هەندێک کەسیش ئەم چەشنە ئەگەرانە بە تەواوەتی ڕەت دەکەنەوە.

ئەوەی ڕوونە، ئەم دروشمە زۆرتر لەم ساڵانەی دواییدا و، بە تایبەت لە پێوەندیی لەگەڵ بەرخۆدانی شاری کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان، کە ژنان و شەڕڤانانی بوێری کورد بە سەرکردایەتی "یەکینەکانی پاراستنی گەل" لە شەڕی دژ بە هێزە هەتا ددان چەکدارکراوەکانی داعش حەماسەیان خوڵقاند، بەرز بۆتەوە، هەتا ئەو جێگایەی لە فیلمی "کچانی خۆر"دا کە هونەرمەندی بەناوبانگی ئێرانی خاتوو گۆڵشیفتە فەراهانی ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕا، ڕەنگدانەوەی بووە.

ئەم دروشمە و زۆر دروشمی دیکە وەک "نان، ماڵ، ئازادی" لەو هەلومەرجەیدا کە ڕەنگدانەوەی خواستی ئەو ساتە بوون، لە شوێنی جوغرافیای سەرچاوەگرتنیان تێپەڕیوون و ڕەنگدانەوەیان لە ئاستی جیهاندا بووە. لە ڕاستیدا پەرەسەندن و جەماوەری بوونی سەرکەوتووانەی دروشمێک پێوندی بە بوونی بەستێنی شیاو لە کۆمەڵگەدا هەیە. دروشمێک لە شوێنێکدا بەر و بەرهەمی دەبێ کە پاشخانی پێویست بۆ وەدیهێنانی تەیار کرابێ. جیهانیبوونی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دوای ناشتنی تەرمی نەمر ژینا [مەهسا] ئەمینی، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم ڕاستییەیە.

لە ڕاستیدا، هەموو ئەو زەمینە عەینی و زەینیانەی کە پێویستن بۆ جەماوەریبوونی ئەم دروشمە، لە کۆمەڵگەی ئێراندا ئامادە بوون. سەرکوتی بەردەوام و ٤٠ ساڵەی ژنان لە ڕێژیمی ئیسلامی، کوشتنی قێزەونی ژینا ئەمینی و خۆڕاگری بنەماڵەی خەمباری ئەو لە بەرامبەر گوشاری هێزە سەرکوتکەرەکان بۆ ناشتنی نهێنی کچەکەیان و، بەشداریی بەرفراوانی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی سەقز و دەوروبەر لە ڕێوڕەسمی ناشتنیدا، مێژووی خەباتی دژە حکوومەتیی لە کوردستانی ئێران و ڕۆڵی بەرچاوی حیزبە کوردستانییەکان لە ڕێکخستنی خەباتە مەدەنییەکانی خەڵک، پێشینەی چەندین مانگرتنی سەرکەوتوو لە کوردستان بە بانگەوازی ئەو حیزبانە، گەشەکردنی خەباتی مەدەنی و بەرگری لە مافی مرۆڤ لە کوردستان و، هێنانە ئارای بەوەختی ئەم دروشمە لەلایەن یەکێک لە بەشداربووانی ئەم ڕێوڕەسمە، توانی بەپێی گونجاوبوونی لەگەڵ بارودۆخی عەینی و زەینی ئەم ساتەوەختە، لە کورتخایەندا سنوورەکانی شاری سەقز و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێپەڕێنێ و لە لایەن میلیۆنان مرۆڤی ئازادیخواز لە ئێران و جیهان پێشوازیی لێبکرێ.

بێگومان ئەو کەسەی بۆ هەوڵ کەرەت لە تورکیا ئەم درووشمەی گەڵاڵە کرد و، ئەوەی بۆ یەکەم جار لە ڕێورەسمی ناشتنی نەمر ژینا هێنایە ئاراوە، دەتوانن شانازیی بەوە بکەن کە ئەم دروشمە نەخشێکی شیاوی لە وروژاندنی بزووتنەوەیەکی ئاوا گشتگیردا بووە. بەڵام، بڵێی ئەوە بەم مانایە بێ کە ئەو حیزب یان کەسانەی داهێنەری سەرەتایی ئەم درووشمە بوون ڕۆڵی سەرەکییان لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستاندا گێڕابێ؟ و مافی پاوانکاریی و خاوەنداریەتی ئەم دروشمەیان هەبێ؟! یاخود بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی گرینگی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا و بە تایبەت بەرخۆدانی بێهاوتای خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نکۆڵی لە سەرچاوە، یاخود یەکەم داهێنەری ئەم دروشمە بکرێ کە بۆ ساڵانی دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردوو لە تورکیە دەگەڕێتەوە؟ وەڵامی هەردوو پرسیارەکە نەرێنییە!

جەماوەریی بوونی دروشمی ڕاگەیەندراوە لە لایەن کەس یا حیزب و گرووپێک مافی پاوانکاریی و خاوەنداریەتی دروشمەکەیان پێ نادات. چونکە ڕەنگدانەوە و جەماوەریی بوونی دروشمێک لەنێو خەڵکدا، لەکردەوەدا ئەم دروشمە لە خاوەنداریەتی حیزب و کەسی داهێنەری دەهێنێتە دەرێ و دەیکاتە موڵکی جەماوەرێک کە ویست و پێداویستییەکانی خۆیان تێدا دەبینن و زۆربەیان هیچ زانیارییەکیان لەسەر داهێنەرەکەی نییە و، لەودەچێ کێشەی فیکریی ئەوانیش هەر نەبێ! لە لایەکی دیکەشەوە ناکری لەبەر بەرژەوەندی یاخود ڕکەبەرکێی تاکەکەسی یان حیزبی نکۆڵی لە مێژوو و سەرچاوەی سەرهەڵدانی دروشمێک بکرێ.

بەم پێیە، راکێشانی بیر و سەرنجی خەڵک لە فەزای مەجازی بۆ ئەم جۆرە پرسانە، نەخشاندنی درۆیینی دەور و خۆگەورەنیشاندانێک کە جاروبار دەکێشرێتە نێو فەزای مەجازی و دەزگا بڵاوکردنەوە گشتییەکانی پڕبینەریش، تەنیا دەبێتە هۆی بەلاڕێدا بردنی بیری خەڵک لە پرسە سەرکییەکان، کە هەمان هاودەنگی و یەکیەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش و گشتگیر، گۆڕانکاریی کۆمەڵگە و ڕووخاندنی حکومەتی ئیسلامیی ئێرانە.


خەڵکی ئێران لەم قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازەدا، بە دوور لە هەر جۆرە جیاوازییەکی ئایدۆلۆژی - نەتەوەیی و، بەبێ هەبوونی سەرکردایەتییەکی دیار، بە دەربڕینی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بۆ گەیشتن بە دیموکراسی، ئازادی و مافە پێشێلکراوەکانیان لە ئێران تێدەکۆشن. ئەوەشمان لەبەر چاو بێ، بۆ یەکەمجار لە مێژووی پتر لە ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات لە تەواوی جیهان، بە شێوەیەکی بەرفراوان پشتگیری لەم ڕاپەڕینە دەکەن.

بۆیە وروژاندنی بابەتگەلێک کە دەتوانێ زیان بەم یەکیەتییە بگەیەنێ، هیچ سوودێکی بۆ بزووتنەوەی جەماوەری لە ئێران نابێ.




## هەگبەی شاخ و شۆڕش

## خوێنت سروودی سەرکەشی زەمان



شەهید حەمە ئاسنگەرانی



برایم چووکەڵی

**ڕوونکردنەوە:**

**ژمارەی پێشوو پاش ناردنی بۆ چاپ زاندرا کە گۆشەی "هەگبەی شۆڕش و شاخ" نوێ نەکراوەتەوە. ئەگەرچی فایلی pdfی ڕۆژنامە بۆ سەر سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چاک کرا، بەڵام فریای نوسخەی کاغەزیی ڕۆژنامە نەکەوت. بۆیە بە داوای لێبوردن لە خوێنەران و بنەماڵەی شەهید حەمە ئاسنگەرانی جارێکی دیکە ئەو بابەتە دادەنرێتەوە.**

***

ئەوەی بەلای مرۆڤە مەزنەکان و ئینسانە هەڵکەوتووەکانەوە زۆر زیاتر لە چەمکی بوون یا نەبوون گرینگی پەیدا کردوە، کەیفییەت و بایەخە بەرزەکانی ژیان و ئینسانییەتە کە خود واتایەکی سەدچەندان و پیرۆزی بەم چەمکە بەخشیوە. لای مرۆڤە سەربەرز و ئازادەکان ئەوەی گرینگە چۆن بوون و چۆن ژیانە کە ڕەهەندێکی والاتر بە ئینسان و ئینسانییەت دەبەخشێ کە واتە گرینگ چۆن بوونە، ئەو ڕەهەندە بەرزەی کە لەهەر دەورەیەکدا تەنیا لە سیمای ژمارەیەکی کەم مرۆڤەکاندا خۆ دەنوێنێ.

بە چاوخشاندنێکی کورت بە سەر کارنامەی قارەمانانی هێزی "بێستوون"دا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو هێزە زۆر سیمای ناسراوی تێدابووە کە بە خوێنی خۆیان داری ئازادییان ئاو داوە و تەنانەت ئالای خەباتیان هەرشکاوە ڕاگرت، قارەمانانی وەک شاپوور فیروزی، سالار ئیبراهیمی، محەممەدکەریم نەدیمی، ئەحلە میسری و مینبەرییەکان و سەدان شەهیدی دیکە کە بە خوێنی خۆیان شانازیی خۆڕاگریی نەتەوەیەکیان تۆمار کردووە. لە "هەگبەی شاخ و شۆش"ی ئەمجارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا لاپەڕەکانی ژیانی قارەمانێکی وەک محەممەد محەممەدی ناسراو بە "حەمە ئاسنگەرانی" لە هێزی بێستوون هەڵدەدەینەوە و یاد و ناوی بەرز ڕادەگرین.

شەهید محەممەد محەممەدی ناسراو بە (حەمە ئاسنگەرانی) ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە ئاوایی ئاسنگەرانی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکیش چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. بەرەبەرە کە گەورە بوو، کتێبی بەدەستەوە گرت و ڕووی لە قوتابخانە کرد. پۆلەکانی سەرەتایی خوێندنی لە گوندەکەی خۆیان تەواو کرد، بەڵام بەداخەوە وەک زۆربەی منداڵانی ئەو سەردەمەی کوردستان نەیتوانی لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بدا و وێڕای بنەماڵەکەی ڕووی لە کاری وەرزێری کرد و پاشان بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر ڕووی لە شارەکانی ئەهواز و ئابادان کرد.

محەممەد تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لەو شارانە کاری کرێکاری کرد. پاش هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئاخوندی و دەست بەسەر داگرتنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتایبەتی گەلی کورد لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە، محەممەد خۆی بە بنکەی حیزبی ناساند و یەکێک لەو لاوانە بوو بە هەموو تواناوە ئەرکی حیزبی بەڕێوە دەبرد. کاتێکیش کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر شاری کامیاران، حەمە ئاسنگەرانی لەو کەسانە بوو بۆ دیفاع لە خەڵکی شارەکەی لە ڕیزی تیکۆشەرانی دێموکراتدا سازمان درا و وەک پێشمەرگەیەکی ئازا بەرگریی لە شارەکەی دەکرد.

دوای گرتنەوەی شاری کامیاران وێڕای هاوسەنگەرانی چیاو دۆڵو شاخەکانی کوردستانی لە دوژمن کردە دۆزەخ و لە چەندین شەڕی قارەمانانەدا وەک شەڕی ماویان، پشتە، ئەلەک، ماراو، کوڕەدەرە، تەختی زەنگیهدا وێڕای هاوسەنگەرانی دەرسێکی باشیان بە هێزی کۆنەپەرەستی دا، و نیشانی دا کە بەڕاستی ڕۆڵەیەکی لێهاتوو، فیداکار و بوێرە.

حەمە لە هاوینی ١٣٦٠ لە شەڕی قارەمانانەی نێوان گوندەکانی "کوڕەدەرە" و "تەختی زەنگی"دا بریندار بوو، و پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی بە ورەیەکی بەرزترەوە گەڕاوە سەنگەر و ئازایانە بەگژ دوژمندا دەچۆوە.

حەمە ئاسنگەرانی بە هۆی لێزانی و هەڵسوورانی بێوچان بوو بە ئەندامی کومیتەی شارستانی کامیاران. ئەو سەرەڕای ئەوەی کادرێکی خۆشەویست لەنێو خەڵک و هاوسەنگەرانیدا بوو، هەمیشە وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان لە شەڕەکاندا بەشداریی دەکرد. ئازایەتی، فیداکاری، بوێری و خۆشەویستی لەنێو هاوسەنگەرانیدا لەو تایبەتمەندییانە بوون کە بوونە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاویدا لەلایەن کومیتەی کرماشان و هێزی بێستوونەوە وەک فەرماندەری لکی "شەهید نادر" دیاری بکرێ.

شەهید محەممەد ئاسنگەرانی لەو ماوەیەدا وەک فەرماندەیەکی بەتوانا، شیاوی ئەو ئەرکە بوو کە پێی ئەسپێردرابوو. ئەو لەگەڵ هاوسەنگەرانی بە توازوع، ڕووخۆش و زۆر دۆستانە کارەکانی لەگەڵ پێشمەرگەکان بەڕێوە دەبرد. هەر لەم کاتەدا ئەوەندی لەگەڵ پێشمەرگەکان لەسەرەخۆ بوو، سەت هێندە لەبەرانبەر دوژمندا توند و چالاک و هەلمەتبەر بوو.

شەوی ١٦ی جۆزەردان ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی پێشمەرگەکانی هێزی بێستوون و زرێباری مەریوان لە سەعاتی ١١ی شەودا هێرشیان کردە سەر پایەگای دوژمن لە گوندی وێزیەر. شەڕێکی گەرم لەنێوان هێزی پێشمەرگە لەلایەک و هێزی دوژمن لەلایەکی دیکە دەستی پێ کرد. پاش شەڕێکی قارەمانانە زەبرێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند. کوڕی تیکۆشەری قارەمان بە فەرماندەیی حەمەی ئاسنگەران هەڵمەتی بۆ دوژمن دەبرد، بەڵام بەداخەوە لە گەرمەی شەڕدا گوللەی جینایەتکاران و خۆفرۆشان سینگی ڕۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان فەرماندە حەمەی دڕی و خوێنی پاکی کەوتە سەر خاکی پاکی کوردستان.

# کۆماری ئیسلامی پێش ڕووخانی لە تاران، لە کوردستان ڕووخاوە!



شەمزین ئەحمەدنژاد

وەزیــری دەرەوەی ئێران ڕۆژی ٢٣ی ڕەزبەری ئەمساڵ، لە چاوپێکەوتنێکدا دەگەڵ قاسم ئەعرەجی، سکرتێری شوڕای بەرزی ئەمنییەتی عێراق جارێکی دیکە ڕایگەیاندووە کە "ناتوانن ببینن چیدی هێزە چەکدارە تێرۆریستەکان و جووڵەی ئەوان لە باشوری کوردستان بەردەامە." ئەمیر عەبدوڵلاهیان هاوکات داوای کردووە هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بەرپرسایەتیی تەواوی خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ بە گوتەی خۆی [گرووپە تێرۆریستییەکان] لە هەرێمی کوردستانن جێبەجێ بکات. بەرپرسانی ئێران لە ماوەی ڕۆژانی ئەم ڕاپەڕینەدا زۆرترین جار وشەی تێرۆریستیان بەرامبەر بە حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکار هێناوە.

گۆڕینی سیاسەتی ڕێژیم بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردستان لە "تەجزیەهەراسی" و "دژەشۆڕش"بوونەوە بۆ بە "تێرۆریست" ناوبردنی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە خەستی بۆتە بەشێک لە بەرنامەی کاری ڕێژیمی ئێران و حکومەت و وەزارەتی دەرەوە و، سەرجەم دامودەزگاکانی ڕێژیم زۆر بە چڕی خەریکن کار لەسەر ئەم بابەتە و بۆڵدکردنی دەکەن.

کۆماری ئیسلامی پتر لە چوار دەیەیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و نوێنەرانی ئەم بزووتنەوە کە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە "مونحەلە-هەڵوەشاو"، "دژبەر"، "تەجزیەتەڵەب"، "دژەشۆڕش"، "دەستوپێوەندیی ئیستکبار و ئیمپریالیزم" و... ناو دەبات. هەموو ئەو ناسناوانەش لە قۆناغی جیاجیا و بە سرنجدان بە تێگەیشتنی ڕێژیم لە پێگەی خۆی و بیروڕای گشتیی ئێران ئەندازیاری کراون.

### ئینقلابیبوونی ڕێژیم و خەڵک

سەردەمێک کە ئینقلابیبوون بە مانای پێڕەوی خومەینی و شۆڕشی ئیسلامیبوون لە ئێراندا خاوەن پێگەیەکی جەماوەریی بەهێز بوو، دژەشـۆڕش بوون باشترین چەکی دەستی ڕێژیم بوو کە دەیتوانی لە ڕێگەی ئەوەوە ڕەوایی بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی کوردستان و هەموو گەلانی دیکەی ژێردەست لە ئێراندا وەربگرێت. کانسێپتی پیرۆزبوونی شۆڕشی ٥٧ ئیدی ماوبەسەرچووە و ژوورە فکرییەکانی ڕێژیم ئەوە باش دەزانن ئەوەی ئێستا دژی شۆڕشە، زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئێرانە بە زۆرینەی ئەو نەوەشەوە کە بەشێک بوون لە سترۆکتۆری شۆڕشە ئیسلامیەکە و وەک دەگوترێ خاوەنەکانی شۆڕش بوون.

### تەجزیەتەڵەبی

تەجزیەتەڵەبی کارکردێکی پاراڵیلی هەبوو و لە ڕاستیدا یەکێک لە کۆڵەکەکانی ڕاگرتنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی فارسی بووە. هاوکار دەگەڵ دەسەڵاتی جێگیر لە تاران زۆرینەی ڕەهای دژبەرانی ڕێژیم و ئازادیخوازانی ئێرانییش لە ترسی بە گوتەی خۆیان دابەشبوونی ئێران بەشدار دەبوون لە سەرکوتی سیاسیی کوردستان و ئامانجەکانی، بەڵام بە مێتۆدی جیاوازتر. سەرکوتی سپی کە بریتی بوو لە دانپێدانەنان بە مافەکانی کورد و بە هەڕەشەبینینی کورد دوکتورینی چەندین ساڵەی ئەم ڕەوتانە بووە. ئەم سەرکوت و سانسۆرکردنە بەتەواوەتی لە دووریکردنی هێزە سەرتاسەرییەکان لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێراندا دەبیندرا و هەتا ئەم دواییەش لانیکەم لە ئاستی دەرەوەی ئێراندا زۆر بەهێز درێژەی بە ژیانی خۆی داوە.

ئەوان ئامادە نین پڕۆژەی سیاسی ڕوون بدەن و گشتبێژیی (کلی گویی) سیاسی بە ئامانجی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و پشتگوێخستنی مافی نەتەوەیی و ئینسانیانییەکانی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکانی ئێران و دووبارە بونیادنانەوەی لێڤیاتانەکەی تاران ئامانجی سەرەکییانە. بەکورتی قۆناغی پۆست کۆماری ئیسلامی لای ئەوان قۆناغی پۆستسانترالیزم و شۆڤێنیزم نییە. بەڵام لە ئاستی نێوخۆییدا و بەهۆی سیاسەتی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، فەرهەنگی سیاسیی دێموکرات و سێکۆلاری کورد لە ئێران، بەرگریی بێوێنەی بزووتنەوەی کوردستان، کەسایەتییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان و سیما وەرزشوانەکانی لە چەمکە مۆدێرنەکانی وەک مافی مرۆڤ، جیایی دین لە دەوڵەت، شکاندن و لەهێزخستنی ئۆتۆریتەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و بەکورتی، بوونی کوردستان بە هێمای بەرزی ڕوبەڕووبوونەوە دەگەڵ ڕێژیمی دژە ئازادیی ئێران وای کردووە کە، خەڵک سەربەخۆتر و هاوسەنگتر لە ڕەوتە سیاسیەکانیان، لە کورد، کوردستان و پرسەکەی بڕوانن.

لێرەدا ڕووی قسە زیاتر لە شەقامە. ئەم هاوپێوەندییە و هەروەها هاودەنگبوونی کورد دەگەڵ درووشمە سەرتاسەرییەکان وای کردووە پڕۆژەی تەجزیەهەراسیی حاکمییەت لەنێو بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی ئێرانیدا قورسایی جارانی نەمێنێت. پرسی ئەوەی کە کۆلۆنیالیزمی وەخۆگری ئێرانی چۆن لەو بارودۆخەشدا خەریکە ساپۆرتی ئاجێنداکانی خۆی دەکات باسێکی گرینگی تایبەت بەم دۆخەیە نوێیەیە، بەڵام وەک دەرفەتێکی تاکتیکی، کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکە لانیکەم هەتا قۆناغی ڕووخانی ڕێژیم دەتوانن کەڵکی لێوەرگرن.

بە کورتی بە هەمان شێوەی حاڵەتەکانی سەرەوە، بە دوژمن و داردەست ناوبردنی خەڵکی کوردستان چیتر ناتوانێ ڕەوایی بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان لانیکەم لە ئاستی شەقامی نێوخۆیی ئێراندا بەرهەم بێنێت. دروشمەکانی ئەم ساڵانەی ڕابردووی خەڵک وەک "دشمن ما همین جاست، دروغ میگن آمریکاست" بەڵگەن بۆ ئەوەی خەڵک سەرچاوەی هەموو کێشە، نەهامەتی، قەیران و ماڵوێرانییەک لە ڕێژیمدا دەبینن.

بە سرنجدان بە دۆڕانی چەمکە شەڕانخێوییەکانی ڕێژیمی ئێران لە مەیدانی گوتاری لە بەرانبەر بزووتنەوەی کوردستاندا، ئێستا دەسەڵاتدارانی تاران کە لە لێواری پێوەستبوون بە ئارشیوی حکومەتە ڕووخاوەکانی مێژوودا و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ئەوە دەدەن لە ڕووخان قوتاریان بێت، مەیدانێکی گوتاری و مانایی دیکەیان بۆ شەڕ دەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان و هەموو نەتەوەژێردەستەکانی دیکە لە ئێراندا چالاک کردووە.

### کۆماری ئیسلامی بۆچی چەمکی تێرۆریزم لەسەر هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەق دەکاتەوە؟

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی زیاتر لە ٤ دەیە خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەمووکات پڕەنسیپە یاسایی و ئەخلاقییەکانی شەڕیان بەرانبەر بە دوژمنەکەیان لە هەموو مەیدانێکدا و بەتایبەت لە مەیدانی شەڕدا پاراستووە. نوێنەرایەتیی سیاسی و باڵیۆزی سیاسیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جیهانی ڕۆژئاوادا هەمووکات ڕێزلێگیراو بوون و هیچ کات دەرگەی ژوورێکی دیپلۆماسی یان ڕێکخراوەیەکی سەر بەو پارتانە لەو وڵاتانە بە هیچ پاساوێک دانەخرا و دیپلۆماتێکیان دەرنەکرا، ئەویش لە کاتێکدا کە بەشی زۆری دیپلۆمات و نوێنەرایەتیی سیاسی حیزبی دێموکرات لەو کادر و پێشمەرگانە پێک هاتوون کە بەهۆی برینداربوون، چوونەسەرێی تەمەن و... کوردستان و گۆڕەپانەکانی شەڕیان جێ هێشتبوو و ڕوویان لەو وڵاتانە کردبوو.

ئەو جیهانەی لە دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و بەتایبەت لە دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتامبر بۆ سەر ئەمریکا زۆر بە پارێزەوە دەگەڵ هێزە نادەوڵەتییەکان هەڵسوکەوتی دەکرد، بەڵام بەرانبەر بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانی، هەموکات دەرگای ئاواڵا بووە. نامەیەکی پشتیوانیی سیاسیی حیزبی دێموکرات بەس بووە بۆ ئەوەی مافی مانەوەی یەکجاری لە هەرکام لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا یان ئەمریکا بدرێت بە هەر پەنابەرێک کە هەڵگری نامەکە بووبێت و ئەمەش دەرخەری قورسایی سیاسی و پرەستیژی نێودەوڵەتیی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بووە. دوو سکرتێر و چەندین ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکرات لە کاتی دانوستان دەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی و نوێنەرانی ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانی، لە لایەن تیمە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کران و دادگای میکۆنوس کە بە خوێنی ڕۆڵەکانی دێموکرات ڕووی سوور بوو، بوو بە گەورەترین بەڵگە لەسەر تێرۆریستبوونی ڕێژیمێک و ئەمەش لە چەشنی خۆیدا خاڵگۆڕانێک بوو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە دەوڵەتێک نەک گرووپ، یان هێزێک یان ڕێکخراوێک بە تێرۆریست بناسرێت.

لە درێژەی بەکارگرتنی چەمکەکان بۆ خۆشڕاگرتن و ڕادیکاڵڕاگرتنی مەیدانەکانی شەڕ دەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان وەک باس کرا ئەمجارەیان کۆماری ئیسلامی خەریکە چەمکێکی دۆڕاوی دیکە چالاک دەکات ئەویش چەمکی تێرۆریزمە. پرسیار ئەوەیە لەم بارودۆخەی ئێستادا کە چالاکیە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی وێردی زمانی ڕێبەرانی وڵاتانی ناوچە و میدیا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی جیهان و بە گشتی ڕۆژئاوایە، کۆماری ئیسلامی بەکام مەبەست ئەم چەمکە دۆڕاوە بەرامبەر بە هیومانیستیترین بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە چالاک دەکات؟

بۆ دیتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ سەرەتا ئەوە باس بکەین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مێژووی ژیانی نگریسی سیاسیی خۆیدا وەک ڕووداوەکانی دوای تێرۆرکردنی ژینا ئەمینی لەلایەن پۆلیسی تارانەوە ڕووبەڕووی کێشە و ئاستەنگی جدی نەبۆتەوە. ڕەنگە خوێندنەوەکان جیاواز بن، بەڵام کۆماری ئیسلامی پێش و پاش ٢٣ی خەرمانانی ئەمساڵ دوو کۆماری ئیسلامیی جیاوازن.

ڕەنگە زۆر سیمبولیک بێتەوە، بەڵام بۆ سەلماندنی جیاوازییەکەی تەنیا قسەی بابی شەهید "فەرەیدوون محەمەدی" تان وەبیر دێنمەوە کە لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمی کوڕەکەی لە شاری سەقز بە زمانێکی زۆر ساکار گووتی: "ئەمە کۆنە! ئەم کۆنەپەرەستییە و ئەشی بڕوات، ئەشێ نەمێنێت!" بۆیە دەکرێ هۆکاری چالاککردنی چەمکی تێرۆریزم بەرانبەر بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بەم شێوەیە پۆلێن بکرێت:

یەکەم، بێدەنگکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی جیهان لەحاند هێرشەکانی بۆ سەر بزووتنەوەی سیاسەی ڕۆژهەڵات لە باشور و پێشاندانی ئەم دەستدرێژییانە وەک خۆپاراستن لە بەرامبەر هەڕەشە و مەترسیی تێرۆردا.

دووهەم، هەوڵدان بۆ گوشارخستنە سەر حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و تاوانبارکردنیان بەوەی داڵدەی هێزی تێرۆریستی دەدەن و بەمەش بردنەپێشی سیاسەتی خۆی لەو پێوەندییەدا.

سێهەم، دروستکردنی کلیشەی نوێ لە بیروڕای گشتی ئێرانیدا سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردستان کە ئێستا ئیدی لە ئاستی هەموو ئێراندا خاوەنی قووڵایی نفوزە و کاریگەریی سەرتاسەریی هەیە. بە سرنجدان بەوەش کە لە ماوەی ڕابردوودا بەردەوام حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی بە هۆکاری نائارامی کوردستان ناو بردووە، ڕەوایی زیاتر بۆ سەرکوتی دڕندانە لە کوردستان بەدەست بێنێت.

چوارەم، ناسیۆنالیزمی ئێرانی-شیعە، خەریکە لە ئێستاوە ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا و لەو ڕێگایەوە کۆسپی جدی لە بەردەم پرسی کورد و گەلانیتر لە داڕشتنەوەی ئێرانی نوێدا دروست بکات و ڕەنگە بەشی زۆری نوخبەی سەر بە ناسیۆنالیزمی سێکۆلار-کەونارگەرای ئێرانیش ئەمەی پێ ناخۆش نەبێت.

پێنجەم، ڕێگریکردن لەوەی پێشمەرگە ببێتە سیمبولی ئازادی لە هەموو ئێراندا. لە حاڵەتی هێماییدا بەدەستهێنانی ئەو ناسنامە لەلایەن کوردەوە، کۆگای کەرەسەکانی شەڕی نەرمی کوردستان یەکجار دەوڵەمەند دەکات و قووڵایی نفوزی کوردستان زیاتر پەرە پێ دەدات.

شەشەم، ئامادەکاری بۆ هێرشێکی گەورەتر و بەربڵاوتر بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە بە سیاسەتی ئێستای بزووتنەوەی کوردستان و ناوەندی هاوکاری و بە تایبەت وڵامدانەوەی ئەم دواییەی ناوەند بە بانگەشەکانی سوپا بۆ هێرشی زەمینی، ئەگەرێکی زۆر بەهێزە.


حەوتەم، ئامادەکردنی ڕووسیە و چین و هاوپەیمانەکانی بۆ ئەوەی لە ئەگەری باسکردنی هێرشی هاوشێوەی ئەمە و ئیدانەکردنی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا، پاساوی پێویست بۆ ڤێتۆکردنی ئەم بابەتە هەبێت. بەتایبەت بە بەرجەستکردنی ئەم بابەتە کە دەوڵەت نەتەوەیەک -دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی- دەکەوێتە مەترسی و سیستەمی جیهانییش بەم بابەتە هەستیارە. نامەی نوێنەری هەمیشەیی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تێرۆریست ناوبردنی حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات لەپاش کردەوە تێرۆریستیەکانی ڕێژیم بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ئەم حیزبانە بەشێکن لەو پلانە نوێیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێستادا بەتەواوی تەمابڕاو بووە و لە ڕووی داماوییەکی قووڵەوە کە تووشی بووە، پەنا بۆ هەموو شتێک دەبات. جیهان ئەم ڕێژیمە بە ڕێژیمێکی یاغی، بارمتەگر و پشتیوانی پلەیەکی تێرۆر دەناسێت. گەورەترین هێزی چەکداری ئەو وڵاتە لە لیستی تێرۆری ئەمریکادایە و سەرکردەی مەترسیدارترین گرووپە تێرۆریستییەکانی جیهان لەو وڵاتەدا دەژین. ئەم ڕێژیمە هێمای حکومەتێکی توندئاژۆی دینیی پاوانخوازە کە بەتەواوی ڕێگەی خۆی لە فرەیی و پلۆرالیزم جیا کردۆتەوە.

بۆیە ئەگەر هەر دەسەڵاتێک بتوانێ دۆخی ئانارشیکی نێودەوڵەتی بۆ خوێندنەوەی بەرژەوەندیخوازانە لەسەر تێرۆر بەکار بێنێ، کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆی ماکەی تێرۆرە ناتوانێ ئەوە بکات.

ئەو هەموو ترسەی کۆماری ئیسلامی لە بزووتنەوەی سیاسی کوردستان و حیزبەکانی ڕاستییەکی گەورەی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کۆماری ئیسلامی پێش ڕووخانی لە تاران دەمێکە بە دەستی کورد ڕووخاوە. ئەم ڕووخاوبوونەیە ئاوا هیستریکی کردۆتەوە بەرامبەر بە کۆمەڵگەی کوردستان و، کوردستانی کردۆتە سەنگەری یەکەمی جێبەجێکردنی هەموو سیاسەتێکی دژەمرۆیی خۆی.

## زیندان بەزێنەکانی ئێمە



نایب عەسکەری

ئەوە مافێکی بنەڕەتیی هەر تاکێکە کە مافی بیرکردنەوەی ئازادی هەبێت. هیچ کەس نابێ لە سۆنگەی خەبات بۆ مافی خۆی و بەهۆی نارەزایەتیدەربڕین دژبە ستەم و بێمافی، و لەسۆنگەی هەبوونی بیروباوەڕی جیاواز و چالاکیی سیاسییەوە دەستبەسەر و زیندانی بکرێت. ئەگەر قەرار بێت کەسێکیش بخرێتە گۆشەی زیندانەوە، ئەوە هۆکار و خوڵقێنەرانی ئەم بارودۆخەن کە دەبێ لە سووچی زیندان پەستاوترێن. واتە ئەو کەسانەی ڕۆڵەکانی خەڵک زیندانی دەکەن و ئەشکەنجەیان دەدەن، ئەوانەی وا جگەرگۆشەکانی خەڵک دەکوژن و لە گۆڕە بێ ناو و نیشانەکاندا بزریان دەکەن، ئەوانەی وا سەروەت و سامانی کۆمەڵگە بەتاڵان دەبەن و ڕەنج و بێبەشی و بێمافیی بەرین بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن.

لە ستوونی زیندانبەزێنەکانی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا، باس لە ژیان و بەسەرهات، دەسبەسەرکران و دۆخی زیندانییەکی سیاسی دیکە، "نایب عەسکەری" دەکەین کە ئێستاکە لە زیندانی ناوەندیی ورمێ بەند کراوە. بەندییەکی سیاسیی دیکەی کورد کە لەو ماوەیەدا کە لە زینداندایە، لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجەی زۆر دەستەملان بووە و بەردەوام لەلایە بەرپرسانی زیندانی ورمێوە کەوتۆتە بەر هروژمی بێڕێزی و بە خراپترین شێوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە.

نایب عەسکەری، خەڵکی شاری ورمێ، ڕۆژی ٤ی خاکەلێوی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی لەلایەن هێزەکانی حیفازەت ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی ئەو شارەوە دەستبەسەر کرا. نایب پاش ٣ مانگ بەندکرانی لە گرتنگەی حیفازەت ئیتلاعاتی شاری ورمێ بۆ زیندانی ناوەندی ئەو شارە ڕاگوێزرا. نایب کە پێش دەسبەسەرکرانی لە ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوییەوە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ ببوو، بەبێ ئامادەبوونی لە دادگادا لەلایەن دادگای شۆڕشی شاری ورمێوە تۆمەتی "موحاربە" لە ڕێگای ئەندامەتی لە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)ی درابووە پاڵ و لەو سۆنگەیەوە سزای ئێعدامی بەسەردا سەپابوو.

نایب کە ماوەی چەند ساڵێک بوو لە پژاک دابڕابوو، دوای وەرگرتنی ئەماننامە لە سپای پاسداران ڕۆژی پێش نەورۆزی ١٤٠٠ گەڕایەوە نێوخۆی وڵات و ڕۆژی چواری خاکەلێوەی خۆی بە ئیتلاعاتی سپای ورمێ ناساند؛ بەڵام دەسبەجێ دەسبەسەر کرا. نایب لە ماوەی ساڵ و نیوی ڕابردوودا بەردەوام لەژێر گوشار و ئەشکەنجەی ناوەندە ئەمنییەتییەکاندا بووە و سەرەڕای تێپەڕینی ئەو ماوەیە هێشتا چارەنووسی ناڕوونە.

نایب گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٠ لەگەڵ دوو زیندانیی سیاسیی دیکە بە ناوەکانی کەیهان موکەرەم و نایب حاجیزادە پاش تێکهەڵچوون لەگەڵ چەند بەندکراوی تاوانە ئاسایی و کۆمەڵایەتییەکان بە تۆمەتی "شێواندنی ئارامیی زیندان" لەلایەن سەرۆکی زیندانی ناوەندی شاری ورمێوە سزای ٥٠ قامچی و ٣ مانگ زێدەزیندان مەحکووم کران.

نایب لە ڕێکەوتی ١٩ی ڕەزبەری ئەمساڵدا بۆ جارێکی دیکە لە زیندانی ناوەندی شاری ورمێوە بۆ گرتنگەکانی حیفازەت ئیتلاعاتی ئەو شارە ڕاگوێزرا. ئەویش لە کاتێدا کە بەپێی تێبینیی پزیشکەکانی زیندان نایب تووشی نەخۆشیی قورسی بەردی گورچیلە هاتبوو، و دەبوا لە زووترین کاتدا نەشتەرگەری بۆ بکرێ.

نایب پێشتر لە ڕۆژی ٤ گەلاوێژدا بە نیشانەی نارەزایەتیدەربڕین لە ڕێگریی بەرپرسانی زیندان لە ناردنی بۆ نەخۆشخانە بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشییەکەی بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ مانی لە خواردن گرتبوو. ئەو بۆ جاری دوویەم لەگەڵ ٤٦ زیندانی سیاسی دیکە بە نیشانەی نارەزایەتیدەربڕین بۆ بەندی سەروو ئەمنییەتی و گرتنگەکانی حیفازەت ئیتلاعاتی ئەو شارە مانیان لە خواردن گرتبوو کە پاش ئەوەی بەرپرسانی زیندان بەڵێنیان پێ دەدن نەیانگوازنەوە بۆ بەندی نوێ، لە ڕێکەوتی ٣ی بەرفرانباردا کۆتاییان بە مانگرتنەکەیان هێنابوو، کەچی ڕۆژی دووشەممە ٢٠ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی دوای هێرشی هێزەکانی گاردی تایبەتی زیندانی ناوەندی ورمی، بۆ بەندی ١٠ی زیندانی سیاسی ورمێ، زیندانیانی سیاسیی ئەو بەندە بۆ بەندی سەرووی ئەمنیتی و گرتنگەکانی حیفازەتی ئیتلاعاتی ئەو شارە ڕاگوێزران. پاش ئەوەش نایب عەسکەری بۆ گوشاری زیاتر بۆ گرتنگەی ئەمنییەتیی حیفازەت ئیتلاعات بەڕێ کرا.

پێرانەگەیشتنی پزیشکی و ڕێگریی بەرپرسانی زیندانی ورمێ پشتگوێخستنی نەخۆشیی گورچیلەی نایب بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆژی پێنجشەممە ١٩ی ڕەشەممە تووشی بێهۆشی و تەشەنج بێ. نایب ڕۆژی ٩ی خاکەلێوەی ئەمساڵ پاش دەمەقاڵە لەگەڵ بەرپرسانی زیندان، بە مەبەستی سزادانی بەڕێی بەندی قەرەنتینەی زیندان کرا و بەو هۆیە لەگەڵ زیندانییەکی سیاسی دیکە (شاکربێهرووزی) مانیان لە خواردن گرت و دواتر لەسەر بڕیاری بەرپرسانی زیندانی ناوەندی ورمێ، هەردووکیان بۆ سلوولی ئینفرادی ڕاگوێزران. مانگرتنی شاکر و نایب بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ بەردەوام بوو.

نایب عەسکەری کە ماوەی ساڵ و نیوێکە لە زیندانی ناوەندی و گرتنگەکانی حیفازەت ئیتلاعاتی ورمێدا دەسبەسەرە، هەتا ئێستا لە مافی چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵە و مەرەخسی بێبەش بووە.

نایب عەسکەری باوکی دوو منداڵی تەمەن ١٠ ساڵ و ٧ ساڵە و پاش گەڕانەوەیان بۆ ئێران بۆ ناونووسی و خوێندن کێشەیەکی زۆریان بۆ دروست کراوە. هەروەها لە حاڵێکدا پێشتر بە شێوەی غیابی سزای ئێعدامی بەسەردا سەپابوو، ئێستا پاش ساڵ و نیوێک گەڕانەوە و بەندکرانی هێشتا چارەنووسی ناڕوونە و حوکمەکەی یەکلا نەکراوەتەوە.

**ئا: دیاکۆ دانا**




# نەوەی Z و شۆڕش



ئەلبورز ڕۆئین‌تەن

لاو بوون و شۆڕشگێڕبوون و ویستی ڕادیکاڵ لە دەق و ئەدەبییاتی شۆڕشدا باسی لە سەرکراوە و لە هەموو شۆڕشەکانیشدا ئەو نەوەیە ڕۆڵی تایبەت دەگێڕن، ئەو بابەتە لە شۆڕشی ئێستاشدا بەڕوونی دەبیندرێ کە چۆن لاوەکان بەشێکی گرینگی خەباتی نەتەوەکەمانن بۆ بەرەو پێشبردنی سەرهەڵدان، تەنانەت بەشی هەرە زۆری قوربانییانی ئەو شۆڕشەش لاوەکانن.

بەڵام گرینگتر لە بەشداریی لاوەکان بەشداریی مێردمندالانە، کە بە یەکێک لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی سەرهەڵدانی ئەمجارە هەژمار دەکرێ. بەشداریی قوتابیانی قوتابخانەکانی ناوەندی و دواناوەندی کە توانیویانە لە چەند ئاستدا پشتیوانێکی بەهێز بن بۆ ئەو سەرهەڵدانە، ئەوان بە دڕاندنی وێنەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و بەشداری لە مانگرتن و تەنانەت بەردەوامی‌پێدانی خۆپێشاندانەکان خۆیان نیشان دا و کاریگەرییەکی زۆریان بە سەر ڕەوتی شۆڕشی ئەمجارەدا هەبووە.

ئەو توێژە کە لە زمانی فارسیدا زیاتر بە "دەیە هەشتاییەکان" دەناسرێن وێڕای ئەوەی کە بوونەتە جێگای سەرسووڕمانی زۆربەی خەڵک و توێژەران لە کۆمەڵگەی ئێراندا، بەدەر لەو چاوەڕوانییەی کە لەوان دەکرا، بە بەشداریی چالاکانەیان لە شۆڕشدا، وێڕای زیندووکردنەوەی هیوا زۆر پەیامی ڕوونیشی بە ڕێژیم و خەڵک دا، بەڵام بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو بابەتە پێویستە خوێندنەوەیەکی نوێمان هەبێ بۆ ئەو توێژە، ئەو خوێندنەوەش تەنیا تایبەت نییە بە نەوەی مێردمنداڵ و لاوی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران بەڵکوو پەیوەندی بە هەموو دونیا هەیە، چونکە ئەو نەوەیە لە لێکۆڵینەوە زانستی و کۆمەڵناسییەکاندا بە نەوەی Z دەناسرێت و زۆر جیاواز دەردەکەوێت.

### نەوەی Z بە کێ دەگووترێ؟

بە گوێرەی ئەو دابەشکارییەی کە بەگوێرەی سەردەمی لەدایکبوونی نەوەکان دەکرێت بەوانەی کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩٦ تا ٢٠١٠ لەدایک بوون، نەوەی Z دەگوترێ. بەوانەی پێش ئەو ماوەیەش لەدایک بوون ئەلفا و ئەوانەی پێشتر بە نەوەی X ناو دەبرێن. ئەو نەوەیە بە تایبەتی ئەوانەی دوای هەزارەی نوێ لەدایک بوون و ڕووداوەکانی یازدەی سپتامبێریان لەبیر نییە و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دونیای ئینتێرنێت و تەکنۆلۆژیا و شۆڕشی گواستنەوەی زانیاری گەورە بوون، بەهۆی هەبوونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ کە لەگەڵ تەکنۆلۆژی و بەرهەمەکانی و هەروەها دەست ویڕاگەیشتنییان بە ئینتێرنێت هەیە، پەروەردەیەکی جیاواز لە نەوەکانی پێشتریان هەیە کە تەنیا لە ڕێگەی بنەماڵە و دەوروبەریانەوە پێ گەیشتبوون. ئەو نەوەیە دەبنە خاوەنی هەندێک تایبەتمەندیی جیاواز کە لە زۆر ڕووەوە وێڕای ئەوەی سەرنجڕاکێشن، بووەتە هۆی دروستبوونی گۆڕانکاریی جیدی بە بەراورد لەگەڵ نەوەکانی پێشووی خۆیان.

لە یەکەم چاوخشاندندا ئەو نەوەیە کە زۆربەی کاتی خۆی لە سەر ئامێرەکانی دونیای دیجیتاڵ و تۆڕەکانی سۆسیال میدیا بە سەر دەبرد، زۆر هیوابەخش نەبوون بۆ دەوروبەر، بەڵام بە لێکۆڵینەوە جیاوازەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکان دەرکەوت کە ئەو نەوەیە بە پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییە گەلێک تایبەتمەندیی سەرنجڕاکێش و گرینگیان هەیە کە بۆ کۆمەڵناسان و بە تایبەتیش بۆ سیاسەتوانان گرینگییەکی زۆری هەبوو؛ چونکە هەڵسوکەوت و شێوازی بڕیاردانیان جیاواز بوون.

یەکێک لە گرینگترین بنەماکانی جیاوازیی ئەو نەوەیە گرینگیدان بە چەمکی ئازادییە کە ڕێگا نادات ئەو ئازادییەی هەیەتی کورت بکرێتەوە و تەنانەت لە بەرانبەر ئەو کورتکردنەوەیە ڕادەوستێت. بە پێچەوانەی نەوەکانی پێشووی خۆیان کە زیاتر هەڵگری کولتووریکی لۆکاڵین، ئەو جیلە زیاتر هەڵگری کولتووری جیهانین و دەتوانن ببن بە بەشێک لە کولتووری وڵاتێکی زۆر دوورتر لەو شوێنەی کە لێی دەژین، ئەوەش بە جورێک چوارچێوەی بیرکردنەوەی ئەوانی بەرفراوان کردووە. بەمجۆرە ئەوان زۆر جیاوازتر لە نەوەکانی پێشوو بیر دەکەنەوە و بڕیار دەدەن، یا ڕووداوەکان جیاوازتر و لە هەندێک ڕووە قووڵتر دەبینن و بە دوای ڕاستییەکانن و زیاتر لەگەڵ شیکردنەوەی زانیاری بۆ گرتنەبەری بڕیاری پێویستین.

یەکێکی دیکە لە لایەنەکانی دیکەی ئەو نەوەیە گرینگیدانە بە خۆنیشاندان و سەلماندنی خۆیان. ئەو باوەڕبەخۆبوونەیان کە لە دونیای ئینتێرنێت بۆ ماوەتەوە، وێڕای هەبوونی هەندێ بواری نەرێنی بەڵام لایەنی ئەرێنیشی تێدایە کە خۆی لە بەرانبەر نەوەکانی دیکەدا بە کەم نابینێ، ئەوەش وا دەکات لەسەر شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی خۆی مکوڕ بێت. ئەو نەوەیە کە لە وڵاتانی جیاواز بەردەوام ڕوو لە زیاد بووندان، بەهۆی ئەو جیاواز بڕیاردانەیان کاریگەریی جیاوازیان لەسەر کۆمەڵگەکانیان داناوە، چونکە سیاسەتوانان ڕووبەڕووی توێژێکی زۆر لە حەشیمەتی وڵاتەکەیان دەبنەوە کە خاوەن نۆرم و بیرکردنەوەی تایبەتیی خۆیانن و جیاواز لە دایک و باوکانیان یا نەوەی پێش خۆیان بیر دەکەنەوە. هەر بۆیەش ئەگەر ڕەچاوی ویست و بیرکردنەوەی ئەو توێژە نەکەن و هەر بە شێوەی کلاسیکی بیر بکەنەوە توشی شکست دەبن، چونکە ئەو هێزە و دینامیزمەی کۆمەڵگە ناکرێت نەبینرێت.

نەوەی Z لە کۆمەڵگەی ئێراندا کە ئێستا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە شۆڕشی نوێدا دەبێ بخرێتە بەرچاوی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی جیدی، چونکە بەرەوپێشبردنی هەر بابەتی پەیوەندی بە کۆمەڵگە و بەتایبەت بە سیاسەت بەبێ ناسینی ئەو نەوەیە و تایبەتمەندییەکانی زۆر ئەستەم دەبێت. بە تایبەتی ئەو خوێندنەوەیە بۆ شۆڕشگێڕان کە دەیانەوێ بە جەماوەریکردنی خەبات، شۆڕش بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ بەرەوپێش ببەن، پێداویستیەکی گرینگە. چونکە ئەو توێژەی وێڕای هەبوونی وزەی زۆر بەڵام بە بیرکردنەوەی جیاوازیان دەبێ بە شێوازی نوێ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت. هەر بۆ نموونە، بۆ ئەو توێژە ئیتر زیاتر لە پەیامی سیاسیی پوخت و درێژ، ویدیویەکی یوتوبەرێکی لاو کە بابەتەکە ڕاستەوخۆ و بە زمانی ئینتێرنێتی باس دەکات سەرنجڕاکێش و کاریگەرترە.

لە لایەکی دیکە دەبینین ئەو توێژە بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی دەوربەر و دایک و باوکان کە ئەوانیان بەرانبەر بە دۆخی دەوروبەر بێ هەست دەزانی و پێیان وابوو کە ئەوان لە کۆمەڵگە دابڕاون، بە شێوازی نوێ دێنە مەیدان و تەنانەت زۆر کاریگەر بە شێوازی خۆیان و بە ئەرێنی کاریگەرییان بە سەر ڕووداوەکان هەیە، بە جورێک دەبنە هیوای سەرکەوتنی شۆڕش و تەنانەت پشتیوانییەکی بەهێز بۆ داوا پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگە، داوای وەک ئازادی و یەکسانی.

خوێندنەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە وەک ئەوەی هەیە بنەماییترین پێداویستیەکانی داڕشتنی بەرنامە و پلانە بۆ ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو بەرنامە و پلانە، ڕزگاری و سەربەستی نەتەوەیەک و نیشتمانێک بێت و پێداویستیشی بە وزەی نوێ و لاوان هەبێت و لەلایەن شۆڕشیگێڕانەوە ئاراستە بکرێت، لەوەها دۆخێک ناسینی ئەو نەوە نوێ و جیاواز و کاریگەرە یەکێک لە پێداویستییەکانی بەتایبەتی سیاسەتوانان و شۆڕشیگێڕانە و نەبوونی ئەو پێداویستییەش نامۆبوون لە کۆمەڵگەی بەدوا دێت و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی پەراوێز کەوتن.

# "ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز"



سۆران عەلیپوور



لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٨ی زایینی مامۆستایەکی ئایینی لە ناوچەکانی دەوروبەری سەردەشت ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی بەرەنگاریخوازانە دەکا دژ بە سیاسەتی شۆڤێنیستی یەکدەستکردن و یەکڕەنگکردنی ڕەزاشای پەهلەوی. ئەو زانا ئایینییە مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕی بووە و هۆکاری سەرەکیی ئەو ڕاپەڕینەش بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان قەدەغەکردنی جلوبەرگی کوردی و سەپاندن و یەکدەستکردنی جلوبەرگێک بوو بۆ ئەوەی ڕەزاشا پێی‌وابێ کە بە سەپاندنی شێوازێکی دیاریکراوی جلوبەرگ نەتەوەیەکی یەکدەست و بەهێزی دروست کردبێ. لەوانەیە پێویست بە پرسیار نەکا کە ئەو سیاسەتە چەندە سەرکەوتوو بوو، خەڵکی ئێران هەم سیاسەتەکانی و هەم خودی پاشایەتیی ئەویشیان کرد بە بەشێک لە مێژوو. پارێزگاری‌کردن لە جلوبەرگی کوردی وەک بەشێک لە کولتوور و ناسنامە و نەکەوتنە ژێرباری سیاسەتی تواندنەوە و یەکخستنی ڕەزاشا، بەشێک بوو لە بزووتنەوەیەکی گەورەتر کە لە قۆناغ و ناوچەی جۆراوجۆری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەریان هەڵدەدا.

ئەو کورتە پێشەکییە بۆ ئەوەیە کە وێکچوونی نێوەرۆکی تۆتالیتاری دەوڵەت- نەتەوەی ڕەزاشا لەگەڵ نێوەرۆکی ئیدۆلۆژیکی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامیدا لێک گرێ بدەینەوە. لە هەردووکیاندا یەکڕەنگکردن و یەکدەستکردن لە جلوبەرگ و کولتوور و زمانەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە سیاسەت و حوکمڕانی کردن. نەهادەکانی دەوڵەت چ ئیداری بن یا خزمەتگوزاری دەخرێنە خزمەت سیستمێکی چڕوپڕی چاودێری‌کردن، لە کۆنتێکستێکی ئەوهادا پۆلیسی مۆراڵ "گەشتی ئیرشاد" دەتوانێ ژینا بە تاوانی نەگونجان لە فۆرمی لەپێشدا دەستنیشانکراوی ئەواندا، قۆڵبەست بکا و پاش ئەشکەنجە و ئازاردان گیانیشی لێ بستێنن.

وەک چۆن قەدەغەکردنی جلوبەرگی کوردی تاکە هۆکاری سەرهەڵدانەکەی مەلاخەلیل نەبوو، بەهەمان شێوە کوشتنی ژینا و پرسی حیجابی زۆرەملێ تاکە هۆکاری ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئێران نین، کۆمەڵگەی ئێرانی لەمێژە لە ناخی خۆیدا دەکوڵێ و وەک بۆمبێک ئامادەی تەقینەوەیە. ئەو کەسەی لە سەر کێلی ژینا نووسیویەتی: "ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز" لەوانەیە هیچ کات پێشبینیی ئەوەی نەکردبێ کە ناوی ژینا سنووری سەقز و ڕۆژهەڵات تێپەڕ دەکا و دەبێ بە ناوێک کە لە ئاستی جیهانیدا ببێ بە ڕەمزێک بۆ خەبات و بەرەنگاری و ئازادیخوازی و سەرەتای ڕاپەڕینێکی گشتی دژ بە یەکێک لە دیکتاتۆرە هەر قێزەونەکانی سەردەم، بەڵام ئەگەر بە ڕێکەوتیش ئەو ڕستەیەی نووسیبێ، ڕەوتی ڕووداوەکان ڕاستی ئەو نووسراوەیان سەلماند.

نەوەیەکی لاو و تازەلاوی پڕلە وزە، خوێندەوار و وشیار لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ڕاپەڕینەدان کە سەرەرای ئەوەی بە سیستمی پەروەردەی ئەو ڕێژیمە گەورە کراون، مەودایەکی زۆریان لەگەڵ بەها و پێوەرەکانی کۆماری ئیسلامی گرتووە. ئەو نەوەیە وشیارە بەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە چ قەیرانێکی حاکمییەت‌دایە و چۆن لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا خراوەتە پەراوێزەوە. ئەوان ئاگادارن کە بە تاڵانبردنی سامانی وڵات و خەرجکردنی لە سیاسەتە ئەودیوو سنوورییەکانی ڕێژیمدا چۆن خەڵکی ئێرانی تووشی قەیرانی هەژاری، بێکاری و ئابوورییەکی لاوازی داڕماو کردووە. کچان و ژنانی ئێران کە لە زانکۆکاندا ڕێژەی زۆرینەن، ئاگادارن لەوەی کە چۆن سیاسەتی هەڵاواردنی بنگەیی، ئەوانی لە بازاڕی کار و مەیدانە سیاسی، کولتووری و ئابوورییەکان دوور خستۆتەوە. هەموو ئەو هۆکارانە و هاوکات پێگەیشتوویی شعووری سیاسی لەو نەوەیەدا کە بەئاسانی توانای بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی هەیە ژنان و لاوان و چین و توێژەکانی دیکەی هێناوەتە سەر شەقام.

مانگێک بە سەر دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکاندا تێپەڕیوە. ئەم ڕاپەڕینەی بە فڕێدانی پەچەی بەسەردا سەپێنراو و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کوردستانەوە دەستیان پێ کرد و هەر زوو ویستە ڕادیکاڵ و داخوازییە ڕاستەقینەکانی خەڵک لە دروشمەکانی دیکەدا کە جەوهەر و سیمبولەکانی کۆماری ئیسلامی دەکردە ئامانج، ڕەنگی دایەوە. خەڵک ڕووی دروشمی لە ماهییەت و بوونی ئەو ڕێژیمەیە و هەر سیمبۆلێک نوێنەرایەتیی ئەو حکومەتە بکا دەکرێتە ئامانج، لە پەیکەری خومەینیەوە تا بەسیجی و بەکرێگیراوانی ڕێژیم. ئەگەر درێژەکێشان و چڕوپڕیی خۆپێشاندانەکان و بڵاوبوونەوەیان بە هەموو ئێراندا تایبەتمەندییەکی ئەو ڕاپەرینە بێ، ئەوا لە مەیداندا بوونی ژنان و کچان وەک بزوێنەر و پێشڕەو پێناسەیەکی دیکەی ئەو ڕاپەڕینەیە. جیاواز لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی دوو دەیەی پێشوو، هیچ باڵێکی ڕیفۆرمخواز یا کەسایەتییەکی ڕیفۆرمیست نەیتوانیوە مۆرکی خۆی بەو ڕاپەرینەوە بنێ و پێدەچێ بە یەکجاری سیناریۆی ڕیفۆرم لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا پێگەی خۆی لەدەست دابێ. نەبوونی ڕێبەرێکی دیاریکراو بۆ ئەو بزووتنەوەیە لە لایەکەوە کۆماری ئیسلامیی لە زوو کۆنترۆڵ‌کردن و سسستکردنی دەستەوەستان کردووە، و لە لایەکی دیکەشەوە شێوازێکی دیکەی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان خستۆتە ڕوو کە پێویستی بە هیرارکییەکی ستوونیی نییە کە هێڵ و فەرمانی لێ وەربگرێ، بەڵکوو ویست و دروشمێکی یەکگرتوو لەنێو پێکهاتە جیاوازەکاندا هەیە کە ڕێبەریی ڕاپەرینەکەیان بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەسەر هەمووواندا دابەش کردووە.

یەکگرتوویی و هاودەنگییەک لە دەوری دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دا هەیە کە وایکردووە نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی بێ‌ئەوەی ترسیان لە لەدەستدانی داخوازییە سیاسییەکان یا ئەجێندای سیاسیی خۆیان هەبێ، ئەو دروشمە بە ئی خۆیان بزانن، ئەوە بەو مانایە نییە کە کوردەکان یان پێکهاتەیەکی دیکەی ئەو کۆمەڵگەیە پشت لە داوا ئێتنیکی و ویستە سیاسیەکانی خۆیان بکەن، ئەو قۆناغە پێویستی بە یەکدەنگییەک هەیە، پێویستی بە فۆرمی تازەی سیاسەت کردن و مامەڵەکردن هەیە کە بتوانێ هەم لە ئاستێکی بەرفراوانی گوتاریدا و لەگەڵ هەموو پێکهاتە سیاسی و ئێتنیەکانی دیکە برەوەی پێ بدا، هەم بتوانێ پەرچەمی داخوازییە لۆکاڵییەکانیش شەکاوە ڕاگرێ. بۆ وەبیر هێنانەوەش بێ گرینگە بزانین کە کوردەکان لەمێژە مافەکانی خۆیان و گەیشتن بەو مافانەیان بە هەبوونی دێموکراسی لە ناوەند و هەموو ئێراندا گرێ داوە، بۆیە ناکرێ هەموو بەرپرسایەتیی پاراستنی ئەو گوتارە هاوبەشە بە تەنیا بخرێتە سەر نەتەوەیەک کە لەمێژە نیازپاکیی خۆی لەو بوارەدا سەلماندووە و قوربانیشی بۆ داوە.

بێ‌ئەوەی پێشبینی درێژەدانی ئەو ڕاپەرینە بکەین، دەتوانین بڵێین ئەوەی کە تا ئێستا سەرکەوتوو بووە بەرەی خەڵکە، کۆماری ئیسلامی نە ستراتیژییەکی یەکدەست و کاریگەری هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپێشاندانەکان و نە لە ڕێگەی بەڵێن و وادەکانیشیەوە توانیویەتی ڕەوتی ڕووداوەکان بەلاڕێدا ببا. ئەوە بەرپرسایەتییەکی زیاتر و قورستر دەخاتە سەر بەرەی ئۆرگانیزەکراوی ئۆپۆزیسیۆن و چاوەڕوانییەکان لە نێوخۆ و دەرەوە زیاتر دەکا.

# ژن، ژیان، ئازادی

## (لە هەناوی وێژە و فۆلکلۆری کوردییەوە)



شاڕوخ حەسەنزادە

لە وێـژەی کـوردیـدا، ئەدەبیاتی زارەکـی و فۆلکلۆر لەو چەمکە هەرە پڕبایەخ و گرنگانەن کە بۆشایی نەبوونی ئەدەبیاتی نقیسیارییان پڕ کردۆتەوە و وەک بەڵگە بۆمان ماونەتەوە.

بێفیز، ڕەوان و خۆماڵیبوون، دوورەپەرێزی لە بگرە و بـەردەی یاسا و ڕێسای وێژەیی و زانستی، فولکلۆر؛ وەک هەموو دابونەریت و شێوازی کاروچالاکی و ژیان و ژینی نەتەوەکان پێناسە دەکا.

لە بنەڕەتدا ئەم دەقانەی بە دەم دەگوترێنەوە و دەبنە ئەدەبی زارەکی کە، ئاکامی خوڵقانی کاتییە. لەم بارەیەوە "ئاندرە پۆلیس" دەڵێ: ڕواڵەتی ئەدەبییاتی زارەکی بەرهەمی ساکاری و کاتێکە نەخوازراو لە زمانی چڕین بەو پەڕی خۆی دەگا، لە لایەکی دیکە دەق و نێوەڕۆکی وێژەی کتێبی یان نقیسیاری، بەو ڕێسایانەی هەیەتی ئاکامی خوڵقانی ئاگاهانەیە. "واسیلی نیکیتین" بە دابەشکردنی دیرۆکی هەر گەلێک بە دووبەشی دەرهەست و بەرهەست دەنووسێ: لە پەنا مێژووی زەینی کۆمەڵێک لە ڕاستییەکانیش بوونیان هەیە کە چۆنیەتیی زاتـی و کەسایەتیی ئـەو گەلە لە بـاوەڕە ئایینییەکان و ئەدەبیاتی دردەکەوێ، ئەمە هەر ئەو مێژوو دەرهەستەیە". ماکسیم گورکی لەسەر ئەو باوەڕەیە: بناخە و ڕەگی وێژە و ئەدەب لەسەر فولکلۆر هەڵچنراوە. مرۆڤی کورد بۆ وەدەستهێنانی هزر و ئاواتەکانی، کەموکوڕی، شادی و شاییەکانی و بایەخ و بەها کۆمەڵایەتییەکان پەنای بردۆتە بەر جۆرێک هونەری زارەکی کە کوڵی دڵی خۆی پێ هەڵڕشتووە، زۆر جار ئەو خەیاڵ و چیرۆکانە وەک ئەفسانەیان لێ هاتووە یا کردوویاننە چیرۆکی خەیاڵی و لە چوارچێوەی بەیتدا گوتویانەتەوە.

ئەو کەس یا کەسانەی کە وا پارێزەرانی فولکلوری نەتەوەی خۆیان بەتایبەت لە بواری ئەدەبییاتی زارەکی کە چیرۆک، پەند، بەیت و شێعر، لایەنێک لـەو بەشەیە زۆر لە کۆنەوە (پێش دیـرۆک)فـرە بە لێزانی و شارەزایانە هێزی لەبەرکردنیان هەبووە و بە بەشداریی خولی ڕاهێنانی تایبەت توانیویانە ببنە مامۆستا و سینگیان بۆتە هـەوری و ئەو بەیت و باوانەیان هەڵمژیوە. بۆ وێنە ئەو سـەدان بەیت و لاوک و هـۆرە و چەمەری و حەیرانانەی دوای چەندین سەدە سینگ بە سینگ لە هەناوی ڕاستەقینەی بیروبۆچوون و هـەست و نەستی کۆمەڵگەی کوردییەوە هاتووە نیشاندەری چۆنیەتیی ڕوانینی ئـەوان بۆ ژیان و دیاردەکانی کۆمەڵگە بووە.

ئەگەر بەیت وەک ڕیوایەتێک یان جۆرێ حیکایەت لە زاری خۆشخانی کورد چاو لێ بکەین لەگەڵ گۆشەنیگایەک ڕووبـەڕووین کە بەیتبێژ ڕووداوێکی ناوەوەی زەمان و شوێنی ڕەچاو کردووە ڕاگواستنی ماکە ئەفسانەییەکان لە ئەدەبی زارەکیی بەیتدا، یان بڵێین پەلکێشکردنی پچڕ پچڕی نەریتە فۆلکلۆڕە کوردییەکان بۆ ڕۆخ سەرچاوەیەکی پیرۆز یان مۆرکردنی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵ بەڕەنگی دیاردەیەکی پیرۆز لە بێچمێکی ڕەمزاویی بەدەر هەستی بۆ زەمان ومەکانێکی نەناسراو، جیهانێکی مانا دەئافرێنی کە لەم جیهانە مانابییەدا ڕوخساری ڕاستیی خۆیان دەردەخەن. وەک لە بەیتی مەم و زین، لاس و خەزاڵ، شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، ژنانی قەڵای دمدم و... بەرچاو دەکەوێ.

ئەگە زۆر بەکورتی هەڵوێستەیەک لەسەر بەیتی مێژوویی مەم و زین بکەم و شرۆڤەیەکی کورت لە پێگەی ژن لەم دەقەدا بکەم دەبێ ڕوانینی واقعگەرایی بگرینە بەر. ڕیالیزمی گێڕانەوەیی بەیتی مەم و زین هەر لە سەرەتاوە و چەند بەشێکی لە ڕاوێژ و زمانی بەیت بێژەوە تووشی دەرهەست بوونەوەیەکی نائاسایی دەبێتەوە بە تایبەت لەو جێگەیەدا کە ژنەپەری بە پەیژەی ئاهەنگ ڕیوایەت دەکرێ؛ لێرەدایە کە زەینی مرۆڤی کورد سەر قاڵی خەیاڵێکی گوماناوی و دوو جۆرەکی و دوالیزم دەبێ. واتا زەین لە مرۆڤێکی ئاسایی بۆ هێمایەکی دەرهەستی دەچی کە ئەمەش خۆی لە ژندا دەبینێتەوە کە ئاخۆ ئەمە ژنە یان پەری حاسمانی!:

**"خوشکی گەورە دووبارە گوتی بە خوشکانە :**
**خوشکی ئەزت ببم بە قوربانە!**
**ئەمن جارێکی دەگەڵ پەرییان چومە ڕاوێ چل شەووچل ڕۆژانە ،**
**لە پەرییان هەڵدەبڕام لە منی کردەوە کرێوەوبۆرانە ،**
**ڕێم سەرەودەر نەدەکرد کەوتمە شاری جزیری و بۆتـانە ،**
**لـەسەر کۆشکی یایەزینێ دەبووم میوانە ،**
**دەبووم بە کۆترێکی شین دەکونی پەنجەراندا هەڵدەنیشتم لـەسەر دەلاقانە..."**

سێ نیشانەی گرینگ لەم بەیتەدا دەکەونە بەر تیشکی ئاوەز: یەکەم نیشانەی مرۆڤێکی ئاسایی کە بە وشەی "خوشک" پێناسە دەکرێ. دووهەم نیشانە "پەری"یە کە زەین لە مرۆڤێکی ئاسایی بەرەوژوورتر دەبات، یانی سەرنجی زەین لە زەوییەوە بۆ ئاسمان ڕادەکێشرێ. سێهەم نیشانە کە خێرا گۆڕانی بەسەر دادێ پەرییە دەبێتە کۆتر و ئەم گۆڕانە پڕتاوە کە لە نێوان دوو جیهانی ئاسایی و باڵادەست بۆ دیاردەکان ڕیوایەت دەکرێ شێوە ڕەوتێکی نەحجماو و بازنەیی بۆ زەین دەستەبەر دەکات. هەڵبەت لێرەشدا دەلاقە و پەنجەرە وەک هێمایەک بۆ ماڵ و ژیان پێناسەی بۆ دەکرێ کە لە کۆتاییدا ژن و ژیان پێک دەگەن و ئازادانە دەگەڕێنەوە باوەشی یەکتر.

یایەزین وەکو ژن بە ڕووداوگەلێکی خەیاڵی وێنا دەکرێ دواتر سیمای ژن لە درێژەی بەیتدا بـەرەوڕووی ڕاستی هێورتر دەبێتەوە، هەرچەند لە چەند شوێنێکدا خەیاڵێکی ناسک دێتە بەرچاو بۆ وێنە لەم شوێنە کە یایەزین بە کەزییەکانی مەم لە چاڵ یان زیندان هەڵدەکێشی کە ئەمەش هێمای هاوکاری و پشتیوانیی ژن و ڕزگاریدەریەتی، لە بەرامبەریشدا لە بەیتی لاس و خەزاڵ، لاس بۆ هێنانی گوڵی شۆڕان دەچێتە چل پلەی



عومانێ؛ ئەمە هێمای خۆشەویستی و پێکەوە بوونی فیداکارانەی ژن و پیاو بۆ ژیان لە کولتوور و فۆلکلۆری کوردیدایە کە بەردەوام ژیان و ئازادیی ژن و داخوازییەکانی پاتە دەبنەوە و دانی پێدانراوە.

ژن، لە فولکلۆر و دابونەریتی کوردی و گەلانی دەوروپشتی مێزۆپۆتامیا و زۆر دواتر لە یونانـدا بە درێژای مێژووی هـەزاران ساڵە هەردەم وەک فاکتێک لە مەزنایەتی، ئازادی، سەرچاوەی ژین، دایک، خوشک و هاوژین بووە. گەورەیی ژن هەر لە قسەی ڕۆژانەشدا خۆی دەردەخا کاتێک ڕەگەزی ژن هەمیشە بەر لە مێر ناوی دێت (ژن و پیاو، کچ و کوڕ، بووک و زاوا، دایک و باوک، خوشک و برا) ئەمە بۆ سەردەمی ژنخوایی و دایکسالاری دەگەڕێتەوە کە ئێستاش وەک زۆر دیـاردەی دیکەی تابوو لە ژیانماندا بە پیرۆزی ماوەتەوە (پیرۆزیی ئاگر و دیاردەکانی ئاسمان). هەڵبەت لە قۆناغەکانی مێژوویيدا و لەسەردەمی بەرلە مەدەنییەت و پۆرتۆ سڤیل هەتا کشتوکاڵ و چاخی بەردینی نوێ، تا دەگاتە ژیاری شاردەوڵەتەکان و جۆرێک سیستەمی سیاسی حکوومەتی و ژیانی شارنشینی ژن مـەزن و جێگای ڕێز بووە (تاتوخیپا-دادەخیپای "میتانی" هەتا ماه شەرەف خانی ئەردەڵان-مەستوورە، مینا خانمی قازی، حەپسەخانی نەقیب، عادلەخان، دایکە فەیزوڵڵا بەگییان و...) کە ئەمە ئێستاش لەنێو زۆربەی کورداندا دەبینرێ بەتایبەت ئەو ژنانەی هاوژین یان کوڕ یان لە بنەماڵەیەکی ناسراو بوونە یان خەباتکاری گەلەکەیان بوون، تەنانەت ئاشتی و مەسڵەتیان کردووە و نازناوی وەک شێرەژن، گـەورەژن بۆ ئەو ژنانە دانـراوە کە کۆمەڵگە ڕێزی لێ گرتوون. جا ماڵیش کە هێمای ژیانە هەر بۆ ژن بەکار هاتووە، واتە ئەگەر ماڵێک مەزن بووە و بە گەورەرە ماڵ ناوبانگی دەرکردبێ هی ژنەکە بووە یان لە پەندی کوردیدا دەگوترێ: ژن وەستایە و پیاویش کرێکار، ئەگە ژن بکەن بە کوێخا و سالار مەڕ ئەبڕێتەوە ساڵێ شەش حەوت جار، یان ژن وەک قەڵایە یان وەک کۆڵەکەی ماڵ پێناسە کراوە، بۆ بەرامبەری ژن و پیاویش گوتراوە ژن و پیاو جلوبەرگی یەکترن. هەموو ئەو باسە دەرخەری ئەوەیە کە ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا خاوەن پلە و قۆناغێکی بەرز و ڕێزدارانە بووە هەڵبەت جگە لەو سەردەمانەی ئایدۆلۆژی و ئۆل و ئایین بە خەستی بەسەر کۆمەڵگەی بەتایبەت نەریتیدا باریوە و بۆتە کۆسپ و مەتاڵ و زی لە هەمبەر پێشکەوتن یان وەدەست هێنانەوەی پلەی پێشووی خۆی وەک ژن کە ئەمە حاشا هەڵنەگرە. هەربۆیە زۆرێک لە شاعیران و هۆنەرانی کورد بەشێک لە هۆنراوەکانییان لە وەسفی مەقامی ژن دابووە(هێمن، هەژار، جەلیزادە، بێکەس و...) هێمنی نەمر بۆ وەدەست هێنانەوەی پلە و پۆستی ژن بۆ جێگای ڕاستەقینەی خۆی لە شێعری "یادگاری شیرین" لە سەرەتای دامەرزانی کۆماری کوردستاندا شێعرێک دهۆنێتەوە و لە چەند بەیتدا دەڵێ:

**با هەزار (زێ) و (گادەر) و (لاوێنی) ڕوونیشمان هەبێ**
**تاکو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە**

**کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست!**
**ڕاپەڕە، هەستە لە خەو، ئاخر چ وەختی خەوتنە؟**

ئەمە میناکێکی بۆ دەستپێکی ژن، ژیان و ئازادی.

بە چەشنەک ڕوانینی نەریتی بەڵام ڕێزدارانە بەبێ ژن، ژیان مانای نییە و ژنیش لانیکەم لە چەند چاخ و سەردەمدا نەک هەر ئازاد بووە بەڵکوو بڕیاربەدەست و دەستەڵاتدار بووە.

بەڵام بە ڕووانی درووشمی ئەمڕۆی، ژن، ژیان، ئازادی، ژن وەک هێمای ژیانێک کە ئیتر لێرەدا ژیان لەژێر سێبەری ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی ئێراندا کە بە قەیرانی ئاڵۆزاویی سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی گلاوە و هیچ مانایەکی نەماوە دەبێتە درووشمێکی ساکار لە ئاخاوتن بەڵام پڕنێوەڕۆک لە مانا، واتە گەل هاوار و ڕابوونی ژیانێک دەکات پڕ بە باڵای مەقامی مرۆڤایەتی و شیاوی تاکی کورد و هەموو گەلانی چەوساوەی ئێران، ئازادیش هەمەن ئەو ویست و داخوازییەیە کە سەدان ساڵە کورد لە پێناویدا تێکۆشاوە و باجی قورسی بۆ داوە. ئەگە ئەم هۆتاڤە پێشتریش پاتە ببووبێتەوە و هەر کەس و لایەنێک باسی کردبێ ژیرانە و ئاوارتە بووە و هەنووکە گەلانی چەوساوە ئێران لە کولتوور و کەلەپووری کەونی قۆجی و لە هۆنراوە و ئاخاوتنی زارەکی کورد بە وامی وەرگرتووە وەک زۆر وشە و وێژە و دیاردەیەکی دیکە کە زمانەکان و کولتوورەکان لە یەکتری وەردەگرن و کاری پێ دەکەن بووەتە وێژمانێکی ئازادیخوازانە و تەنانەت لە ڕۆژئاواش دوای بۆچوونەکانی سیمۆن دۆبوار کە هەموو کەڵکەڵەی ئاوەزی ئەوەبوو کە بڵێ "من ژنم" و "مرۆڤ وەک ژن لەدایک نابێ بەڵکوو دەبێتە ژن"، وەک فاکتەری سەرەکیی ئەم سەرهەڵدان و ڕابوونە پێناسەی بۆ دەکرێ.

---

دارسمه
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# لێکدانەوەی گەوجانە

**دارسمە**

لـەم ڕۆژانـەی دوایـیدا لـە سـەروبـەندی کۆتاییهاتنی حکومەتی ئاخونداندا زۆر کەس سەریان لێشێواه. لە وڵاتی ژێر دەستەڵاتی ئاخوندان لە زۆر بوارانـدا بە دەست لێکدانەوی ناهاوسەنگەوە دەناڵێنین.

لەو کاتەوە خوشک و برایانی غەیرە کورد لە ئێران وەک ئەوەی حەوت مێشیان لە خەڵەفێکدا دۆزیبێتەوە، لە ڕێفراندۆمە گەوجانەکەی بەهاری ١٣٥٨ی هەتاویدا دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا، دەستەڵاتی ئـاخـونـدان پـەرەی سـەنـد. وێـڕای پـەرەسـەنـدنـی ئـەم دەسـتـەڵاتـە، ناهاوسەنگییەکی سەیر لە نێوان زۆر شتاندا دەستی پێ کرد. میرزا ڕوحوڵڵای خومەینی وەک سەردەستەی بەڕێوەبەرانی ڕێفراندۆمەکە، لە کاتێکدا لە ڕستەسازیدا زۆر کول و کلۆڵ بوو و باش نەیدەزانی لەنێو ڕاستاندا وشان باوێتە سەر جێگەی خۆیان، قسەی زۆر سەیر و سەمەرەشی دەکردن:

دەیگوت وا دەکـەم پـارەی نەوتی ئێران بە سەر هەموو خەڵکدا دابەش بکرێت و سووتەمەنی و ئاو و کارەبا و تەنانەت هاتوچۆکردن بە پاسیش لەنێو شاراندا دەکەمە بـەلاش. زۆرجاریش فەرمانی نێو ڕستەی داویشتە نێوەڕاستی ڕستە و ڕستەکە دەبـوو بە جنێو و سووکایەتیکردن. سـەرەڕای هەموو ئەمانە جوغرافیای ئێرانیشی باش نەدەزانی. هەمووڵایەک بیستبوویان و خوێندبوویانەوە کوردان لەبەر ئەوەی لە بەحران دوورن و لە وشکانیدا داگیرکەران دەورەیان داون نەبوونە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ. بەڵام میرزا ڕوحوڵڵاخانی خومەینی مـاوەیـەک دوای ئـەوەی پـەیـڕەوانـی خاپێنراوی گوتیان ڕووخسار و ڕیش و دەمولووتە مرچومۆنەکەیان لەنێو مانگدا دیتووە و هەتا دەنگیشیان نووسا هاواریان کرد "امام تو ماه است"، بڕوای پێکردن و خۆی کردە نوێنەری خوا لەسەر زەوی و سواری شەپۆلی گەمژان بوو. میرزا ڕوحووڵڵا کاتێک لەشکری گەلحۆیانی بەدەوری خۆیەوە دیت، هاتە سەر ئەو بڕوایە هێرش بکاتە سەر ئەو کوردانەی نەیتوانیبوو بیانگەوجێنێت و بیانباتە سەر سندووقی ڕێفراندۆمەکەی. فەرمانی جیهادی دا و داوای لە سێ بەشەکەی ئەوکاتی ئەرتەش کرد هێرش بکەنە سەر کوردستان و گوتی لە زەوی و ئاسمان و دەریـاوە لە کوردان بـدەن. خێڵی پەیڕوانیشی ئەوەندە گەوج بوون، هەستیان نەکرد یان دڵیان ئیزنی نەدا بە جەنابی ڕێبەریان پێبکەنن و پێی بڵێن قوربان کوردان دەریایان بەدەورەوە نییە و هێزی دەریاییش بە کێوانەوە هەڵناچێت. ئەویش نەک هەر پارەی نەوتی نەدایە خەڵک و سووتەمەنی و ئاو و کارەبا و پاسی نێو شارانیشی نەکردە بەلاش، بەڵکوو هێزی دەریاییشی هان دا کەشتی و پاپۆڕە جەنگییەکانیان بە وشکانیدا باژۆن، بەڵام نەکرا.

لە هەمووی سەیرتر هەناردە یان سادرکردنی ئینقلاب بوو. جەنابی ڕێبەر وایزانی ئینقلاب پستەی ڕەفسەنجان و سێوی لوبنانە و بۆ ئەوەی مۆرکە و کرم لێی‌نەدات وا باشە سادر یان هەناردە بکرێت.

خێڵی گەمژانیش بەردەوام پشتگیریی ڕێبەری گەمژەیان دەکرد و خۆیان داویشتە نێو چاڵە قیری عێراقییان و بە سەر مەیدانی میناندا بـەرەو کەربەلا ڕێگەی شەهادەتیان دەگرتە بـەر. هەتا وردە وردە کەمیان کرد و بەشێکی بەرچاویان بە کوشتن چوون و بەشێکیشیان وشیار بوونەوە و قوونیان لەسەر دەرپێی خۆیان دانا.

دوای مەرگی ڕێبەری گەمژە، دەستەڵات کەوتە دەست عەلیە گۆج ناوێک و ئەویان زیاتر فکری دزیکردنی دەکردەوە و ئەوەندی دزی هەتا ئابووریی وڵات بە یەکجاری نێوکی کـەوت. پـارەی ئێران بە چەشنێک لە بەرانبەر دراوە جیهانییەکاندا بێبایەخ بوو، حەوت تومەنی سەردەمی پێش دەسەڵاتی ئاخوندان لەبەرانبەر دراوی جیهانیدا ٨ هەزار و ٧٠٠ ئەوندەی خۆی هەڵمسا. ئێستا ئەگەر کەسێک لە ئێران بچێتە بازاڕ، لە جیات هەر حەوت تومەنێکی پێش دەستەڵاتی ئاخوندان، پێویستە ٣٢ هەزار ٨٠٠ تومەنی پێبێت. یانی لە جیات ٧٠ تومەنی ئەو کات، ٣ میلیۆن و ٨٠٠ هزار تومەن پێویستە و ئەوکات ئەوەندە پارەیەی ئێستا بۆ نموونە ٤١٠ ماشێنی جیبی پێ دەکڕدرا.

ئەم نووسینە سەرلێشێواوە خوێنەری بە سەبر و چیکڵدانەی دەوێت. خوێنەرێکی وای دەوێت نەڵێت بەم حیساب و لێکدانەوانە سەرم لێ دەشێوێت. کاتێک جەنابی عەلیە گۆج و "حەمەی باقری"ی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ئێران سەریان لێ شێوابێت، وەبزانە بیلامانێ، پەرژینێکی بەگوڵ بێت لە ڕووی ئێوە، هەموو شتێک لە گرێژەنە چووە. کاتێک خەڵک دەڵێن "توپ، تانک، نەفەربەر..." و عەلی چۆلاخ دەڵێت پەکوو سروودی "سەلام فەرماندە"م پێخۆشە؟ یان کاتێک حەمەی باقری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکارەکانی کۆماری ئیسلامی ناوی خۆی دەخاتە پاڵ نەیارانی و بە تێرۆریست ناویان دەبات، چۆن حیسابی لێ تێکناچێت؟ باقری دوای هێرشی مووشەکی بۆ سەر شۆڕشگێڕان، بە میدیاکانی خۆیانی گوت: ٣ هەزار دژە شۆڕش لە باشووری کوردستانن و ١٢٠٠ بنکەیان هەیە. ئەوەندی بیری لێ دەکەینەوە، حیسابی جەنابی فەرماندە لە حیسابی دۆلار و تومەنەکەش تێکەڵترە. ئەو ناچارمان دەکات ٣٠٠٠ دژبەری ئاغای باقری بە سەر ١٢٠٠ بنکەدا دابەش بکەین و هەر بنکەیەک دوو کەس و نیوی بەردەکەوێت. ڕەنگە نەزانن ڕازی ئەم لێدوانەی جەنابی فەرماندە لە چی دایە، بەڵام ئەو خەریکە لەم دابەشکردنەدا بەشێکی بەرچاوی نەیارانی بە کوشتن بدات. بۆ ئەوەی نیو نەفەرەکان بەسەر ئەم هەزار و ٢٠٠ بنکەیەدا دابەش بکەین و هەر بنکەیەک دوو کەس و نیوی بەربکەوێت، پێویستە٦٠٠ نەفەران دوولەت بکەن و بیانکەین بە ١٢٠٠نیو نەفەر و حیسابەکە ڕاست دەربچێت.

جەنابی فەرماندە سەری دا لە بەرد، خۆ ئێمە قەسابخانەمان دانەناوە.

KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO:833 22 October 2022

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# بەرگرتن بە دەستدرێژییەکانی ڕێژیم سەرەکیترین داوای خەڵکی ئێرانە

خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەیەکی ئەنیستیتۆی کورد لە واشنتۆن کە بە بەشداریی نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، لێکۆڵەران، دیپلۆماتکاران، نوێنەرانی ئامریکا لە هەندێک لە ئۆرگان و بەشە جیاجیاکان بەڕێوە چوو، ڕەخنەی لە سیاسەتی ڕۆژاوا لەهەمبەر گۆڕانکارییەکانی ئێران گرت.

خالید عەزیزی باسی لەوە کرد کە دەکرێت بەربەست بۆ دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمە دروست بکرێ و لەو پەیوەندییەدا ئاماژەی بەوە کرد کە پێویست ناکات ئامریکا مووشەک و تانک و تۆپ بنێرێتە سنوورەکان بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران و، هەروەها پێویست نییە وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکا باس لەوە بکەن کە خەڵک داخوازیی ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە نەمێنێت یان ئاڵوگۆڕێک بێتە ئاراوە؛ بەڵکوو خەڵک خۆیان داوا گوتوویانە کە چ ڕێژیمێکیان دەوێ.

خالید عەزیزی بە تیشک خستە سەر ئەوە کە هەمو هەوڵی ڕێژیم ئەوەیە کە شەڕ لە نێوخۆ بەرێتە دەرەوەی سنوور و هەرێمی کوردستان نائەمن بکات، پێی لەسەر ئەوە داگرت مادام کە عێراق لەژێر هەیمەنە و کۆنترۆڵی ئامریکادایە و ئاسمانی عراق ئامریکا دەیپارێزێت ئەو بەرپرسیاریەتی لە ڕووی دیپلۆماسی و ئەخلاقی لە ئەستۆیە کە بەربەستێک بۆ ئەو هێرش و پەلامارانەی ڕێژیمی ئێران دابنێت. وەک چۆن چەند ساڵ لەمەوبەر «نیکی هیلی»، نوێنەری ئامریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێداگرییەوە باسی لەوە کردبوو کە ئەو هێرشانە بۆ سەر بنکەی ئیداریی حیزبی دێموکراتی کودستانی ئێران پێشێلکارییەکی زەقی یاسا نێودوڵەتییەکانە و ئەم کەیسانە پێویستە بەداوداچوونیان بۆ بکرێت و گرینگییان پێ بدرێت

سێهەم بابەت کە وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ڕۆژاوا دەبێت پاڵپشتی لە خەڵکی خۆپیشاندەر بکات و لە ڕەوتی دروستبوونی ئاڵترناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامیدا لە بەرەی خەڵکدا بێت.

# خالید عەزیزی: لە ڕەوتی ڕاپەڕینەکاندا با هەوێنی تەبایی و یەکگرتوویی بین



کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئەمریکا دوانیوەڕۆی یەکشەممە، ٢٤ی ڕەزبەر (١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢) سیمینارێکی سیاسیی بۆ خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات پێک هێنا.

لە برگەی سەرەکیی سمینارەکەدا خالید عەزیزی لەمەڕ دوایین ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان، ئێران و ناوچەکە قسەی کرد و لە نێوەرۆکی قسەکانیدا پەڕژایە سەر یەکڕیزیی حیزبی دێموکرات و هەروەها لێکەوتەکانی ئەو هێرش و پەلامارانەی ئێران لەم دواییەدا کردیە سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان و؛ لەم چوارچێوەدا ئاماژەی بە مانگرتن و وەڵامی خێرای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کۆماری ئیسلامی کرد.

وتەبێژی حیزب لە بەشێکی ئاخافتنەکەیدا باسی لە تایبەتمەندییەکانی ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان کرد و لەم بازنەدا یەکڕیزی و هاوپشتیی شارە جیاجیاکانی ئێرانی لە یەکتر بە دەسکەوتێکی گرینگ ناو برد.

خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی تیشکی خستە سەر دۆخی کوردستان و لەم بازنەدا باسی لەوە کرد کە تێکەڵبوونەوەی دێموکرات هیوا و هۆمێدی لای خەڵکی کوردستانی ئێران ساز کردووە و ئەم ڕەوتە لەسەر نارەزایەتییەکانی خەڵک دژی ڕێژیم لە کوردستان بە ڕوونی دیارە و هەر ئەمەش وایکرد کە کۆماری ئیسلامی هەوڵ بدات لە ڕێگای مووشەکباران و فرۆکەی بێفرۆکەوانەوە بۆ سەر حیزبی دێموکرات، کاریگەریی ڕەوتی یەکڕیزی لە کوردستان کەم بکاتەوە.

عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەور و ڕۆڵی ژنانی لە جووڵانەوەی کوردستاندا بەرز نرخاند و لەم پێوەندییەدا هێز و دەوری ژنانی لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا بە بابەتێکی گرینگ لێکدایەوە.

لە تەوەرێکی دیکەی ئەو سمینارەدا عەزیزی تیشکی خستە سەر دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لە ئەمریکا و هەروەها داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بە هەست یەکڕیزی و هاوپستی لەگەڵ ڕەوەندی ئێرانی و گرووپە جیاوازەکان کار بکەن و لە ڕەوتی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان دا هەوڵ بدەن هەوێنی یەکریزی و تەبایی بن.

لە دوابەشی سمینارەکەدا خالید عەزیزی وەڵامی سەرنج و پرسیاری بەشدارانی دایەوە.

# کورسیی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێژیم وەربگرنەوە

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری «تەسنیم»ی سەر بە سوپای پاسداران، نوێنەری هەمیشەیی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پاساوی چالاکییە سەربازییەکانیان لە خاکی عێراق و پێشێلکردنی سەروەریی خاکی کوردستانی عێراق و هێرشبردنە سەر بارەگای حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ڕایگەیاندوە: «حیزبەکانی کوردستانی ئێران تێرۆریستن و لە خاکی کوردستانی عێراقەوە چالاکیی تێرۆریستی دژی کۆماری ئیسلامی ئەنجام دەدەن».

ئێمە سەرەڕای ڕەتکردنەوەی ئەم وتە بێبنەما و پووچانەی نوێنەری ڕێژیمی ئێران، ڕایدەگەیەنین: چ هێرشی موشەکی بۆ سەر بارەگاکانی ئێمە و چ پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەریی عێراق و هەرێمی کوردستان، لە درێژەی سیاسەتی تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. لەئێستادا کە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان و لەسەروویانەوە ژنانی ئێرانی بۆ ئازادیی و هەڵوەشاندنەوەی یاسا دژە ژنەکان و هەڵاواردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەباتێکی مەدەنی و ئاشتیخوازانە بەڕێوە دەبەن، سروشتی دیکتاتۆری و دژەمرۆیی ئەم ڕێژیمە بۆ ڕای گشتیی جیهان زیاتر لە هەموو کاتێک ڕوون بۆتەوە.

ڕێژیمی ئێران کە لەبەرامبەر ئەم ئاخێزە جەماوەرییەدا دۆشداماوە، لە هەوڵی ئەوە دایە بە هەڵگیرساندنی شەڕ لە دەرەوەی سنورەکان، سەرنجەکان لەسەر کوشتار و سەرکوتی وەحشییانەی خەڵک لە شارەکانی ئێران بە لاڕێدا ببات.

بەبارمتەگرتنی خەڵکی بیانی، بڵاوکردنەوەی دانپێدانانە تەلەفزیۆنییەکان لەژێر ئەشکەنجە کە تەنانەت هاووڵاتیانی بیانیشی گرتۆتەوە، هەوڵە نەزۆکە تێرۆریستییەکان لە ئورووپا لەلایەن بەکرێگیراوانی سەر بە باڵوێزخانەکانی ئێران، تێرۆری کەسایەتییە سیاسییەکان بەتایبەتی ڕێبەرانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوە، پشتیوانی لە میلیشیا تێرۆریستەکانی ناوچەکە و دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان، سیاسەتی بەردەوام و نەگۆڕی کۆماری ئیسلامییە.

وردستان کە زیاتر لە چوار دەیەیە قوربانیی سیاسەتی کوشتار و تێرۆرە، ئەمڕۆ هاوشان و هاوڕێ لەگەڵ خەڵکی سەرتاسەری ئێران ئاخێزێکی سیاسییان بۆ گۆڕینی ئەم دەسەڵاتە و دامەزراندنی ئێرانێکی دیمۆکراتیک دەست پێ کردوە. داواکاریی ئێمە لە ئەنجوومەنی ئاسایش و سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە پشتگیری جیدی لە خواستی خەڵکی ئێران و کوردستان و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بکەن و وێڕای مەحکومکردنی ئەم ڕێژیمە تێرۆریستپەروەرە، کورسیی نوێنەرایەتیی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوکان وەربگرنەوە و نوێنەری ئێستای ئێران کە ئەندامی ئۆرگانی تێرۆریستی سوپای پاسدارانە دەر بکەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢١ی ڕەزبەری ١٤٠١**

بەر لە ماڵاوایی

# بۆ ژیان



سەلیم حەقیقی

١.

دیسان سروەیەک، سۆزێک، کۆترێک، ئاسکێک بەپڕتاو خورپەی لە دڵم هێنا. دیسان زریانێک شەماڵی شەوتاند، تاسەیەک جەرگمی هەژاند، هەواڵێک سیس و شەکەت، زەمەنێک بەمەودای تەمەنی مێژوو... دیسان هەرای خەمێکی قورس بە سەر غەریبی و غوربەتم داباری، ئەوەندە شەوم، ئەوەندە شەمم، ئەوەندە تەمم، ئەوەندە خەمم، پرێچکەی هەموو ژنێکی شاربەدەرم، ڕیشی سپی هەموو پیاوێکی دەربەدەرم، کەزی و قژی هەموو ژینایەکی خوێناویم، حەز و خولیای هەموو میلانێکی بێتاوانم. ئەوەندە مێشکم، دڵم، هەناوم، جەرگم بڕاوە؛ خەنجەری دوژمن کول و هەودای هەواری هیوام زوورە! ئەوەندە چەماوم، کوڕووزاوم، قیژاوم، مرکاوم، بێژراوم، گریاوم، تاساوم، نێژراوم، خزاوم، گلاوم، کوتراوم وەک چریکەیەک هاوارم...

دێری سەر بەرد و ڕەوەز و چیا و بستۆکم بە سەر هەواری خاڵی داکەوتووە، شنەی شیلان و مێرگ و چیمەن و سوێسن و هەڵاڵەم لێ بووتە شلێرەیەکی سوور بە ڕێچکەیەک خوێنی مەیو، تەیری ئاسمان و هەڵۆ و تەوار بەسەر گۆڕێکی لاو بە چەشنی خاک ڕەگێکی داکوتراو لەسەر نیشتمان شین دەنوێنێ هەرماوە لەسەر فەرمانی گەل. باوەشم لە بێکەسیی گووشینی خەونێک بووتە خۆرە و مۆتەکە، ماچی پێکەنینی خۆر سارد و سڕ لە پاییزێکی بەهاراوی! سەفەرێک دەکەم بەرەو بزە بەرەو وێنەی ئاوات و هیوام، بەرەو پشتی حەسرەتەکان ئەوبەرتر لە باران و هەنیسکی هەندەران...

دڵم لای وێنایەکە لە بزەی شەهیدێک، بە خەرمانەیەک خۆزگە و حەزی تاڵان، هەموو شەوانە بەکاتی ئازادی بەرانبەر خۆم و مانگ، لەدەمێکی کپ و پڕ لە هەرای «ژن، ژیان، ئازادی» سێرە لە بەختم دەگرم، ئەو بەهارەی بێ تۆ ئاڵام دەشەکێتەوە لەسەر ئاخی نیشتمان...

٢.

هێورهێور بەدەم هاژەی ڕووبار، بە داوێنی کەسک هەڵگەڕا، قەوزەی شین و زەردئاسا داروبەردی ئەم ئاخەی داگرتووە، ڕوخساری دەنگێکی نهێنی بە جامانەیەک لەسەر پێ، هەوری خەیاڵ بۆتە باوەشی هەموو شار...ئەو دەمانەی بەرەو چیا ڕوو بە شەقام ترپەی دڵێکی شۆخ گڕکانێک لە باوەڕ تەنیا بستێک لە مشتێک ڕێبەندانی دەهۆنییەوە، ئێمە بووین و خۆمان. ئێمە و شاخ، سەرینمان چەک و لێفەمان گەڵا، دارەدەستمان گۆچان، ئاوێزەمان ڕەخت و فیشەکدان لە بەرگێکی خۆڵەمێشی، خەونمان ئازادی و مۆتەکەمان دیلی و ژێردەستی، بوغز دەبووە فیشەک ئاڵای چڵکنی چەپەڵی دەئەنگوت، بیرەوەریمان ئەفسانەیەکی خەیاڵی، مێژوومان ئەوەندە دوور دەیشەوتێنن چەواشە دەیگۆڕن چاویان بڕ ناکا هەتەری ئەو هەمووە هێزە، شەوانە بە گڵ تاریکی ئەنگوستەچاو دەبووینە ڕووناکی بەدەم کانی دەبووینە یار... سەنگەر دەبووە لانک و تێیدا ڕادەژاین، دەبووە وانە و ژیان بۆ بەرخودان.

تانج و تەختی بایەقۆش وەرگەڕێ، ئەو دەمەی دەستەڵات بووە ژین و ڕانانی مرۆڤایەتی گاڵتەجاڕ و چڵکی دەستی مرۆڤ خانەدانی دەخوڵقاند! دیوەخان پڕ دەبوو لە دووکەڵی غەرە و گۆڕاوی بەفیزی پیس! بڕیار قامچیی دەوەشاند بەسەر پشتی لاوازی بەڕوو و بەزەیی قاتوقوڕ دەما لە مێشکی بۆگەنیوی زاڵم هەتا چەرخی گەردوون بسوورێ و ئاشی دارا، نەدار بگەوزێنێ لە خوێنی مژتووی ترێ...

لێرە دەگۆڕنانی هەموو ئاواتەکان و ئەو بیرەوەرییانەی دەمکردنە ڕەنگ و نیگاری حەسرەتم پێ دەهۆنییەوە، دەمکردە وشە و مانگە شەوم دەدرەوشاندەوە. نە شەماڵ و نە ئەستێرە و مانگ هیچکامیان نابنە ئەو سروەیەی پەیامی شارەکەم بدا، نە تۆزی بەردەرگا ئاوپرژێن دەکرێ و نە سپیدارەکان دەبیندرێن و هێلانەی مەل، هەناسەم نایێ، دڵم گوشراوە، خەفەتێک بارتەقای ئاویلکەی مەلێکی بێکەس...

لەدوای درووشمێک پڕ لە ژن لێوان لێو لە ژیان و هیوای ئازادی، ورە و وزە شۆڕ دەبێتەوە بەگژ شەقامی شار و هەروا لە بەستێن بەرەو چەقی ماڵە بەردەرگای پیری ڕدێن چەرمووکی سەرشێتی ماخولیای هێز... سێلاو و لافاو گڕ دەگرێ بەباهۆی لاوانی نیشتمان کێژ دەبێتە مشت و کوڕ دەبێتە خشت و بەسەر کەلاکی ئاڵای ڕەشیی گەڕی سێ پێی دادەدا... ئەو سەرچۆپی کێشانەی ژێر خاک لە دەوری یەک گەرەلاوژەی ئازادی دەچڕن بەدەم لاوک و حەیران و چەمەری و هۆرە، ئەوان دەچنە لوتکە، هێمای خۆرێک تانجە و دەستی واڵای ئەوین دەگرنە باوەش، کاتێک سەربەستی چیتر خەون نییە و ماف و ویست و حەز و هیوامان لە ئامێز دەگرین لە وەرزێکی زەردی پڕ تینی شەقام و شارێکی پڕ بە گەرووی هاوار بۆ چیا.

چلەی شەهیدێک لە ئێوارەیەکی پاییزیدا دەبێتە ڕۆژی ئازادی...